

# مستەفا بارزانی

## ئەزموونێکی پڕ بەهای خەبات و تێکۆشان


■

**خوێندنەوەی باری وێستای واقیعبینانە**
**بۆ عێراق و کوردستان سەنگینتر دەکات**


دەیان ساڵی پڕ تەنگژە بەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد تێپەڕی، گەرچی بە جەستە بەرەو دوامەنزڵ ماڵئاوایی لێ کردووین، بەڵام بەهۆی ڕۆڵی دیارو بەرچاوی پڕئەزموون و لێهاتوویی و دووربینی خۆیەوە هەر بە زیندوویێتی ماوەتەوە، چ بۆ کاروانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی، چ بۆ کاروانی ڕزگاریخوازی گەلانی تری ناوچەکەش، کەسایەتییە هەڵکەوتووەکەی بارزانی خاڵی بەهێزی لە خۆیدا کۆکردبووەوە، ئەو خاڵانە تەژین بە بەشدارییەکی ئاوێتەبووی کێشەکانی خەڵك و نیشتمان، ئەو بەشداریکردنانەی بارزانی، پەند و وانەگەلێکی مەزنن کە بۆ خۆیان لە دەروازە بەرینەکانەوە ڕەخساندنی دەرفەتن، هەموو ئەو دەرفەتانەش بەهۆی ئەو دەستکەوتە گرنگانەیە کە سەرکردەیەکی نەتەوەیی وەك ئەو؛ بۆ ئیدارەپێدانی ڕێبازێکی خەبات و رزگاریخوازیی پێشکەشی کردووە.

مۆرکی تەحەددا و مکوڕبوون و ورەبەرزی و بەئاگایی، سیمایەکە زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کاتێك ئەوە لەسەر بارزانییەکان دەخوێنینەوە کە پابەندن بە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەیان، پاش ئەوەی چەندین جار مەنزڵیان کەوتۆتە بەر شاڵاوی کاولکاری و وێرانبوون، بەڵام هەرچی جارێك دوژمن هێرش و پەلاماری بۆ کوردستان هێنابێت، ئەو سەرکردەیە هەمیشە جەختی لەسەر ورەبەرزی و تەحەدداکردن کردۆتەوەو سووریش بووە لەسەر دووپاتکردنەوەی بەردەوامیی لەسەر گرنگیی پابەندبوون بە گیانێکی خۆڕاگری و پڕبەخششەوە.

بەشمەینەتیی بارزانی هەر لە منداڵییەوە، هۆکارێك بووە بۆ فرەئەزموونیی ئەو لە خەباتدا، ئەمەش لێهاتوویی زیاتری پێ بەخشی و بە هۆیەوە توانی ئەرکی بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان لە ئەستۆبگرێت. بەشداریکردنی لە شۆڕشەکانی کورددا و لە هەموو هەرێمەکانی کوردستانی دابەشکراودا، هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ ئەو هەموو ئەزموونەی لەم پێناوەدا بەدەستی هێنابوو، ئەم ئەزموونانە لە شەڕی سیاسی و جەنگیدا هەڵوەستەبوون تا دواتر بوونە پەند و وانەی بە پێز، ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی پێ بەخشی کە لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی گێڕا. ناکرێت لێرەوە ڕۆڵی ئەو سەرکردەیە لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی لەبیر بکەین، بەتایبەتیش کاتێك دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کە لە دوورەوڵاتەوە گەڕایەوە، ئەم گەڕانەوەیەی بە ئاراستەی دانان بە هاوبەشێتی و پتەوکردنی پێوەندیی نێوان کورد وعەرەب شکایەوە، هەر ئەمەش بووە بناغەیەکی پتەوی پێوەندییەکانی نێوان



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە



هەردوو نەتەوە، ئەویش بە راوبۆچوونێکی ساغ و دانایانە و بنیادنەرانەی پۆزەتیڤانەوە بناغەکەی دانا.

لــە کاتێکــدا مێــژووی نیشــتمانیی عێــراق، رۆڵی تێکدەرانەی دەســەڵاتدارانی کودەتاکەی شوباتی **١٩٦٣** و رەوشــی وڵاتی لــە حاڵەتی شــەڕێکی خوێناویدا بە گیانێکی دوژمنکارانەی ســەرکوتکەرانە تۆمار دەکرد، دەبینین کە ئەم کارە تێکدەرانە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی کەشــی ڕق و کینە لە پێوەندییە سروشــتییەکانی نێوان عەرەب و کورددا، بەڵام بەو کردارانەی لە پڕەنسیپەکانی کارپێکردنی ڕێبازی بارزانیی نەمردا هاتەئاراوە، بەوەی داکۆکی دەکردو ڕێگەی لەبەردەم مەرامە نەخۆشــەکان دەگرت، ئەو مەرامانەی دەیانەویست تانە لە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان کوردو عەرەب و خەباتی هاوبەشــیان بدات، لــە کاتێکدا بنیادنانی پێوەنــدی برایانەی نێوان هەردوو گەل لە پڕەنسیپەکەی بارزانیدا لە دژی ستەمی رژێم و دیکتاتۆرەکان دەستی پێکردبوو.

بەرجەستەبوونی بارزانیی نەمر لە مێژووی دۆزی ڕەوای کورددا وەك ســونبولی خەباتێکی مەزن و لەوە زیاتریش ئەوەی کەسایەتیی ئەم زاتەی کرد بە سونبلێکی نەتەوەیی، هۆکارەکــەی نەك بــە تەنیا بۆ شــۆڕش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی دەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ واتاکانی کەرامەت و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان و لە کەســایەتیی تــاك و کۆی کورد بــە هەموو جومگــەو تەوەرەکانیی دەگەڕێتەوە، وێڕای لەئەســتۆگرتنی دەرخستنی ئاسۆ پرشنگدارەکانی خاڵە بەهێزەکانی پێوەندی نێوان گەلانی ناوچەکەش.

بۆیە هاتنەپێشــەوەی یادکردنەوەی ساڵوەگەڕیی کۆچی دوایی ئەو ســەرکردەیە، دووپاتکردنەوەی شانازیکردنی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ سەرکردەیەك و بــۆ ئەو میراتە پــڕ تێکۆشــان و خەباتەی کە بۆی بەجێهێشــتوون، ئەوان مافی خۆیانە هەمیشــە شانازی پێوەبکــەن، چونکە لەدایکبوونێکــی گرنگ و تایبەتە لە نــاو منداڵدانــی ئەزموونگەلی نەتــەوەی کوردیدا سەریهەڵداوە، هەروەها مافی گەلانی دیکەشە کە شانازی بەو دەســتکەوتە مێژووییەوە بکەن کە بارزانی پێشکەشی کــردوون، بەتایبەتی لــە پێوەندییە مرۆییە ســاغڵەم و پێگەیشــتووەکانی نێــوان کوردو گــەلان و نەتەوەکانی دەوروبەریدا.

ئەمڕۆش کە کوردســتان جەنگێکــی ڕەوا دەکات، وەك بەرگریکردن لەو بەها و پڕەنســیپانەی کە بارزانی دژی هێزەکانــی تاریکــی و دواکەوتوویی بــەرزی کردبۆوە، هەرگیز کوردستان شەڕ بە بەهاکانی تۆڵەکردنەوە ناکات، هەروەك چۆن شۆڕشــی چەکداریی کورد لە سەردەمی بارزانیدا هیچ رۆژێك رازی نەبووە کردەوەو کارێك بکرێت ببێتە مایەی تێکــدان و تەقینەوەو تیرۆرکاری، تەنانەت هەندێ سیاســەتمەداری ئەوروپیش لەو کاتەدا شۆڕشی کوردییان بە ســەرۆکایەتیی بارزانی بە شۆڕشی پاك و شۆڕشــی خاوێن وەسف کردووە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەربارەی میلیشــیایەکانی ئــەو بزووتنەوانەی بەرامبەر رژێمە دیکتاتۆرییە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق شەڕیان کردووە، کە ئەوان هەموو شێوازێکی تیرۆر و تەقینەوەیان بەکاردەهێنا، زۆرجار گیانی خەڵکی بێتاوانیان بە ئامانج دەکرد.

ئەوەی ئەمڕۆ کوردستان بەرگری لێ دەکات، هەمووی لە ئەزموونگەلی ڕابەری شۆڕشــی کوردەوە وەرگیراوەو بە ئاڕاســتەی پەیڕەوکردنی ئەوپەڕی ســیمای بەرزی نەرمیی نواندن و لێبووردەیی لەگەڵ کەســانی دیکەدا وەرچەرخاوە، دیارە بە نموونە ئەوەی لەگەڵ جاش وخائینان پەیڕەوکرا، ســەلمێنەری باشــترین نموونەیە لەو رەفتارە بەجێ و مرۆییەی کە گەل دەرفەتی بۆ ئێســتاو ئایندە پێدرا تا بە هەڵســوکەوتێکی مرۆییەوە بڕوانێتە رەهەندە ســتراتیژییەکانی ئەم وانەیە، لەپــاڵ بنیادنانی پردی پێوەندیــی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەشــدا ڕەنگی دایەوە تا لەســەر بنەمای هاوپەیمانی و هاوکاریی نێونەتەوەیی دەرفەتی ژیان بۆ هەمووان بڕەخسێنێت.

با ئێســتاش دەســت بکەین بە دەستنیشــانکردنی ئەو شتانەی لەچوارچێوەی عێراقی تازەو فیدراڵدا ڕووبەڕووی پێوەندییەکانــی کــوردو عەرەب دەبنەوە، با ســەرنجیش بدەین لەوەی کە دەکرێت ســوودیان هەبێت لە چوارچێوە گشتییەکەی ئەو میراتە خەباتگێڕیی و ئەزموون و وانەو پەندانەی بارزانیدا، دیارترین ئەو نیشــانانەش لەم تەوەرو بابەتانەدا بەرجەستە دەبنەوە:

**١- کاراکردنــی ڕێککەوتنــەکان:** ئــەو ڕێککەوتنــە سیاســییانەی واژۆکراون لەنێوان ئەو هێزو بزووتنەوانەی لە بەغداو ئەو ســەرکردایەتییە سیاســییەی لە هەولێر کاروبــار بەڕێوەدەبــەن، نابێت تەنیا لــە چەند دەقێکی نووســراوی ســەرکاغەزدا چڕبکرێنەوە، بەڵکو پێویستە بــە تەواوی جێبەجێ بکرێــن، ئەویش بە ڕێگەی دەزگا دەســتوورییەکان، کە زەمانەتی ئەم کارە دەکەن، هەروەها دانانی نەخشــەڕێگا و دیاریکردنــی مەوداکانی کاتی جێبەجێکــردن بەم ئاڕاســتەیەدا، بەتایبەتی لە دیارترین ســیمادا کە پەیوەستە بە بنیادنانی حکومەتی فیدڕاڵ و میکانیزمی کارکردن بۆ ڕێکخستنی ئاڕاستەکانی.

**٢- شــیاندنی دیموکراســی بە هزرو پیادەکردنەوە، وەك پشتگیریی لە ســتراکتۆری فیدراڵییەت:** بۆ پاراستنی ڕێــڕەوی فیدڕالییــەت زۆر پێویســتە کــە پلانەکانی دیموکراسیزەکردنی وڵات تەواوبکرێن و دەرفەتی گفتوگۆو تێکەڵیی نێوان هێزەکان دەستەبەربکرێت کە گوزارشت لە

پێویستە مەڵبەندەکانی توێژینەوەو ئەکادیمی و زانکۆیی پسپۆڕ ئەرکی بەرزڕاگرتنی ئەم ناوە بەرزو دیارە (ناوی بارزانیی نەمر) لە ئەستۆ بگرن، لەبەر شوێن و پێگەی ئەو زاتە لە کاروانی شۆڕش لە قۆناغەکانی پێشوودا، هەروەها لەبەر گرنگیی لەئەستۆگرتنی ئەزموونەکە پەندو وانەکانی لە بنیادنانی دەوڵەت بۆ قۆناغی ئێستا، لە هەموو بوارەکانی گوتارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازییەکانەوە بەرزو بە هەند ڕابگیرێت

هاتنە پێشەوەی یادکردنەوەی ساڵوەگەڕیی کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیە، دووپاتکردنەوەی شانازیکردنی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ سەرکردەك و بۆ ئەو میراتە پڕ تێکۆشان و خەباتەی کە بۆی بەجێهێشتوو

پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی بکات، بەدوور لە تاکڕەوی یان لە هەندێ دیاردەی تر، لەوانە بڵاوکردنەوەی کەلتووری گومڕایی کە تەنیا حاڵەتی ستەمکردن بەرجەستەدەکات بۆ ئەو لایەنەی کە بانگەشەی ئەوە دەکات نوێنەرایەتیی زۆرینە دەکات، بەڵام بە زۆرینەی تایفەگەری نەك بە بنەما و لۆژیکی دەوڵەتی مەدەنی، لەم چوارچێوەیەدا ڕاسپاردەکانی بارزانیی نەمر دێنینەوە یاد کە لە ڕووی شەراکەتی تەواو و بەکردەوە زەمانەت دووپات دەکاتەوە نەك بە شێوەیەك کە دوودڵی و نیگەرانیی تێدا بێت لە سەرکردایەتییکردنی دەزگاکانی دیموکراسی لە عێراقدا، ئەمەش بە ڕێگەیەك کە پاشەکشە یان ستەمی پێ قبووڵ نییە، نەك وەك ئەوەی بە پاشگەزبوونەوە لە پەیماننامەو ڕێکەوتنەکانی ساڵانی ڕابردوو ڕوویدا.

**٣- داننان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ قووڵکردنەوەی ژێرخانی فیدراڵییەت:** وێنەکێشانی ڕێبازی کوالیتی ناسنامەی عێراقی تازە، لەسەر بنەمای چەسپاو و ستراتیژیی و یەکلاکەرەوە بە مافی چارەی خۆنووسین، ئەمەش لەسەر بنەمای ئارەزوومەندانەو ئازادانەی فیدراڵی، هەروەها بە پێدانی دەسەڵات بە دەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ جەختکردنەوە لە پابەندبوون بە میکانیزمەکانی دیموکراسیی کە بەبێ لەمپەرو کێشە ماف و ئازادییەکان دەستەبەربکەن، بەدەریش بن لە ئەگەری پاشگەزبوونەوە و پاشقولگرتن لە بنەما دەستوورییەکان کە تائێستاش دەکەونە بەر کاریگەریی ململانێکان، خەڵکی هەمیشە ترسیان لەوەیە ببنەوە بە دیلی تاوانەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ئیتنی ترەوە.

**٤- پیادەکردنی گوتاری سیاسی و میدیایی ڕۆشنگەریی کۆتایی بە شۆڤینییەت دێنێت:** ئەرکی کۆتایی هێنان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوەو سەرڕاست لەهەمبەر سیاسەتە شۆڤینییەکان و خۆ بەگەورە زانین و پاشماوەکانیان، هەروەها لە گوتارەکانی گومڕایی تاریکپەرستی لە سیاسەتی دوژمنکارانەو پەلاماردان، چ لە گوتاری حزبی و سیاسی یان لە گوتاری میدیاییدا هەبێت.

**٥- یەکلاکردنەوەی کێشەی سامانە سروشتییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاساکاندا، ئەو یاسایانەی کە ڕێز لە مافی هەمووان دەگرێت:** پرسی نەوت و سامانە سروشتییەکان و چارەسەرکردنی بە یاسای ستراتیژیی و کۆتایی بە ڕاڕایی و بێسەروبەری هێنان کە هەندێ کەسی دەستڕۆیشتوو لەنێو بنیادی بزووتنەوە سیاسییەکانی پرسەکەدا پیادەی دەکەن، ئەوەش لەگەڵ پێویستی قەدەغەکردنی بەستنەوەی مووچەی فەرمانبەرو کارمەندان بەم پرسەوە، لەبەر ئەوەی مووچە بریتییە لە ڕزق ورۆزی خەڵك و پارووی نان کە پێویستە دابین بکرێت.

**٦- پرسی شەڕکردن دژی تیرۆر:** ئەرکی هەماهەنگیکردنە لە بەڕێوەبردنی شەڕ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ژێرخانی عێراقی فیدراڵ و دەرکردنی سەرکەوتووترین بڕیار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگەدا، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بەشێکی زیندوو و سەرەکییە لە سوپای عێراقی فیدراڵدا، هاوکات پڕچەککردنی پێشمەرگەو مەشق پێکردنیان لە پێناو بەجێهێنانی ئەرکە قارەمانییەکانیدا.

**٧- کێشانی پلان و نەخشەی بنیادنانی دەوڵەت و دەستپێکردنی پڕۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان:**
هەنگاوی دیارو بەرچاو بە ڕێگەی بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیریی بریتییە لە ئەرکەکانی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دەستپێکردنی وەبەرهێنان و کاروانی پەرەپێدان و پێشکەوتن لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ هەروەها لە بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و ژینگەییدا، ئەم شتانە بە بڕیاری خۆڕایی و تەکتیکی و ڕاڕایی و بێ سەروبەرەوە دروست نابن، بەڵکو لە ستراتیژییەتی نەخشە بۆدانراوەوەو بە ڕێگایەك کە درك بە وردەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە بکرێت بەرامبەر ئەو ئەرکانە، بەشێوەیەك بەدەم فاکتەرە هاوبەشەکانی فیدراڵییەوە بچێت.

ئەم یادەی کە ئەمڕۆ زیاتر لە سێ دەیەو نیوی بەسەردا تێپەڕدەبێت، هانمان دەدات بۆ بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەکان، نیشانەو بەڵگەی گەورەو گرنگیان لێ بەدی دەکرێت، ڕەنگە ئەوەی بەتایبەتی چاوەڕوانی بووین ئەوە بێت، پێویستە مەڵبەندەکانی توێژینەوەو ئەکادیمی و زانکۆیی پسپۆڕ ئەرکی بەرزڕاگرتنی ئەم ناوە بەرزو دیارە(ناوی بارزانیی نەمر) لە ئەستۆ بگرن، لەبەر شوێن و پێگەی ئەو زاتە لە کاروانی شۆڕش لە قۆناغەکانی پێشووداو هەروەها لەبەر گرنگیی لە ئەستۆگرتنی ئەزموونەکە پەندو وانەکانی لە بنیادنانی دەوڵەت بۆ قۆناغی ئێستا، لە هەموو بوارەکانی گوتارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازییەکانەوە بەرزو بە هەند ڕابگیرێت.

من لەم بڕوایەدام کە ئەم دیدارانەی ساڵانە دەکرێت، بە متمانەوە ببنە کۆڕبەند، بۆ ئەوەی تەوەرە گرنگەکانی هەموو کێشە هەنووکەییەکانی عێراق، هەروەها کێشە کوردستانییەکان و داخوازیی و پێداویستییەکان کە بەهۆیانەوە دەتوانین ئەزموونە مرۆییەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بکەینە بناغەیەك بۆ پشتبەستن بەو دەرهاویشتەو پڕەنسیپانەی بارزانیی سەرکردە هەڵیگرتبوون و، وەك میراتێکی نەمر بەجێی هێشتوون، هاوکات وەك پاڵپشتییەك بۆ کارکردن لە قۆناغی بنیادنانی ئاشتییانەدا چ لە کوردستان و چ لە عێراقی فیدراڵدا بیانخەینە گەڕ.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**بەشمەینەتیی بارزانی هەر لە منداڵییەوە، هۆکارێک بووە بۆ فرەئەزموونیی ئەو لە خەباتدا، ئەمەش لێهاتوویی زیاتری پێ بەخشی و بە هۆیەوە توانی ئەرکی بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان لە ئەستۆ بگرێت**

**کەسایەتییە هەڵکەوتووەکەی بارزانی خاڵی بەهێزی لە خۆیدا کۆکردبووەوە، ئەو خاڵانە تەژین بە بەشدارییەکی ئاوێتەبووی کێشەکانی خەڵک و نیشتمان**


الله
رسول
محمد

کوردستان لەبەردەم شەڕێکی تێکەڵ و هەمەلایەندا

# داعش

## گەمارۆی ئابووری
## شەڕی بە وەکالەت
## شەڕی دیپلۆماتی

**«ناتۆش بەشێکی گرنگی ئەم شەڕە تێکەڵەیە (hybrid warfare) و بێجگە لە لایەنی سەربازی، ڕۆڵی دیکەش لەم شەڕەدا دەگێڕێت، ئەوجا بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامدەرەوەی شەڕی تێکەڵ بین، دەبێت سەرەتا ئیقراری پێ بکەین و پێشبینی چالاکییە تەقلیدی و ناتەقلیدییەکان بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین باشتر پێشبینی بکەین، ئەوا دەبێت بە ئەندازە و ئاستێکی گەورەتر هاوکاریی یەکتر بکەین، ئەو شتانەی چەند دەیەیەک پێشبینیمان دەکرد، ئێستا دەبێت دووبارە دەست بە پرۆسەی فێربوونەوە بکەین. ئێمە لە ناتۆ هەندێ هۆکار و ئامرازمان لەبەردەستە کە دەکرێت هاوکارمان بن، لە هەمووشی گرنگتر بە دواداچوونی هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین وەڵاممان هەبێت. سیناریۆی ئەم شەڕە ڕەنگدانەوەی سیناریۆیەکی ئاڵۆز و پێشکەوتووە، بۆیە دەبێت بە هەمان ئەندازەی پێشکەوتوویی وەڵام بدرێتەوە. ستراتیژیست و پلاندارێژەران لایەنە تەقلیدییەکانیان پێکەوە تێکەڵ کردووە و تاکتیک و شێوازی نوێی کارکردنیان گرتۆتەبەر، وەک بەکارهێنانی ئامرازێک کە نەتواندرێت بەدواداچوونیان بۆ بکرێت (هێرشی ئەلەکترۆنی) و شەڕی زانیاری و لەخشتەبردن و بەکارهێنانی چڕی شەڕی بە وەکالەت و هێزی تایبەت و تەنانەت بەکارهێنانی هێزی تەقلیدی لە شەڕەکەدا. کەواتە ئەوەی دەیبینین، بەکارهێنانی ئامرازی ئاڵۆز و تەم و مژاوین کە قابیلی بەدواداچوون نەبن، وەک هێرشی ئەلەکترۆنی و تێکدانی سیاسی و فشاری ئابووری، ئەمەش لایەنی ناتەقلیدی پێکدەهێنێت، هەروەها بەکارهێنانی چەکی قورس، کە بە ژمارەیەکی زۆر بەکار دەهێندرێن، ئەمەش لایەنی تەقلیدی پێکدەهێنێت».**

**ژەنراڵ فلیپ بریدلۆڤ**
**فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا و ئەورووپا لە ناتۆ**
**کۆنفرانسی میونیخ – ٦ی شوباتی ٢٠١٥**

**تیرۆریستانی داعش راشکاوانە ئامانجی خۆیان بەرامبەر تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندووە، بەڵام حکومەتی بەغدا بەشێوازی دیکە و زۆر ساختەچییانە مەسیجەکانی ئاڕاستەی خەڵکی کوردستان دەکات**

**• شەڕی تێکەڵ وەك ئامرازێك بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە پرۆسەی بڕیار دروستکردندا**

لە شەڕی تێکەڵ (Hybrid warfare)دا شەڕی سەربازی تەنها بەشێکی ئەم شەڕەیە، بۆیە چەند لە رووی سەربازییەوە بەهێز بین، گرنگ ئەوەیە هۆشیار بین بەوەی خاڵە لاوازەکانمان لەلایەن بەرامبەرەوە ئیستغلال نەکرێت، لەلایەکی دیکەوە شەڕی تێکەڵ تەنها بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێزی سەربازی و ئابووری و شەڕی بە وەکالەت و دیپلۆماتی نییە لەلایەن یەك دوژمنەوە، بەڵکو وەك ئەو شەڕە تێکەڵەی ئێستا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەك چەکەکان تێکەڵن، لەلایەکی دیکە دوژمنەکانیش تێکەڵن، لەوانەیە لەم شەڕە تێکەڵەدا کوردستان لەگەڵ چەندین لایەن لەسەر پرسی داعش، لە رووکاردا وەك هاوپەیمان دەربکەوێت، بەڵام لە جیاوازیی بەرژەوەندییەکان و تێڕوانینی جیاواز بۆ داهاتوو، هەندێك لەوانەی ئێستا خۆیان بە هاوپەیمانی کوردستان دەزانن، لەوانەیە سبەی رووبەڕوومان ببنەوە، لە ئێستاشەوە بە چەکی جیاواز رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، لە هەوڵی ئەوەدان رێگەی جیاواز بگرنەبەر بۆ ئەوەی ئاڕاستەی پرۆسەی بڕیاردروستکردن بۆ ئایندەی کوردستان پەکبخەن، یان گومانی بخەنە سەر و خەڵکی کوردستان وەك پێویست پشتگیری بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، یان سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکات.

ئاشکرایە سەرکەوتن بەسەر شەڕی تێکەڵدا نەك تەنها بۆ کوردستان کە ئیمکانیەتێکی دیاریکراوی سەربازی و دیپلۆماتی و ئابووری دیاریکراوی هەیە، بۆ وڵاتانی گەورەی جیهانیش وەك رۆژئاوا و ئەمریکا و تەنانەت هاوپەیمانی ناتۆ کارێکی ئاسان نییە، بۆیە خاڵی گرنك پێش رووبەڕووبوونەوەی شەڕی تێکەڵ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر گوتارێکی هاوبەش رێکبکەون، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع ئەم شەڕە تێکەڵاو هەمەلایەنە بوونی هەیە، دوای ئەمە گرنگە هەموو پێکەوە شەن و کەوی ئامانجی ئەم شەڕە تێکەڵە بەرامبەر کوردستان بکەین، بەڵام ئەو پرسیارەی لەم حاڵەتەدا دەورووژێت ئەوەیە کە: ئایا ئەم شەڕە




تێکەڵە دەیەوێت ئاستەنگ لە بەردەمی کام پرۆسەی بڕیار دروستکردنەدا دروست بکات، کە ئێستا خەڵکی کوردستان پێویستە بڕیاری لەسەر بدات؟ دەبێت ئەم پرسیارە گرنگە وەك ئامێرێکی هۆشیارکردنەوە لەسەر مێزی وتووێژی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بوونی هەبێت و هەموو لایەنە سیاسییەکان بە گرنگیی لە رادەبەدەرەوە سەیری بکەن و هەڵوەستەی لەسەر بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر زۆر باش ئامانجی ئەو شەڕە تێکەڵە دیاری نەکەین و ئیجماعێکی سیاسیی نیشتمانی لەسەر دروست نەکەین، ئەوا سیناریۆی شەڕی تێکەڵ، سیناریۆیەکی ئاڵۆز و تێکچڕاوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەم سیناریۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت شێوازی شەڕەکە بگۆڕێت و بەپێی شێواز و ئاستی شەڕەکە لەگەڵ بارودۆخەکە بیگونجێنێت، یان لەمەش گرنگتر لەم شەڕە تێکەڵەدا ئەگەر ئێمە هۆشیار و یەکگرتوو نەبین، بەرامبەر زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بیانوو و بەهانە بۆ بەکارهێنانی چەکەکانی بدۆزێتەوە، هەر بۆ نموونە: کاتێك شەڕی ئابووریمان لەگەڵ دەکەن و بە ئەنقەست قەیرانی ئابووری لە کوردستان دروست دەکەن، راشکاوانە بیانووی ئەوە دەدۆزنەوە گوایە لە عێراق سیولە نییە، یان پارەی یەدەگ بوونی نییە، یان هەوڵدەدەن خاڵی لاوازمان بۆ دروست بکەن و سوود لەو خاڵە لاوازانە وەربگرن، کە وەك کاردانەوە لەناو خەڵك بەرامبەر حکومەت دروست دەبێت، ئەمەش وەك ئەوەی دەڵێن بۆیە بودجەی کوردستان نانێرین بۆ کوردستان لەبەر ئەوەی کوردستان پابەندی رێژەی هەناردەکردنی نەوتی خۆی نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا بڕی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەی کەرکووك کە کێشەی تەکنیکی هەیە، کۆمپانیای نەوتی باکوور کە کۆمپانیایەکی عێراقییە، ئەو لێی بەرپرسە، نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ حکومەتی عێراق رێککەوتنی کردووە لەسەر یاسای بودجەی ٢٠١٥، رێککەوتنەکە بۆ ماوەی ساڵێکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر ئامادەباشی پیشانداوە لەو ساڵەدا پابەند بێت بەو پابەندبوونەی دەکەوێتە سەرشانی، بەڵکو لەمەش زیاتر پابەندبوونی پیشانداوە هەر ٣ مانگ جارێك ئامادەیە ئەو بڕە نەوتەی پێویستە بینێرێتە دەرەوە، یان هەناردەی

**گرنگە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان، پێش هەموو شت هەوڵی پاراستنی یەکریزیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بدەن، دوای ئەمەش پێویستە زۆر شەفافانە و لە نزیکەوە مامەڵەی دروست لەگەڵ هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی پردێکی پتەوی متمانە لەنێوان خەڵك و حکومەت دروستبکرێتەوە**

بکات و پابەندبوونی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لەم ڕێککەوتنە گۆڕینی ئەو کێشە تەکنیکییانەیە بۆ کێشەی سیاسی، یان جیاکردنەوەی کێشە سیاسی و تەکنیکییەکانە و هەوڵدانە بۆ چارەسەر کردنیان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە راشکاوانە لە وەڵامی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ شاندی هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، لەبەر ئەوەی پێی گوتوون ئەمە بڕیاری هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەیە و ئێوەش دەتوانن وەك لایەنی کوردستانی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە وتووێژ بکەن و چارەسەری بکەن. هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم وەڵامەی حکومەتی ناوەندیی عێراق بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پیشاندانی ئەو سیناریۆ ئاڵۆز و تێکچڕژاوەیە کە لەم شەڕە تێکەڵەدا لەلایەن شیعەوە بەرامبەر کورد پیادە دەکرێت، بۆیە دەبێت وەڵامدانەوەی کوردیش بە ئاستی هەمان سیناریۆ بێت، ئەم وەڵامدانەوەیەش تەنها بەیەك لایەن، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکرێت، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کۆی خەڵکی کوردستان پشتیوانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بتوانن بڕیارێك دروست بکەن و بڕیارێك بدەن، کە وەك پێویست وەڵامی ئەم لایەنەی شەڕەکە بداتەوە.

## ● سیاسەتی ئەمریکا

## سڕکردنی کێشەکان لە بری چارەسەرکردنیان

یەکێك لە دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی تێکەڵ، جۆری ئەو مامەڵەیە کە ئەمریکا لەگەڵ ئەم شەڕە و هەروەها لەگەڵ کێشەکانی ئێستای جیهان دەیکات، سەرۆکی بولگاریا روزین بلفنلفیك لە یەکێك لە پەنێڵەکانی داڤۆس، سەبارەت بە مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا لە کێشەی ئۆکرانیادا باسی ئەوە دەکات کە ئەو جۆرە مامەڵەیە شێوازی شەڕی ساردی پێش نەوەدەکانی گۆڕیوە بۆ ئاشتییەکی سارد لە ئێستادا، واتە کاتێك ناتواندرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت، سڕ دەکرێت و بە چارەسەرنەکراوی دەهێڵدرێنەوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە نەتوانین کێشەی ئۆکرانیا لەگەڵ رووسیا بە شێوازی دیپلۆماتی چارەسەر بکەین. ئەگەر لە روانگەی دەستنیشانکردنە لۆژیکییەکەی سەرۆکی بولگاریاوە سەیری شێوازی مامەڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بکەین لەگەڵ عێراق و لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەشەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەوا هەست دەکەین ئەو سیاسەتەی بەرامبەر ئۆکرانیا پیادەی دەکات، زۆر باشترە لەو سیاسەتەی کە ئەمریکا لە ڕێگەی عێراقەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات! پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمریکا کە بانگەشەی سەرکردایەتی هەموو جیهان دەکات، ئاگاداری ئەو راستییانە نییە کە حکومەتی عێراق بە ئاشکرا هەموو بڕگەکانی دەستووری عێراق پێشێل دەکات و دەیەوێت ئەگەر بۆی بچێتە سەر هێرشی سەربازی بکاتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟ ئایا ئەمریکا ئاگاداری ئەوە نییە کە تەواوی ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی بەغدا لەسەر (بڕیارێکی مەزاجی)ی نوری مالیکی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و ئێستاش حکومەتی بەغدا دەڵێت: پارەمان نییە؟ ئایا ئەمریکا شانازی بەو ڕێککەوتنەوە نەدەکرد کە تیایدا لایەنی کوردی بڕیاری دا بەشداری لە حکومەتی حەیدەر عەبادی بکات؟ ئایا ئەمریکا ئەمەی وەك سەرکەوتنێك بۆ خۆی سەیر نەدەکرد؟ لەمە گرنگتر ئەوەیە ماوەی چەندین مانگە حکومەتەکەی عەبادی دەست بەکارە و یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکراوە، کەچی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەئاشکرا بەو یاسایەوە پابەند نابێت کە پەرلەمانی عێراق پەسەندی کردووە، بێگومان نەك هەر ئیدارەی ئەمریکا لە واشنتۆن، بەڵکو باڵیۆز و بەرپرسانی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، زۆر باش ئاگاداری هەموو ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانەن کە هەردوو حکومەتی مالیکی و عەبادی دژی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن، ئەم حاڵەتی گومان و سەرسامییە لە ساڵی ٢٠١٢، نید پارکەر بەڕێوەبەری نووسینگەی رۆیتەرز لە بەغدا راشکاوانە هەستی پێکرد و ئەمەی لە دیراسەتێکدا بە ناونیشانی: (ئەمریکا دوای خۆی وڵاتێکی فاشیلی بەجێهێشت) لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاوکردۆتەوە. نید پارکەر لە دیراسەتەکەیدا دەڵێت: ئێمەی رۆژنامەنووس ئاگاداری ئەو هەموو پێشێلکارییانە بین، چۆن باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لێی بێئاگایە؟ باڵیۆز و بەرپرسانی ئەمریکا لە گرین زۆن، کاتێك قسەیان لەگەڵ دەکەین، مەرجیان ئەوەیە ناویان نەبەین، یان کاتێك لە نێو خۆیاندا قسە دەکەن، زۆر باشتر لە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن ئاگاداری ئەو پێشێلکارییانەن و وردەکاری زۆر زیاتریان لایە، بەڵام کە لێیان دەپرسین: بۆچی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، یان ئیدارەی ئەمریکا لە واشنتۆن هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر ئەم ڕەفتارانەی حکومەتی عێراق نییە، وەڵامێکیان نییە.

لەلایەکی دیکەوە پرۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز دەپرسێت: ئەمریکا چەندین میکانیزمی گوشار دروستکردنی

**بەرەی سەربازی، لایەنێکی ئەم شەڕە تێکەڵە فرەڕەهەندەیە، هەروەک چۆن ئێستا پەنابردن بۆ گەمارۆی ئابووری لە ڕێگەی بڕینی بودجەوە بەرەیەکی دیکەی ئەم شەڕەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی شێوازێکی دیکەی شەڕ بە وەکالەتە بۆ ئەوەی متمانە و یەکڕیزی لەنێو گەلی کوردستاندا لەبەریەک هەڵوەشێنێت**

**تیرۆریستانی داعش بێجگە لەبەرەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان کە شکستیان هێناوە، لەهەموو بەرەکانی دیکە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە**

**بێجگە لە بەرەی کوردستان کە شەڕی ئازادیخوازانی جیهانە دژی تیرۆریستان، لە باشووری لوبنانەوە تا دەگاتە دیمەشق و بەغدا و ئەنبار و موسڵ و تکریت، بۆتە شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە، سوننە بە ناوی داعشەوە شیعە کۆمەڵکوژ دەکات و شیعە بە ناوی حەشدی شەعبی و دژی تیرۆریستانەوە لەسەر ناسنامە سوننە کۆمەڵکوژ دەکات**

لەبەر دەستە بۆ راســـتکردنەوەی رەفتارەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەڵام بۆ بەکاریان ناهێنێت، وەڵامەکەی دیار نییە. پۆلاك ئەمەی ناوناوە پیادەکردنی سیاسەتی ماکیفیلیانەی ئەمریـــکا بەرامبەر بە عێراق، بۆیە ئەم تایتڵەی ناونیشانی وتارەکەی پۆلاك، دەبێتە کلیلێك بۆ ئەوەی چۆن دەرگای ئامانجە نەبینراوەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق بخوێنینەوە، وەك:

١. ئامانجی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا تەنها ئەوەیە ئەم وڵاتە بە یەکپارچەیـــی بمێنێتەوە و پێکەوە هەموو وڵاتەکە یەك خاوەنی هەبێت، ئەویش ئەمریکا بێت.

٢. لە سیاسەتی ئێستای ئەمریکادا ئەوە گرنگ نییە عێراق چۆن بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە چوارچێوەی ئەو سیاســـەتە ماکیفیلیانەی لە عێراقـــدا پیادەی دەکات، ئەمریکا پشـــتگیری هەموو هەوڵێـــك دەکات کە ئامانجەکەی بۆ بپارێزێت، لەمەش زیاتـــر پاکانە بۆ هەموو میکانیزمێـــك دەدۆزێتەوە کە ئامانجەکەی بە نەگۆڕی بهێڵێتەوە.

٣. ئەمریـــکا زۆر باش دەزانێت، عێراق بەبێ هاوکاری هەرێمی کوردستان نەك هەر بە یەکپارچەیی نامێنێتەوە، بەڵکو لە نێوان عەرەبی شـــیعە و سوننە هەستکردن بە عێراقیبوون دەبێتە شـــەڕێکی درێژخایەنی مەزهەبی، ســـەرئەنجامیش شـــەڕی نێوان شیعە و ســـوننە بەهەر لایەکدا کۆتایی بێت، ســـوننە سەربکەوێت، یان شیعە، عێراق نابێتە موڵك و هاوپەیمانی ئەمریکا، بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردســـتان مەترسی لەسەر نەبێت وەك بەشێك لە عێراق، ئەمریکا حەز دەکات لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، شـــەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە بەردەوام بێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە سەیری دەکات، لە شەڕی ئایینی و مەزهەبگەرایـــی هەرگیز لایەك بە تەواوی بەســـەر لایەکەی دیکەدا ســـەرکەوتوو نابێت، بەڵام لە خاڵێکدا شەڕەکە برست لە هەردوولایان دەبڕێت و ناچار دەبن کۆتایی بە شـــەڕەکە بهێنـــن و بڕیار بدەن پێکەوە ژیان قبووڵ بکەن، ئەگەر ئەم تێڕوانینەی ئەمریکا لە سەر بنەمای شەڕی ئایینی ٣٠ ساڵەی ئەورووپا بونیاد نرابێت، ئەوا شەڕی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە، بە شەڕی نێوان کاســـۆلیك و پرۆتستانت بەراورد ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر شـــیعە لـــە عێراقدا زۆرینە بێت و بە حوکمی زۆرینە بیەوێت سوننە ملکەچ بکات، ئەوا هەموو شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا کەمینەیە و رێژەی زیاتر لە ١٠٪ی موسڵمانان پێکناهێنن، کەواتە شەڕی عەرەب و ئیسلام لەگەڵ جوولەکە لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوو چەند خوێناوی بووە، شـــەڕی نێوان شـــیعە و ســـوننە خوێناویتر دەبێت، ئەگەر شەڕی نێوان عەرەب و ئیســـرائیل دوای نزیکەی ٧٠ ساڵ ئێستا لە ١٩٤٨ گەرمتر بێت، ئەوا شەڕی سوننە و شیعە نەك لە عێراقدا، بەڵکو لە تـــەواوی ناوچەکە لە (گەرووی هورمز)ـەوە تا (کەنداوی عەقبـــە) گەرمتر دەبێت. بۆیە زەحمەتە شـــەڕی مەزهەبگەرایی شیعە و ســـوننە بە ئاسانی کۆتایی بێت، لەبەر ئەوەی ئەو مەدە سەلەفییەی ئێستا لە مالیزیا بوونی هەیە و مەهاتیر محەممەدی سەرۆك وەزیرانی مالیزیا خۆی بە شەخسی لە کۆڕی د. زاکر نایکی ســـەلەفی بۆ ماوەی زیاتر لە ســـێ کاتژمێر و نیو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دابنیشێت، ئەمە مانای ئەوەیە پرسی مەزهەبگەرایی سوننە و شیعە و خەونی دامەزراندنی خەلافەتی ئیســـلامی تەنها لە سووریا و عێراقدا نییە.

٤. ئەم واقیعەی ئێستای جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و کوردســـتان و عێراقیش وەك بەشێك لەو جوگرافیایە، لە واشـــنتۆنەوە بەو جۆرە ســـەیری دەکرێـــت کە ئەو جوگرافیـــا پان و بەرینە هەمووی یەك پارچەیە، دیارە مەبەست لە یەك پارچەیی ئەو جوگرافیایە، پاراستنی سنوورە کۆنەکانی ئەو دەوڵەتانەیە کە لە دوای شەڕی یەکەمـــی جیهان دامەزراون، بەڵام ئـــەو واقیعەی کە ئەمریکا لە واشـــنتۆنەوە سەیری دەکات، لەسەر ئەرزی واقیـــع بارودۆخەکەی گۆڕاوە، ئەمـــری واقیعی تازە دروســـت بووە، بۆیە ئەمریکا بە رێگەی ســـەرکردنی کێشەکان و چارەسەرنەکردنیان هەوڵی ئەوە دەدات، ئەو بڕیارەی کە ئەمری واقیعی ناوچەکە فەرزی کردووە، هەڵیبوەشێنێتەوە.

### ● قەیرانی ئابووری، یان سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان

لە زانستی سەربازی و بەرگریدا بنەمایەك هەیە کە دەڵێت: نابێت قورسترین بارگرانی بخەنە سەر شانی هاوپەیمانە لاوازەکە، ئەمە ئەگەر بۆ ئۆکرانیا راســـت بێت، بەوەی ناتۆ قورسترین بارگرانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی رووسیای خستۆتە سەر شـــانی ئۆکرانیا، ئەمە لە کاتێکدا وەك پۆرشـــینکۆی سەرۆکی ئۆکرانیا بە جیهانی راگەیاند ئەو کاتەی رووسیا هێرشی کردۆتە سەر کریما، ئۆکرانیا تەنها ٧٠٠٠ سەربازی هەبووە، ئەوا بە دیوێکی دیکەدا ئەمە بۆ شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و هەروەهـــا خۆڕاگریی خەڵکی کوردســـتان بەرامبەر ئەو شـــەڕە ئابوورییەی نوری مالیکی دەستی پێکرد و عەبادی درێژەی پێدەدا، راستە، هەر بۆ نموونە: بەپێی راپۆرتی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا هەتا ناوەڕاســـتی مانگی ئابی ٢٠١٤ کە سەرەتای مانگی ئاب داعش هێرشـــی کردە سەر کوردســـتان، ئەمریکا ماوەی زیاتر

**خاڵی بەهێز لەم هاوکێشەیە ئیرادەی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و لۆژیکی سەرۆکەکەیەتی، کە ئێستا بە هەموو جیهانی رابگەیەنین، یان عێراق گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵبگرێت، یان هاوکارمان بن، خۆمان ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان دابمەزرێنین و لەسەر بنەمای ئابووریی کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت**

**کوردستان نە پرۆژەی ئەتۆمی دروستکردووە، نە خاکی هیچ وڵاتێکی داگیرکردووە، هەتا لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی لاواز بێت و نەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێگەیەك نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گەمارۆیە بشکێنێت**

**راستە دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، ئەمریکا هاتە سەرخەت، بەڵام ئەمریکا دەیتوانی پێش ئەوەی داعش هێرش بکاتە سەر کوردستان، هێزی پێشمەرگە پرچەك بکات و نەهێڵێت هێرشەکەی داعش سەرکەوتوو بێت**

**بەپێی راپۆرتی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا هەتا ناوەڕاستی مانگی ئابی ٢٠١٤ کە سەرەتای مانگی ئاب داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەمریکا ماوەی زیاتر لە هەشت مانگ رازی بووە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی عێراق گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر هەرێمی کوردستان**

لە هەشـــت مانگ رازی بووە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتـــی عێراق گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا زۆر باش ئەو راستییە دەزانێت کە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و گەورەترین کۆمپانیای ئەمریکی کە (ئەکسۆن موبیل) ـە لە چوارچێوەی دەســەڵاتە دیاریکراوەکانی هەرێمی کوردستان لەناو دەستووری عێراقدا کۆنتراکتی لەگەڵ کوردســـتان کردووە، بەڵام ئەمریکا ئەمەی قبووڵکرد و نوری مالیکیش دەیزانی ئەمریکا قبووڵی دەکات و هەر ئەو پاشخانەشە ئێستا عەبادی هەمان هەنگاو دووپات دەکاتـــەوە، لە ١٠ی حوزەیرانـــی ٢٠١٤ تا ٨ی ئابی ٢٠١٤ کە دەکاتە دوومانگ، هەروەها تێپەڕینی ٦ رۆژ بەسەر هێرشی تیرۆریســـتانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردســـتان، ئەمریکا تەنها تەماشاچی شەڕی بڕست لێبڕانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، چونکە لە مـــاوەی ئەو دوو مانگە لە شنگال تا جەلەولا پێشمەرگە لە شەڕێکی ماندووکەری بڕست لێبڕان (حرب الاستنزاف)بوو، بەڵام ئەمریکا بە یەك فیشـــەکیش یارمەتی هێزی پێشمەرگەی نەدا، لە کاتێکدا ئەمریکا دەیزانی هێزی پێشـــمەرگە بە چەکی کۆن شەڕی داعشی پێدەکرێت، بۆیە کە داعش دڵنیابوو لەوەی ئەمریکا نایەتە ســـەرخەت و چەکی دەســـتی پێشـــمەرگەش زۆر کۆن و ســـادەیە و ئەویش تەنها لە عێراق بڕی ٢٥ ملیار دۆلار چەکی ئەمریکی بەردەست کەوتووە، بۆیە پێشـــڕەوی کرد، راســـتە دوای هێرشی داعش بۆ ســـەر کوردســـتان، ئەمریکا هاتە سەرخەت، بەڵام ئەمریـــکا دەیتوانی پێش ئـــەوەی داعش هێرش بکاتە سەر کوردستان، هێزی پێشمەرگە پڕچەك بکات و نەهێڵێت هێرشەکەی داعش سەرکەوتوو بێت، بەڵام بـــۆ ئەمەی نەکـــرد؟ وەڵامەکەی لە ناو سیاسەتی ئەمریکا وەردەگرینەوە بـــۆ ئـــەوەی بارودۆخێکی ئالۆزی



ئەوتۆ لە کوردستان بێتە ئاراوە و نەتواندرێت بڕیار بۆ ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بدرێت، بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەو چاوپۆشینەی ئەمریکا لە بڕینی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ و ئەمساڵی ٢٠١٥ بکەین، ئەوا ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە دەخوێنینەوە کە حکومەتە شیعەکەی بەغدا، لەو خاڵەوە گەمارۆی ئابووری دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، کە لەو ڕاستییە دڵنیایە لەم لایەنەوە ئەمریکا چاوپۆشی لێدەکات، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە ئایا لە بەرامبەر ئەم چاوپۆشینەی ئەمریکا، هێزی دیکە نایەتە سەرخەت بۆ ئەوەی ئەو گەمارۆیەی سەر کوردستان بشکێندرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت: کوردستان نە پڕۆژەی ئەتۆمی دروستکردووە، نە خاکی هیچ وڵاتێکی داگیرکردووە، هەتا لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی لاواز بێت و نەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەیەك نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گەمارۆیە بشکێنێت، هەر بۆیە ئەگەر ئەمریکا بەو جۆرە سەیری دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق بکات کە میکانیزمێکە و دەتواندرێت بە هەموو شێوەیەك بخوێندرێتەوە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، ئەوا هێزەکانی دیکەی جیهان بەتایبەتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، بەو جۆرە دەستووری عێراق دەخوێننەوە کە چۆن ڕێز لە بەهاکانی مرۆڤ دەگیرێت و چۆن نەتەوەیەکی ئازادیخواز لەبەرامبەر تیرۆریستاندا بەهێز دەکرێت، خاڵی بەهێز لەم هاوکێشەیە ئیرادەی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و لۆژیکی سەرۆکەکەیەتی، کە ئێستا بە هەموو جیهانی ڕابگەیەنین، یان عێراق گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵبگرێت، یان هاوکارمان بن، خۆمان ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان دابمەزرێنین و لەسەر بنەمای ئابووریی کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت.

## ● شەڕی بە وەکالەت و بە عێراقیکردنەوەی پێشمەرگە

لە قۆناخێکی مێژووی دیاریکراودا زۆر جار گۆڕانکاریی لەناکاو و پێشبینی نەکراو دروست دەبن، بۆیە لە سەرەتادا بیرمەندان و سیاسەتمەداران و بڕیار دروستکەران لەسەر ئاستی جیهان، ناتوانن پێناسەی ئەو گۆڕانکارییانە بکەن، بۆیە بڕیاری هەڵە و شرۆڤەی هەڵە بۆ بارودۆخەکە دەکەن، ئەم قسانە دانپێدانانی هەموو پەنێڵەکانی هەردوو کۆنفرانسی داڤۆس و میونیخ بوون، ئەم قسانە ناوەڕۆکی هەموو کتێبە تازەکانی ناوەڕاست و کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ـەن لەسەر ئاستی

**شەڕی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە، بە شەڕی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانت بەراورد ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر شیعە لە عێراقدا زۆرینە بێت و بە حوکمی زۆرینە بیەوێت سوننە ملکەچ بکات، ئەوا هەموو شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا کەمینەیە و ڕێژەی زیاتر لە ١٠٪ی موسڵمانان پێکناهێنن**



**ئەمریکا زۆر باش دەزانێت، عێراق بەبێ هاوکاری هەرێمی کوردستان نەک هەر بە یەکپارچەیی نامێنێتەوە، بەڵکو لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە هەستکردن بە عێراقیبوون دەبێتە شەڕێکی درێژخایەنی مەزهەبی، سەرەنجامیش شەڕی نێوان شیعە و سوننە بەهەر لایەکدا کۆتایی بێت، سوننە سەربکەوێت، یان شیعە، عێراق نابێتە موڵک و هاوپەیمانی ئەمریکا**


**ئامانجی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا تەنها ئەوەیە ئەم وڵاتە بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە و پێکەوە هەموو وڵاتەکە یەک خاوەنی هەبێت، ئەویش ئەمریکا بێت**

**نەک هەر ئیدارەی ئەمریکا لە واشنتۆن، بەڵکو باڵیۆز و بەرپرسانی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، زۆر باش ئاگاداری هەموو ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانەن کە هەردوو حکومەتی مالیکی و عەبادی دژی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن**

جیهان وەك كتێبەكانی (سیستمی جیهانی كیسنجەر، لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ریچارد هاس، سیستمی سیاسی و پووكانەوەی سیستمی سیاسی فرانسیس فۆكۆیاما، شۆڕشی چوارەمی جۆن میكوایت و ئەدریان وۆدریجی، سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئیكۆنۆمیست، سوپای نەبینراو و شەڕی سێبەری ماكس بوت) و دەیان كتێب و دیراسەتی دیكەن كە هەموو دان بەو راستییەدا دەنێن، كە رووداوەكانی ٢٠١٤ چ لە سەر ئاستی دەركەوتنی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی و چ لە سەر ئاستی لكاندنی كرێما بە رووسیاوە، رووداوگەلێكی پێشبینی نەكراو بوون، هەر بۆیە جیهان نەیتوانی مامەڵە لەگەڵ هیچیان بكات، پرسی تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعشیش لەسەر دەستی پێشمەرگە پرسێكی پێشبینی نەكراو بوو، هەر بۆیە ئەمریكا هەڵەی كرد و نەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ سەركەوتنەكانی پێشمەرگە بكات، ئەم هەڵەیە یەكەمجار لەسەر زاری جێمس جێفری باڵیۆزی پێشووی ئەمریكا لە عێراق خرایەڕوو كە لە وتارێكدا دوای سەركەوتنەكانی پێشمەرگە لە سەدی موسڵ و زوممار و چیای شنگال بە ناونیشانی (چۆن مامەڵە لەگەڵ سەركەوتنەكانی دژ بە داعش بكەین؟) لە سایتی ئامۆژگای واشنتۆن نووسیبووی، تیایدا ئاماژەی بەوە كردبوو، دەبێت هەوڵبدرێت هێزەكانی دیكەی عێراقیش بەهەمان شێوە رابهێندرێن و هاوكاری بكرێن، بۆ ئەوەی سەركەوتنی هاوشێوەی پێشمەرگە بەدەست بهێنن، ئەگەر بە وردی سەرنج لەم قسانەی جێمس جێفری بدەین، ئەوە دەخوێنینەوە، كە رایوایە ئەگەر پشتگیری هێزەكانی حەشدی شەعبی، یان ئەوەی پێی دەڵێن گاردی نیشتمانی بكەن و لە ئاسمانەوە پشتگیرییان بكەن، ئەوا پێویست نییە ئەمریكا هێز بنێرێت بۆ عێراق و سەركەوتنیش بەسەر داعش بەدەست دەهێنن، بەڵام هەر لە ئامۆژگای واشنتۆن دوو هەفتە پێش ئێستا كۆڕێك بۆ هەڵسەنگاندنی جیهادی شیعە و حەشدی شەعبی گرێدرا، تیایدا دیفید شینگەر بەڕێوەبەری پرۆگرامەكانی دیراساتی سەربازی و بەرگری، راشكاوانە ئەوەی راگەیاند، دوای تێپەڕبوونی ٨ مانگ بەسەر دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، بێجگە لەوەی داعش چەندین شوێنی لە لیبیاش داگیر كردووە، بەڵام تەنها لە سووریا و عێراق ئێستا خاكی فراوانتری لەبەر دەستە، ئەم قسەیەی ئامۆژگای واشنتۆن دوای نزیكەی دوو مانگ لە رزگاركردنی شنگال و نزیكەی مانگێك دوای ئازادكردنی تەواوی كۆبانێ یە، ئەمەش مانای ئەوەیە تیرۆریستانی داعش بێجگە لەبەرەكانی پێشمەرگە و شەڕڤانان كە شكستیان هێناوە، لەهەموو بەرەكانی دیكە سەركەوتنیان بەدەست هێناوە، لەمەش زیاتر چوارچێوەی شەڕەكە بێجگە لە بەرەی كوردستان كە شەڕی ئازادیخوازانی جیهانە دژی تیرۆریستان، لە باشووری لوبنانەوە تا دەگاتە دیمەشق و بەغدا و ئەنبار و موسڵ و تكریت، بۆتە شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە، سوننە بە ناوی داعشەوە شیعە كۆمەڵكوژ دەكات و شیعە بە ناوی حەشدی شەعبی و دژی تیرۆریستانەوە لەسەر ناسنامە سوننە كۆمەڵكوژ دەكات، لەم هاوكێشە سەیرەدا جیا لەوەی ئەمریكا لە ئاستی كۆنگرە نێودەوڵەتییەكان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە باسی پێشمەرگە نەكات و وەك هێزێكی عێراقی بیناسێنێت، لەسەر ئاستی ناوخۆش بە بیانووی ئەوەی كوردستان پێویستی بە (حەشدی شەعبی)یە، هەوڵیداوە هێزێكی حەشدی شەعبی بۆ ئێزیدییەكان دروست بكات، هەوڵدان بۆ دروستكردنی هێزێك بە ناوی حەشدی شەعبی بۆ ئێزیدییەكان كە لەوانەیە سبەینێ ناوی دیكەشی بەدوادا بێت، قۆستنەوەی خاڵی لاوازی هەندێك لایەنی سیاسیی كوردستانە بەوەی لەو ناوچانە نفوزیان نییە و دەیانەوێت بە رێگەی ئەم شەڕە وەكالەتە نفوزی خۆیان لەناو ئێزیدییەكان زیاد بكەن، بەڵام وەك بەڕێز فازڵ میرانی سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لە دیمانەیەكی لەگەڵ كوردستان تی ڤی ئاماژەی پێكرد، كوردستان پێویستی بە هێزی حەشدی شەعبی نییە، ئەم هێزە بۆ پارە دروست دەكرێت، واتە بۆ پارە خەڵكانێك ئەو هێزە دروست دەكەن، دیارە ئەم وەسفەی فازڵ میرانی كە نەیویستووە بە تەواوەتی خاڵ بخاتە سەر پیتەكان، مانای ئەوەیە ئەمە شەڕێكی بە وەكالەتە و بە پارە خەڵكانێك لەناو كوردستان جێبەجێی دەكەن، ئەمەش قبووڵ ناكرێت.

## ● ئیرادەیەكی یەكگرتوو
## بۆ رەواندنەوەی مەترسییەكانی شەڕی تێكەڵ

بەرەی سەربازی، لایەنێكی ئەم شەڕە تێكەڵە فرەڕەهەندەیە، هەروەك چۆن ئێستا پەنابردن بۆ گەمارۆی ئابووری لە رێگەی بڕینی بودجەوە بەرەیەكی دیكەی ئەم شەڕەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ دروستكردنی حەشدی شەعبی شێوازێكی دیكەی شەڕی بە وەكالەتە بۆ ئەوەی متمانە و یەكڕیزی لەنێو گەلی كوردستاندا لەبەریەك هەڵوەشێنێت، تەنانەت ئەو دەنگۆیانەشی كە لە میدیاكان بڵاو بوونەوە بەوەی حەیدەر عەبادی داوای لە ئەردۆگان و داودئۆغلۆ كردووە، قەرز بە هەرێمی كوردستان نەدەن، ئەمەشیان بەرەیەكی دیكەی ئەو شەڕە تێكەڵەیە، لەمەش سەیرتر نەناردنی بەشە



دەرمانی هەرێمی کوردستان بۆ نەخۆشخانەکانی کوردستان و ڕێگرتن لە هاتنی پێداویستی دیکە بۆ هەرێمی کوردستانە، ئەوانەش هەمووی یەك ئامانجی لە پشتەوەیە، ئەویش ئەوەیە بۆشاییەك لەنێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها بۆشاییەك لەنێوان خەڵك و حکومەت دروست بکرێت و پێشمەرگە نائومێد بکەن بۆ ئەوەی نەتوانێت وەك ئێستا لە بەرەکانی شەڕی تیرۆریستان قارەمانانە رابوەستێت، بە مانایەکی دیکە ئامانجی ئەم شەڕە تێکەڵە تەنها لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، یان نەتەوەیەك، یان ئایینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تاك بە تاکی خەڵکی کوردستانە، تیرۆریستانی داعش راشکاوانە ئامانجی خۆیان بەرامبەر تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان راگەیاندووە، بەڵام حکومەتی بەغدا بەشێوازی دیکە و زۆر ساختەچییانە مەسیجەکانی ئاڕاستەی خەڵکی کوردستان دەکات، هەروەك چۆن ئەمجارە لە کاتی نەناردنی بودجەدا ویستی ئۆباڵەکەی بخاتە سەر پابەندنەبوونی هەرێم و بە سیاسیکردنی کێشە تەکنیکییەکان، ئەوا لە هەنگاوەکانی دیکەشدا بۆ کەمکردنەوەی هەیبەتی پێشمەرگە هەوڵی دروستکردنی حەشدی شەعبی دەدات، ئەو مەترسییانەی لە شەڕی تێکەڵ بەرجەستە دەبن، بە ئاستی پێویست نابنە جێگەی مەترسی، هەتا فاکتەری ئەو شەڕە لەگەڵ ویژدانی بەشێك لە خەڵکی کوردستان موتوربە نەکرێت، بە واتایەکی دیکە ئەم شەڕە تێکەڵە هەوڵدانە بۆ ئیختراقکردنی ئیرادەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی خەڵکی کوردستان، ئەگەر نەتوانێت ئەم ئیختراقە بکات، ئەوا لە دەرەوە دەمێنێتەوە و کاریگەری نابێت، هەروەك چۆن لە ٢٠١٤ بودجەشیان نەنارد و شەڕی داعش و نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارەش رووی کردە کوردستان، شەڕە تێکەڵەکەیان نەك ئامانجی نەبوو، بەڵکو بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە کۆتایی هات، لە ئێستاشدا کە بەشێوازێکی دیکە دەیانەوێت ئەم شەڕە دەست پێبکەنەوە، بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان، پێش هەموو شت هەوڵی پاراستنی یەکڕیزیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بدەن، دوای ئەمەش پێویستە زۆر شەفافانە و لە نزیکەوە مامەڵەی دروست لەگەڵ هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی پردێکی پتەوی متمانە لەنێوان خەڵك و حکومەت دروستبکرێتەوە، هەر کەس و لایەنێکی سیاسیش دەبێتە بەربەست، ئەوجا بە مەبەست، یان بێ مەبەست و شەڕی بەلاشی وەکالەت بۆ دوژمنان دەکات، گرنگە ئیجماعێکی نیشتمانی دروست بکرێت، بە ئاستی هەستیاری بارودۆخەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و راستییەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکرێت.

**سەرکەوتن بەسەر شەڕی تێکەڵدا نەک تەنها بۆ کوردستان کە ئیمکانیەتێکی دیاریکراوی سەربازی و دیپلۆماتی و ئابووری دیاریکراوی هەیە، بۆ وڵاتانی گەورەی جیهانیش وەک رۆژئاوا و ئەمریکا و تەنانەت هاوپەیمانی ناتۆ کارێکی ئاسان نییە**



**مایکل نایت**

**راوێژکار بۆ بونیادنانەوەی سوپا و هێزەکانی ئاسایش لە عێراقدا بۆ گوڵان:**

# ئەگەر هێزەکانی سوپای عێراق بەرەو موسڵ بجووڵێندرێن، حەشدی شەعبی مەترسییەکی گەورە لەسەر بەغدا دروست دەکات

**پرۆفیسۆر مایکل نایت بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی عێراق لە ئامۆژگای واشنتۆن و ئێستا راوێژکارە لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا بۆ دووبارە بونیادنانەوەی هێزەکانی سوپا و ئاسایشی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە. پرۆفیسۆر نایت لە دوای دروستبوونی میلیشیای حەشدی شەعبی بە ئاشکرا ئەو مەترسییەی راگەیاندووە کە لەوانەیە حەشدی شەعبی پرۆسەیەك بێت عێراق بەرەو شێوەیەك لە چەکدارەکانی حزبوڵلای لوبنانی بەرێت، سەبارەت بە مەترسیی ئەو هێزە میلیشیایەش لەسەر کەرکوك و هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە راوبۆچوونی خۆی خستەڕوو.**

ئاشکرایە ئەمە کێشەیەکی جددییە کە میلیشیا شیعەکان لە هەندێ شوێنی وەك دوزخورماتوو، کەرکووك و شوێنی هاوشێوە بەهێز دەبن، ئەمانە ئەو شوێنە سەرەکییانەن کە کێشەیان تێدا دروست دەبێت. پێدەچێت سەرکردایەتی کورد زۆر لە نزیکەوە کار لەگەڵ سەرکردە شیعەکاندا بکەن، کەسێکی وەك هادی عامری و عەبدولمەهدی ئەلموهەندیس، هێشتا هاوکارییان هەیە لە بەرەکانی شەڕەکەدا، ئەگەر لە شەڕەکەی بەشیر بڕوانین، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە شیعە ببێتە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان پیشمەرگە و حەشدی شەعبی. بەڵێ راستە کێشە هەیە، بەڵام هێشتا لە شوێنێکی وەك دوز و بەشیر هاوکاری یەکتری دەکەن. بینیمان هادی عامری سەردانی سەرۆك بارزانی کرد لە هەولێر. ئاشکرایە هەردوولا درك بەوە دەکەن کە کێشە دروست دەبێت و هەردوولاش هەوڵ دەدەن مەودای کێشەکان کەم بکەنەوە. لەوەش زیاتر، هەروەها پێشمەرگە بڕیاریداوە کە نەچێتە ناوچە عەرەبییەکان، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دانیشتووانی عەرەبی ئەو ناوچانە داوای ئەوەیان لێ بکەن. لە دەرئەنجامدا ئەو شوێنانەی کە میلیشیای شیعە شەڕی تێدا دەکەن لە حەویجە و رەشاد و ریاز و تکریت و بێجی، ئەمانە شوێنگەلێکن کە پێشمەرگە بەرەو ئەو شوێنانە پێشڕەوی ناکات، تەنها ناوچەگەلێکی بچووك هەن کە بە یەکداچوون و من زۆر نیگەران نیم لە بارەی کەرکووکەوە، لەبەر ئەوەی لە کەرکووك ژمارەی تورکمانە شیعەکان و عەرەبەکان کە پشتیوانی «عصائب اهل الحق» یان «کتائب حزب الله» دەکەن، رێژەیەکی کەمن، ئەمە لەو راستییەوە بەدی دەکەین کە ماوەیەکی زۆری پێدەچێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کەرکووك هێز کۆبکەنەوە، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر بەشیر، لە باشووری عێراق، یەك رۆژ دوای فەتواکەی ئایەتوڵڵا سیستانی لە مانگی حوزەیران سەد هەزار خۆبەخش کۆبوونەوە، بەڵام لە کەرکووك لە دوای حەوت مانگ لە فەتواکەی سیستانی هێشتا لە هەوڵی ئەوەدان هێزێکی پێنج هەزار کەسی کۆبکەنەوە بۆ رزگارکردنی بەشیر، لەبەر ئەوە ئاشکرایە لە ناوچەی کەرکووك پشتیوانییەکی کەمتر بۆ حەشدی شەعبی هەیە. بەڵام دروستبوونی ملیشیای حەشدی شەعبی بە دڵنیاییەوە بۆ ئایندە مەترسی هەیە- هەروەك من لەم بارەیەوە نووسیومە- پێموایە مەترسییەکی زۆر گەورە روو لە بەغدا دەکات کە حەشدی شەعبی ببێتە هێزی چەکداری سەرەکی، بەتایبەتی کە سوپای عێراق بەرەو موسڵ بجووڵێندرێن ئەوا بەغدا بۆ حەشدی شەعبی جێدەهێڵدرێت، بەڵام ئەگەر بگوترێت حەشدی شەعبی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ کوردستان، ئەوا من باوەڕم وا نییە، لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە ئێرانییەکان پەیوەندییەکی بەهێز و باشیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە، پێموایە ئەوە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی هەڕەشە لەو ناوچانەدا، کێشەیەکی زۆر هەبوو لە دەوروبەری دوز و کفری و کەلار، بەڵام هێورکرانەوە. کەواتە ئێرانییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە هێزەکانی پێشمەرگە بەهێزترن لە سوپای عێراق و پێشمەرگەش رێگەنادات هێزێکی وەك حەشدی شەعبی کۆنترۆڵی شوێنێکی وەك کەرکووك بکات، چانسی رووداني ئەوە لە ئارادا نییە. سێیەم نەسەلمێندراوە مالیکی لایەنێکی بەهێزی هەیە لە نێو حەشدی شەعبیدا، ئەو رۆژنامەنووسانەی لە بەغدا بوون و لە بارەی مالیکیەوە نووسیویانە باس لەوە دەکەن مالیکی دەیەوێت سەرکردایەتی حەشدی شەعبی بکات، بەڵام کەسانێکی دیکە هەن و رایدەگەیەنن، نەخێر رێگەی پێنادەن، وەك هادی ئەلعامری، ئەو نایەوێت مالیکی سەرکردایەتی حەشدی شەعبی بگرێتەدەست، بەڵکو دەیەوێت خۆی ببێتە سەرکردەی حەشدی شەعبی.



محەمەدی حاجی مەحمود
سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# کاک مسعود بارزانی سەرۆکێکی پێشمەرگەیە و ئاگای لەو ئامانجانەیە کە پێشتر خەباتی بۆ کردوون

**محەمەدی حاجی مەحمود پێشمەرگە و باوکی شەهید لە سەنگەرەکانی شەڕی پێشمەرگە دژ بە تیرۆریستانی داعش رۆڵێکی بەرچاو و قارەمانانەی هەبووە، ئەم پێشمەرگەیە سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانە و ماوەی نزیکەی نیوسەدەیە پێشمەرگەیە و قاڵبووی شۆڕش و رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە بووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی و سەربازیی ئەمڕۆی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا و ئایندەی کورد لە عێراق و ناوچەکە، گوڵان سەردانی بەڕێزیانی کرد و لە میانەی دیمانەیەکی تایبەتدا ئەم پرسانەی تاوتوێ کرد و بەمجۆرە سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ماوەی هەشت مانگ زیاترە لە شەڕێکی نەخوازراوداین لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، ئایا دوای ئەم ماوەیە چۆن بارودۆخی ئێستای کوردستان دەخوێنیتەوە؟**

- لەم شەڕەی داعش کە یەخەی کوردستانی گرتووە، کورد زەرەرمەندی یەکەم بووە لەسەر ئاستی ناوچەکە، بێجگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری شەهید و بریندای پێشمەرگەمان هەبووە، تیرۆریستانی داعش ئەوەی لە دەستیان هاتووە لە کوشتنی ژن و منداڵ و بردن و هەتککردنی ژنان و کچانی ئێزیدی و کوشتنی بە کۆمەڵ بەرامبەر گەلی کوردستانیان کردووە، بەڵام ئەم شەڕە بە هۆی خۆڕاگری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانەوە، هەندێك دەسکەوتی ئیجابیشی هەبووە، لەوانە یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان و هەماهەنگی لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا، هەروەها ئێستا هەست دەکەین پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتیمان هەیە، ئەمەش بۆ یەکەمجارە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەجۆرە هاتۆتە ناو شەڕی تیرۆریستانەوە، هەموو لایەك بارودۆخی سووریا دەبینین، ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە شەڕە، بەڵام نە ئەمریکا و نە ئەوروپاش بەوجۆرە نەهاتوونەتە ناو شەڕەکە، تەنانەت لە سەرەتای گرتنی موسڵ تا جەلەولا لە حوزەیرانی ساڵی رابردوو نەهاتنە دەنگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تیرۆریستان هێرشیان کردە سەر کوردستان و مەترسی کەوتە سەر هەرێمی کوردستان، هاتنەدەنگ و هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ گەلی کوردستان دروستبوو، خاڵێکی دیکە ئەو چەکانەیە کە هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگەیان ناردووە، ئاشکرایە کوردستان هەتا مانگی ئابی ٢٠١٤ ئەگەر چەکیشی کڕیبێت، لەوانەیە بە قاچاخ کڕیبێتی، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا هاوپەیمانان بە فڕۆکە چەك دێنن بۆ کوردستان و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دادەگیرێت و دەدرێت بە هێزی پێشمەرگە، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەی دیکەیە بۆ کوردستان و نیشانەی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بە خەڵکی کوردستان، هەروەها خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ناوی پێشمەرگە بۆتە سیمبولێکی گەورە لەسەر ئاستی جیهان، لە ئوستralیاوە تا دەگاتە کەنداو دەڵێن: ئێمە هاوکاریی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە پێشمەرگە بۆتە گوڵێکی گەورە لە جیهاندا و هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ، کە رەنگە لای خۆمان وەك کورد ئاسایی بێت، ئەویش ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بۆ کۆبانێ، بەڵام ئەم پرسە زۆر گرنگە و سنووری سیاسیی هەر سێ دەوڵەتی (عێراق، تورکیا، سووریا)ی بڕیوە تا گەیشتۆتە کۆبانێ، ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە، ئێستا پێشمەرگە بە چەك و ئاڵای کوردستانەوە لە ناو ئاپۆرای پێشوازی کوردی تورکیا و سووریا لە هەرێمی کوردستانەوە دەچێتە تورکیا و لەوێوە بە قووڵایی ٢٨٠کم دەچێتە ناو خاکی سووریا. خاڵێکی دیکە کە تایبەتە بە بارودۆخی نێوان هەرێم و بەغدا، ئاشکرایە ئێمە زۆربەی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بووە، لەبەر ئەوەی کە دەگەیشتە ئەوەی خاکەکەی خۆمان بگێڕینەوە، ئاستەنگیان دروست دەکرد و جێبەجێیان نەدەکرد، بەڵام بەشێکی زۆر ئەو خاکەی کە پێشتر ماددەی ١٤٠ بووە ئێستا لەبەردەستی خەڵکی کوردستانە، خاڵێکی دیکە ئەو یەکڕیزی و هاودەنگییەیە کە لە ناو خەڵکی کوردستان دروستبووە، لەم قۆناخەدا خەڵکی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەوەی مەترسییەك لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، هەموو یەکهەڵوێستن، خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە، لە کۆبانێ تا دەگاتە جەلەولا و مەندەلی کەم و زۆر پێشمەرگەی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدایە، ئێستا بە درێژایی ٢٥ کم لە باشووری کەرکووکەوە بەدەستی پێشمەرگەوەیە، هەروەها بە رێککەوتن لەگەڵ عێراق ئێستا نەوتی کەرکووك بە رێگەی بۆرییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکرێت، ئەمە خۆی

لە خۆیدا وەرچەرخانێکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانییە کە میللەتەکەمان بەدەستی هێناوە، بۆیە ڕاستە شەهید و قوربانی و بریندارێکی زۆرمان لەم شەڕەدا داوە، بەڵام ئەم دەستکەوتانەش کە بەدەست هاتوون، هەموویان دەستکەوتی گەورەن. هیچ دەسکەوتێکی گەورەش بە بێ قوربانیدان و خۆڕاگری بەدەست نایەت.

*** وێڕای ئەو خاڵانەی ئاماژەت پێکردن، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی میلیشایی حەشدی شەعبی لەلایەن شیعەی عێراقەوە، لەوماوەیە گوێبیستی ئەوە بووین، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڕەشەیان لە کەرکووک دەکرد و ئاماژەیان بەوە دەکرد کەی بیانەوێت دێنە کەرکووکەوە، وەك فەرماندەیەکی مەیدانی هێزی پێشمەرگە، ئەمە چۆن سەیر دەکەیت؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، ئەم بارودۆخەی ئێستا دەوڵەتی عێراق بەرەو دابەشبوون دەبات، لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقیشدا هەر سێ سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەت و پەرلەمان بە سەر هەرسێ لایەنی کورد و سوننە و شیعە دابەشکراوە، لە ناو سندوقەکانی دەنگدانیشدا، کە زیاتر لە دوو ملیۆن و شەست هەزار کەس لە کوردستان دەنگیان داوە، یەك دەنگ بۆ یەك کورسی شیعە، یان سوننە نەدراوە، بەهەمان شێوە لەناوچەکانی سوننەی عێراق دەنگ بە سوننە دراوە و لەناوچەکانی شیعەش دەنگ بە شیعە دراوە، بۆیە لەناو سندوقی دەنگدانیشدا عێراق دابەش بووە، لە ڕووی جوگرافیشەوە ئێستا عێراق سێ بەشی جیاوازە، کوردستان حکومەتی خۆی هەیە، لە موسڵ و ناوچە سوننەکان حکومەتێکی دیکەیە و لە بەغداش حکومەتێکی دیکەیە، ئەمە مانای ئەوەیە عێراق لە ڕووی جوگرافیشەوە ئێستا دابەش بووە، بۆیە زۆر جار کە باسی یەکپارچەیی عێراق دەکرێت، من پێم سەیرە، چونکە تەنها بە فڕۆکە دەتوانن یەکپارچەیی خاکی عێراق ببینن. تەنها دامەزراوەیەك کە لە عێراقدا هەبوویێت و هاوبەش بێت لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، سوپا بوو، دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە ئەو سوپایەش لەبەریەك هەڵوەشا و شتێك نەماوە بەناوی سوپای عێراق، ئەویش بۆتە سێ بەش، ئەوەی پێی دەڵێن حەشدی شەعبی لە ڕاستیدا هێزی شیعەیە، پێشمەرگە هێزی کوردستانە، ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان بە ڕێگەی پەرلەمانی عێراق هێزێك بە ناوی گاردی نیشتمانی دروست بکەن بۆ سوننە، ئەمەش مانای ئەوەیە سوپای عێراقیش بۆتە سێ بەش و جارێکی دیکە یەکنا گرێتەوە و لەوانەیە لە یەك دوو ساڵی داهاتوو پێکدادانیش لە نێوانیاندا ڕووبدات، سەبارەت بە میلیشیای شیعەش کە لە هێزی بەدرەوە دروستبوون و ناوی جیاجیان وەك حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و ئەوانە وەرگرتووە، لەنێوان ئەم هێزانە و هێزی پێشمەرگە ناوچەی سوننەنشین هەیە، شیعە ناتوانێت لە ناوچەی سوننە هێزێك دروست بکات، هەروەك چۆن پێش گرتنی موسڵ ٩٠ هەزار سەرباز لە چوار فیرقە و دوو فیرقەی پۆلیسی فیدراڵی لە یەك دوو کاتژمێردا هەڵاتن و چەکەکانیان بۆ داعش بەجێهێشت، بۆیە ئەم هێزە نابێتە مەترسی بۆ سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی لە هەر چوار پارێزگای (نەینەوا، کەرکووك، تکریت و دیالە) کە نزیکەی ٦ ملیۆن خەڵکی تێدا دەژی، لایەنەکانی شیعە ٦ کورسی پەرلەمانیان هەیە، ئەم کورسییانە لە موسڵ یەك و لە تکریت کورسییەك و لە دیالە سێ کورسییان هەیە، لە کەرکووکیش تورکمانی شیعە کورسییەکی هەیە، بۆیە ئەم ناوچەیە خاکی کورد و سوننەیە، ئەوان ناتوانن مەترسی دروست بکەن، لەوانەیە ئێستا هەندێك خەڵکیان کۆکردبێتەوە و هێنابێتیان، بەڵام خاڵێکی دیکە ئەو ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شنگالەوە تا جەلەولا کە بەخوێنی پێشمەرگە ئازاد کراوە و بە خوێنی پێشمەرگە دەپارێزرێت، ئەمانە هەمووی خاکی کوردستانن و هەر لەبەر دەستی پێشمەرگە دەبێت و پێشمەرگە تەسلیمی هیچ هێزێکی دیکەی ناکاتەوە.

*** وەك پیشاندانی هەڵوێستێکی نیشتمانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای لێدوانەکانی بەرپرسانی حەشدی شەعبی، خۆی سەردانی کەرکووکی کرد، ئایا ئەم سەردانەی بارزانی بۆ کەرکووك چۆن دەخوێننەوە؟ ئایا چ پەیامێك بە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی دەدات؟**

- لە ڕاستیدا هاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکووك، سەردانێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی ئەو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، پێش سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو هێرشی گەورەی تیرۆریستانی داعش کرابووە سەر کەرکووك، بەڵام هەر دوو هێرشەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تێکشکێندرابوو، بەتایبەتی لە دوایین هێرشیاندا زیاتر لە ١٠٠ لاشەی تیرۆریستانی داعش کەوتبووەوە دەستی هێزی پێشمەرگە، هەروەها تیرۆریستان زەرەر و زیانێکی گەورەیان بەرکەتووە، دوای ئەمانە هاتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکووك بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، لایەنێکی بەسەرکردنەوەی کەرکووك بوو، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەی بووە لە گەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە و پێداچوونەوە بە هێزەکاندا، لەبەر ئەوەی پێداچوونەوە بە هێزەکاندا کراوە و چەندین فەرماندە گۆڕدراوە، بۆیە لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی و مەعنەوی و ڕاگەیاندن، بایەخی تایبەتی خۆی

**پاشای ئوردن بۆ سووتاندنی یەک کەس هەموو گەشتەکانی خۆی دواخست و ئیعلانی دۆخی شەڕی لەگەڵ داعش کرد، ئێمە ئەم هەموو مەترسییە لەسەرمانە، هێشتا دۆخی ئیمیرجنسیمان ڕانەگەیاندووە**

**مەعقول نییە دوو دۆشکە بۆ بەرەیەکی جەنگ بنێریت، چەندین سەعات لە بازگەکان بە هۆی قەرەباڵغی سەیرانکەرانەوە نەگەنە شوێنی مەبەست**

**لە بری بەلاغی گشتی و وتەبێژی فیرقە و لیوا و یەکەکان، بەرپرسی لق و مەڵبەندەکان بە تەلەفۆن پێوەندی بە ڕاگەیاندنەکان دەکەن و هەواڵی بەرەکان دەگەیەنن، پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە بە ڕێکخراوەیی ئەمە بکات**

**لە سنووری کەرکووک حەشدی شەعبی چوار سەربازگەیان هەیە و بە ناوی جیاوازەوە مەشقی تێدا دەکەن، ئەمانە دەیسەلمێنن کە کورد هیچ ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ بەغدا ناچێتە سەر و ئاگاداری هیچ پلانێکی بەغدا نین**

هەبووە، لەوانە پێش هەمووشــت ئەو سەردانە پەیامێکە کە هێزی پێشــمەرگەی کوردستان کەرکووك بە هەموو پێکهاتەکانیـــەوە دەپارێزێت، نەك هێزێکی دیکە، لەمەش زیاتر هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك بە (کورد و عەرەب و تورکمان و مەســیحی)یەوە ئەو راســتییە دەبینین کە ماوەی هەشت مانگە تەنها پێشمەرگە سەدان شەهیدی لە پێناوی پاراســتنی کەرکــووك داوە و هیچ هێزێکی دیکە دڵۆپێك خوێنی بۆ پاراستنی شارەکەو پێکهاتەکانی نەڕشــتووە، بۆیە ئەمە پەیامێك بوو بــەوەی کەرکووك شارێکی کوردستانییە و هێزی پێشمەرگەش دەیپارێزێت، پەیامێکی دیکەی ئەم سەردانە ئەو جەختکردنەوەیە بوو لەســەر ئەوەی زیاتر تیرۆریســتانی داعش لە سنووری کەرکووك دووربخرێنەوە، هەروەهــا بە هەموو لایەنێکی راگەیاند پێشــمەرگە کەرکووك دەپارێزێت و هیچ هێزێك بۆی نییە سەربەخۆ بێتە ناو کەرکووکەوە.

*** ئایا تاچەند مەترســی ئەوە هەیە حەشــدی شەعبی جێگەی ســوپای عێراق بگرێتــەوە و تاچەند ئەم هێزە هەڕەشە لەسەر ئایندەی کورد و بەغدا دروست دەکات؟**

- من پێموا نییە جارێکی دیکە بتواندرێت سوپای عێراق بە شــێوەی ســوپایەکی هاوبەش و یەکگرتوو دروســت ببێتەوە، چونکە عێراق وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد بەرەو هەڵوەشانەوە و پارچەبوون دەچێت، لەوانەیە ئەم پرسە تەنها مەســەلەی کات بێت و کاتی مابێت، هەتا ئەگەر شیعە و کورد لە گەڵ بەشــێك لە سوننە، بیانەوێت لە عێراقدا پێکەوە بمێننەوە، ئەوا دەبێت بەدوای شێوازێکی دیکەی جیاواز لە سیستمی فیدراڵی بگەڕێن، ماوەی ٨٠ ساڵی حوکمڕانیی ســوننە، ئاکامەکەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان بووە، لە ماوەی ١١ ساڵی حوکمڕانی شیعەشدا زەرەریــان لە کــورد داوە و ئەوەتا بودجــە و مووچەی کوردســتان و فەرمانبەرانی کوردستانیان بڕیوە، لەسەر ئەرزی واقیعیش عێراق خۆی ســێ بەشە، ئەمە مانای ئەوەیە بە کردەیی ئەو سیســتمە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە دەبێت بەدوای شــێوازێکی دیکە بگەڕێن، ئەو شێوازەی دیکەش ناوی دەنێن کۆنفیدراڵی، یان هەر ناوێکی دیکە، بۆیە من راشکاوانە دەڵێم: لەم بارودۆخەدا و بەم سیستمە سیاســییە ناتواندرێت عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ئەگەر شێوازێکی تازە نەدۆزنەوە ئەوە کۆتایی هاتووە.

*** لە پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەی حەیدەر عەبادی، لایەنی کوردی ماوەی سێ مانگی دانابوو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامــەی حکومــەت و ڕێککەوتنەکەیان، بەڵام ســێ مانگەکــە تێپەڕی و حکومەتەکەی عەبادی پابەند نەبوو بــە ڕێککەوتنەکە، ئەگەر بەغدا هــەر بەمجۆرە مامەڵە بکات بژاردەی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- بەشــداری ئەمجارەی کورد لە حکومەتی عەبادی، بەشداری هاوبەشــی و شەراکەت نییە، بەڵکو بەشداری پێکردنە لــە پەراوێزدا، لەبەر ئەوەی لــەو کاتەی پێنج لایەنــە ســەرەکییەکەی کوردســتان لــە کۆبوونەوەدا بــوون، پەرلەمانی عێراق متمانــەی بە حکومەتەکەی عەبــادی دا، لایەنە کوردســتانییەکان داوایان کرد ٣٠ خولەك کۆبوونەوەکــە دوابخەن، پەرلەمان کۆبوونەوەکەی دوانەخست، وەزیرەکانی کورد نەیانتوانی لەو کۆبوونەوەیە ســوێندی یاســایی بخۆن، کورد دواتر بە لاوازی چووە بەغدا، من بەشبەحاڵی خۆم نازانم وەزیرە کوردەکان چۆن سوێندیان خواردووە، ئێســتا شەراکەتێك کە هەبێت لەناو حکومەتی عیراقیدا لە نێوان ســوننە و شــیعەدایە، بۆ نموونــە لە کەرکووك و هەموو شــوێنەکانی تر، ئەگەر مامۆستایەك مووچەکەی لەسەر بەغدا بێت، وەریدەگرێت و ئەوەی لەســەر هەرێمی کوردســتان بێت وەرینا گرێت، ئەوە هەشــت مانگە شەڕە، موسڵ پایەگایەکی بەهێزی مرۆیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و راگەیاندنی داعشە، بودجە و مووچەیان بۆ یەك کاتژمێر چییە دواناکەوێت و ڕۆژێکی بمێنێ بە پەلە لە بەغداوە دەیگەیەننە موسڵ، بــەڵام بودجە و مووچەی کوردســتان دەبڕن، بە مانای ئەوەی شیعە و سوننە چەندە دژایەتی یەکتر دەکەن، بەڵام لەســەر کورد یەکدەنگن، مووچەی حەشــدی شەعبی دەدرێت و هی پێشمەرگە نادرێت، مووچەی هەموو هێزە سوننەکان دەدرێت و هی کورد نادرێت، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەســەر پەراوێزخستنی کورد، لەبەر ئەوە پێموایە دۆخــی کورد لە ناو حکومەتی عیراقیدا زۆر زۆر لاوازە و لە ناو ســووچێکی پەرلەمانی عێراقدا بەیانێکیان لە سلێمانییەوە بۆ چووبوو خوێندیانەوە کە تێیدا دیاریکرابوو ئــەم مەرجانەمان هەیە تا ســێ مانگی تر، لە کاتێکدا خۆیان باش دەزانن بە ســێ ســاڵی تریش ئەو مەرجانە جێبەجێ ناکرێت، لە سەرەتای پێکهێنانی ئەم حکومەتەوە کورد قورســایی لە بەغدا نەبووە و ئێستاش وا تێدەگەم هەندێ لایــەن کۆك بن لەســەر ئەوەی دیســانەوە بە لاوازتــرەوە بەرەو بەغدا بڕۆنــەوە و هەموو هێلکەکانیان بخەنــەوە زەمیلەکەی بەغــدا، ئەمجــارەش غەڵەتێك بە غەڵەتێکی گەورەتر چارەســەر بکــەن، بۆیە پێموایە چۆن کورد زیانلێکەوتووی یەکەمە لە شــەڕی داعش، تەنیا هێزێکیشــە لە هەموو دنیادا داعشــی لە شوێنی خۆی راگرتووە و شــەڕی لەگەڵ کردووە، ئێستاش لە پێگەیەکی بەهێزەوە بە درێژایی زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمەتر رووبەڕووی دەبێتەوە، کەچی لــە بەرانبەردا حکومەتی عێراق گەمارۆی ئابووری خســتۆتە سەر کوردستان و ئێزیدییان ناچار دەکات بە ناوی حەشدی شەعبی هەزار چەکدارێکیان لێ کۆبکاتەوە، لە ســنووری کەرکووکیش حەشدی شەعبی چوار ســەربازگەیان هەیە و بە ناوی

**کورد لەسەر مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگن، سەبارەت بە شەڕی داعش کورد یەک ڕای هەیە، کە دەبینم لە مزگەوتێکەوە مەلایەک چەکی هەڵگرتووە و دەچێت بۆ یارمەتی پێشمەرگە لە بەرەکاندا جێی دڵخۆشییە**

**ئەگەر دۆستەکانی کورد جێی گومان نەبن، داعش ئەو هێزە نییە دژایەتی پەنجا دەوڵەتی پێبکرێت**

**داعش بە ١٩ ڕۆژ حکومەتی عێراقی رووخاند، کەچی ئەمریکا دایناوە پاش سێ ساڵ داعش بڕووخێت و درەنگیش هاتە سەر خەت**

**وا تێدەگەم هەندێ لایەن کۆک بن لەسەر ئەوەی دیسانەوە بە لاوازترەوە بەرەو بەغدا بڕۆنەوە و هەموو هێلکەکانیان بخەنەوە زەمیلەکەی بەغدا، ئەمجارەش غەڵەتێک بە غەڵەتێکی گەورەتر چارەسەر بکەن**

جیاوازەوە مەشـــقی تێدا دەكەن، ئەمانە دەیســـەلمێنن كە كورد هیچ ڕێككەوتنێكیان لەگەڵ بەغدا ناچێتەســـەر و ئـــاگاداری هیـــچ پلانێكی بەغدا نیـــن، بۆیە كاتی ئەوە هاتووە كورد شـــتێكی تر بۆ خۆی دابنێت لەگەڵ عێراقـــدا، بەرنامەی تایبەتی هەبێت، ســـەبارەت بەوەی خۆی بۆ خۆی چی دەكات؟ كورد ئێستا لە دۆخێكدایە دۆستەكانیشی لەگەڵی وەك پێویست زۆر ڕاستگۆ نین، بە نموونە داعش بە ١٩ ڕۆژ حكومەتی عێراقی ڕووخاند، كەچی ئەمریكا دایناوە پاش سێ ساڵ داعش بڕووخێت و درەنگیش هاتە ســـەر خەت، ڕەنگە ئەمریكا كە كورد بە دۆســـتی خۆی دایدەنێت، داواكاری خۆی هەبێت و داواكاری ســـوننەی لەپێشچاو بێت و نەیەوێت بە زوویی داعش لەناو بەرێت.

***ئێوە یەكێكن لەو پێشـــمەرگانەی كە بەشـــداریتان لە شـــەڕی دژی داعش كردووە و پێشـــمەرگە لە هەموو بەرەكان ســـەركەوتنی بەدەست هێناوە، كەچی لە كۆنگرە نێودەوڵەتییەكانی لەندەن و واشـــنتۆن كـــورد ئامادەیی نەبووە، ئایا ئەوە كێیە دەیەوێت ڕۆڵی پێشمەرگە و كورد لە سەركەوتنەكاندا بشارێتەوە؟**

- ئەگەر دۆستەكانی كورد جێی گومان نەبن، داعش ئەو هێزە نییە دژایەتی پەنجا دەوڵەتی پێبكرێت، لە ناویشیاندا تەنیا كورد بە كردار شـــەڕ لەگەڵ داعـــش بكات، ئەمە پرســـیارە: بۆچی ئـــەو چەكە كاریگەرانەی پێشـــمەرگە پێویســـتی پێیەتی نایدەنە دەســـتی تا شـــەڕی داعشی پێبكات؟ تا ئێستاش ئەو چەكانەی لە سوپای عێراقەوە بە شـــەو و ڕۆژێك كەوتنە دەستی داعش بەهێزترین چەكن لە ناوچەكەدا، گومانی تریش دروســـت بوون، ئەو فڕۆكانەی چەك بۆ داعـــش بەردەدەنەوە، فڕۆكەی كێن؟ هەلیكۆپتەر لایان دەنیشـــنەوە، وتەبێژی حكومەتی عێراقی دەڵێت: ئەو فڕۆكانە هی داعش خۆیەتی، باشە داعش چۆن دەتوانێت لە ڕەقە فڕۆكە هەســـتێنێت و لە شارەبان بینیشێنێتەوە و لە ڕومادی چەك بخاتە خوارەوە و لە ســـەربازگەی تەلەعفەر فڕۆكەوانەكەی بحەوێتـــەوە و پڕ بانزین بكرێتەوە و لە ناو گونـــدی مەریەم بەگ چـــەك و تەقەمەنی بگەیەنێت بە هێزەكانـــی داعش، ئەویش لە ناو هێزێكی هاوپەیمانیی كە ٦١ دەوڵەت دژی وەســـتابنەوە، ئەمە چۆن دەكرێت؟ باشە بۆ فڕۆكەی هاوپەیمانان بە شـــەوی تاریك بە شوێن یەك نەفەردا دەگەڕێت و مووشەكێكی گرانبەهای لێدەدات؟ بۆ بە ڕۆژی ڕوونـــاك ئەم فڕۆكە گەورانەی داعش نابینێت؟ لەبـــەر ئەوەیە گومان دەكـــەم لە دۆســـتەكانی كورد كە ڕاســـتەقینە نین و دوور نییە دوو جەمســـەرە دۆستایەتی خۆی و دوژمنەكەشـــی بكەن، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمریكا كە سەرپەرشـــتی كۆبوونەوەی لەندەن دەكات، كورد ناخاتە لیســـتی بەشـــدارەكانەوە، ئەڵمانیا كە كورد بەشداری پێ دەكات ڕاستگۆترە لە ئەمریكا كە نایەوێت كورد بەشداری پێبـــكات، ئەمریـــكا ڕەنگە بەرژەوەندیەكانی ئێســـتای وا بخوازێت مامەڵەی فەرمـــی لەگەڵ حكومەتی عێراقیدا بكات.

*** چی پێشـــنیاز دەكەیـــت بۆ لایەنە سیاســـییەكان و ئەركیان چییە لەم بارودۆخە مەترسیدارەدا، بەتایبەتی بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامە نەتەوەیی و نیشتمانییەی بەڕێز سەرۆكی هەرێم مەبەســـتێتی بەرژەوەندییەكانی كوردی پێ سەربخات؟**

- ئێمە لەو بڕوایەداین ئێســـتا یەكڕیزییەكی باش لە ناو هێزو لایەنە سیاســـییە كوردییەكاندا هەیە، كورد لەسەر مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان یەكدەنگن، سەبارەت بە شـــەڕی داعش كورد یەك ڕای هەیە، كە دەبینم لە مزگەوتێكـــەوە مەلایەك چەكی هەڵگرتووە و دەچێت بۆ یارمەتی پێشـــمەرگە لە بەرەكاندا جێی دڵخۆشییە، زۆر شتی تری لەو بابەتە هەیە خەڵكی كوردستان بە هەموو چین و توێژەكانیەوە و لە پارچەكانی تری كوردستانەوە خەڵك چەك هەڵدەگرن و دێنە پاڵ پێشمەرگە، لەم ڕۆژانەدا پەیمانگەی تەكنیكی كەركوك زۆربەی خوێندكارەكانی چوون بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە، هەموو ئەمانە جێی دڵخۆشین، بەڵام لەسەر هەندێ شتی تر ڕەنگە بۆچوونی جیاواز هەبێت، هەندێ پێیان خۆش بێت هەموو ڕێگەكان بچنەوە بەغداو لەوێ چارەســـەری كێشـــەكان بكرێت، هەندێكیش پێیانوایە لەســـەر پێی خۆت بوەستێت باشترە بـــە پشـــتیوانی نێودەوڵەتییەوە، ئەمـــە كۆمەڵێك ڕای جیاوازە، ئێســـتا كورد پێویســـتی بە یەكخستنی ماڵی خۆی و یەك بڕیاری سیاســـی و یەكگرتوو هەیە، كورد پێویستی بەوەیە شاندەكانی بچنە بەغداو توركیا و ئێران و ئەمریكا و ئەوروپا تا لە ڕووی پێوەندی دیپلۆماســـی و ئەمنییەوە ئەم ســـەركەوتنە سەربازییانەی بەدەستمان هێنـــاون، بیپارێزین و ڕێگە بدۆزینەوە چۆن پشـــتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی و ئیداری و یاسایی بۆ پەیدا بكەین، ئەم قۆناغـــە ئەم هەنگاوانەی دەوێت تا ئەو شوێنانەی لە ڕووی سەربازییەوە بە دەستمانەوەن بیكەین بە دیفاكتۆ و بەپێی یاســـاش لە بندەستمان بن، ئەمانە گرنگن، پشتیوانییە سەربازییە نێودەوڵەتیەكەش بكەینە پشـــتیوانی سیاســـی و كارگێڕی بەردەوام بۆ بەرژەوەنـــدی خەڵكی كوردســـتان، ئەمانـــە هەموویان بـــە یەكڕیزی و یەكگوتاری و یەكهەڵوێســـتی خەڵكی كوردســـتان و هێزە سیاسیەكانی چارەسەر دەكرێت، بۆیە پێویستە لەم قۆناغە هەمووان پێكەوە بیر لەوەش بكەینەوە كـــە ســـەركردایەتییەكی باڵا بۆ هێزی پێشـــمەرگەی كوردســـتان لە ژێر سەرپەرشـــتیاری سەرۆكی هەرێمی كوردســـتان دروست بكەین بۆ ئەوەی بیست وەزارەت بەم

**مووچەی حەشدی شەعبی دەدرێت و هی پێشمەرگە نادرێت، مووچەی هەموو هێزە سوننەكان دەدرێت و هی كورد نادرێت، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر پەراوێزخستنی كورد**

**موسڵ پایەگایەكی بەهێزی مرۆیی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی داعشە، بودجە و مووچەیان بۆ یەك كاتژمێر چییە دواناكەوێت و ڕۆژێكی بمێنێ بە پەلە لە بەغداوە دەیگەیەننە موسڵ، بەڵام بودجە و مووچەی كوردستان دەبڕن**

**ماوەی ٨٠ ساڵی حوكمڕانیی سوننە، ئاكامەكەی ئەنفال و كیمیابارانی كوردستان بووە، لە ماوەی ١١ ساڵی حوكمڕانی شیعەشدا زەرەریان لە كورد داوە و ئەوەتا بودجە و مووچەی كوردستان و فەرمانبەرانی كوردستانیان بڕیوە**

**هەموو پێكهاتەكانی كەركووك بە (كورد و عەرەب و توركمان و مەسیحی)یەوە ئەو ڕاستییە دەبینین كە ماوەی هەشت مانگە تەنها پێشمەرگە سەدان شەهیدی لە پێناوی پاراستنی كەركووك داوە و هیچ هێزێكی دیكە دڵۆپێك خوێنی بۆ پاراستنی شارەكەو پێكهاتەكانی نەڕشتووە**



شــەڕەوە سەرقاڵ نەبێت، چونکە شــەڕەکە شەڕی دوو ســێ وەزارەتە، لەوانە وەزارەتی پێشــمەرگە و ناوخۆ و مافی مرۆڤ و کۆمەڵایەتــی پێوەندیدارن، دواتر ئەو شارۆچکانەی لە سەر هێڵی گەرمی شەڕەکانن، دۆخی نائاســاییان تێدا رابگەیەندرێت، ئەمە سەیر و سەمەرەیە تا ئێستا دۆخی شەڕ لە کوردستان رانەگەیەندراوە، ئەو کاتە یاســای شەڕ جێبەجێ دەکەین، ئەگەر ئەو یاسایە رابگەیەنین، کۆمەڵێ باری زیادەمان لە کۆڵ دەبێتەوە، تا ئێستا بەلاغی سەربازی لە وەزارەتی پێشمەرگە نییە، پەنتاگۆن هەموو رۆژێ بەلاغی سەربازی دەردەچوێنێت، ئێمە لە بری بەلاغی گشــتی، وتەبێژی فیرقە و لیوا و یەکەکان، بەرپرســی لق و مەڵبەنــدەکان بە تەلەفۆن پێوەندی بــە راگەیاندنەکان دەکــەن و هەواڵی بەرەکان دەگەیەنن، پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە بە رێکخراوەیی ئەمە بکات، کە تۆ وا پیشــان نەدەیت لە شــەڕی مان و نەماندایت، ئیتر خەڵکی چ ئاگای لە مەترســییەکان نابێت و هەر بە حیســابی ســات و کاتــی ئارامی و سەقامگیری و ئاشــتەوایی و خۆشگوزەرانی و داوای هەموو شــتێکت لــێ دەکات، بزانن ئاخۆ چ وڵاتێك لە شەڕێکی وا چارەنووسسازدا بێت، ئەم هەموو سەیرانکەرە لە رۆژانی هەینی دەشــت و کێوەکانیــان گرتبێت، کە لە کاتی ســەیرانەکەی ئەواندا چەندین پێشــمەرگە لە بەرەکان شــەهید دەکرێن؟ بەڵام ئەگــەر رایبگەیەن کە دۆخی ناجێگیرمان هەیە و شــەڕمان هەیە، ئیتر خەڵك بێباکانە تەنیا بیر لە سەیرانگەکان ناکەنەوە، یان رۆژانە لە فڕۆکەخانەکانەوە بە هەزاران خەڵك بە بەرپرسەکانیشەوە گەشتی دەرەوە ناکەن، یەك کەس لە ئوردن کوژرا، هەموو عەرەب هاتنە وەڵام لەســەری، هەشت مانگە بە سەدان کورد ســەردەبڕدرێت و شەهید دەکرێت و ئەتك دەکرێت، وڵاتێکی عەرەبی نەهاتە وەڵام، کۆمکاری عەرەبی تەنیا لەسەر یەك کەسی عەرەبی ئوردنی دێتە وەڵام، پاشای ئوردن بۆ ســووتاندنی یەك کەس هەموو گەشــتەکانی خۆی دواخست و ئیعلانی دۆخی شەڕی لەگەڵ داعش کرد، ئێمە ئەم هەموو مەترســییە لەســەرمانە، هێشتا دۆخی ئیمیرجنسیمان رانەگەیاندووە، مەعقول نییە دوو دۆشکە بۆ بەرەیەکی جەنگ بنێریت، چەندین سەعات لە بازگەکان بە هۆی قەرەباڵغی سەیرانکەرانەوە نەگەنە شوێنی مەبەست.

***ئەگەر لەم دیدارە شــتێك مابێت و ئێمە پرســیارمان نەکردبێت، دەتوانن باسی بکەن؟**

_ ئەوەندە دەڵێم کاك مســعود خۆی هەر لە ســەرەتای لاوێتییەوە پێشــمەرگە بووە و ئێســتاش ســەرۆکێکی پێشــمەرگەیە و ئاگای لــەو ئامانجانەیە کە پێشــتر خەباتی بۆ کردووە، بۆیە بوونی ئەو لە بەرەکانی شەڕدا کاریگــەری زۆر گرنگی هەبووە، بەڵام بواری گرنگتر هەیە بــۆ بەڕێزیان، کە ئەویش بواری دیپلۆماســیەتە، پێویستە لەم دۆخەی ئێستادا لەگەڵ وڵاتانی دۆست بە دۆزی کوردستان زیاتر لە تەماسدا بێت.

**ئەو ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شنگالەوە تا جەلەولا کە بەخوێنی پێشمەرگە ئازاد کراوە و بە خوێنی پێشمەرگە دەپارێزرێت، ئەمانە هەمووی خاکی کوردستانن و هەر لەبەر دەستی پێشمەرگە دەبێت و پێشمەرگەش تەسلیمی هیچ هێزێکی دیکەی ناکاتەوە**

ئالۆن بن مایەر

ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری سیاسی بۆ گوڵان:

# کورد ئەگەر سازش لە ناوخۆیان بکەن هیچ ئاستەنگێک ناتوانێ ڕێگە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بگرێت

پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر گەورە توێژەر لە سەنتەری گلۆباڵ ئەفێرز لە زانکۆی نیویۆرک، هەروەها گەورە توێژەرە لە ئامۆژگای وۆرد پۆلیسی، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لە بواری دانوستاندنی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی تەنگژەکان، لەماوەی ١٧ ساڵی رابردووشدا راستەوخۆ بەشدار بووە لە وتووێژەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی دەوربەری، هەروەها لەگەڵ تورکیاشدا، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی کورد لەناوچەکە و گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیەکان لەناوچەکەدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر بن مایەر ئەنجامدا و بەمجۆرە راو بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** مەترسی هەیە ئەو شەڕە تایفەگەرییەی لە نێوان شیعە و سوننەدا هاتۆتەئاراوە لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بە چەشنی شەڕی سی ساڵەی ئەورووپا درێژە بکێشێت، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە گۆڕانکاریی جیوپۆلەتیکی لێبکەوێتەوە، ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟**

-لێگەڕێ سەرەتا سێ شت بڵێم، ئەوەی لە ئێستا ڕوودەدات دەرئەنجامی چەند ڕووداوێکە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕوویاندا کە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپا بوو، دواتر جەنگی دووەمی جیهانی بەدوادا داهات، کە هێزە گەورەکان بێ لەبەرچاوگرتنی گرووپە ئیتنی و تایفەگەرییەکانی ناوچەکە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دارِشت، لە نێویاندا شیعە و سوننە و کورد و ئەرمەنی و ئەوانی دیکە. ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم پەیوەستە بە سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی ناسەقامگیری بوو لە بەشی زۆری جیهانی عەرەبیدا. هۆکاری سێیەم بە تێڕوانینی من شەڕی عێراق و ئەفغانستان بوو، ئەم دوو شەڕە، بەتایبەتی شەڕی عێراق هاوسەنگی هێزی تێکدا، بەتایبەتی لە نێوان عێراق و ئێراندا، کە هەمیشە سیاسەتی ئەمریکا و ئەورووپا ئەوە بوو ڕێگە نەدەن هیچ لایەکیان باڵادەست بێت و سیاسەتی ئیحتیواکردنیان پیادە دەکرد. دەرئەنجامی شەڕەکە ئەوە بوو عێراق بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئێرانەوە و دەرفەتی بۆ ئێران خوڵقاند بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆی بچەسپێنێت بەسەر پانتاییەکی بەفراواندا لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بەرەو کەنداو، دەسترۆیشتوویەکی زۆریشی هەیە لە عێراق و لە ڕێی ڕژێمەکەی ئەسەدیشەوە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە سووریا و مومارەسەی دەسترۆیشتوویەکی زۆیش دەکات لە لوبنان لە ڕێی حزبوڵڵاوە. ئەمەش

هاوسەنگیی نێوان شیعە و سوننەی هەژاندووە و سوننەکانیش بە رابەرایەتی سعودیە ترسیان لێنیشتووە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە، بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی ئێران شەڕی پاراستنی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەکات لە سووریا و بێگومان لە لوبنانیش. لە ئێستادا شیعەکان زۆرینەن لە ناوچەی کەنداو و سوریادا، لەبەر ئەوەی شیعەکانی عێراق و ئێران زیاتر لە سوننەکانی کەنداو- بە ئوردنیشەوە-، کە نزیکەی ٧٢ ملیۆن شیعەیە لەبەرامبەر نزیکەی ٥٣ ملیۆن سوننە لەو ناوچەیەدا، بە دڵنیاییەوە ئەمە گۆڕانکارییەکی جیوپۆلەتیکی گرنگە لە ناوچەکەدا، نەك لەبەر ئەوەی ئەمە دیاردەیەکی نوێیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆرینەیەکی شیعە هەیە لە ناوچەکەدا و ئێرانیش لە پێگەی پتەوکردنی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئیقلیمی خۆیدایە. ئەوەی ئەسەد کردی لە سووریا، بووە هۆی ئەوەی وڵاتەکە ببێتە گۆڕەپانی شەڕی شیعە و سوننە. ئەم شەڕەی نێوان ئەم دوو تایفەیە بۆ چەندین ساڵ درێژە دەکێشێت و رەنگە بۆ چەندین دەیەش. کاتێك باسی شەڕی ئایینی دەکەیت لە ئەوروپا، ئەوا ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و لە کۆتاییدا رێککەوتن لەسەر جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت کرا و پەرەیان بە کەلتوورێك دا –دیموکراسی- کە هەموو کەسێك ئازادی ئەوەی هەبێت مومارەسەی ئایینی خۆی بکات، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەسافەیەکی زۆریان لە پێشە بۆ گەیشتن بە جیاکردنەوەی مزگەوت لە دەوڵەت، لەبەر ئەوەی ئیسلام زۆر باڵادەستە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. بە تێڕوانینی من چەند دەیەیەکی پێدەچێت بۆ ئەوەی جیهانی عەرەب و جیهانی ئیسلام بگەنە ئەو دۆخەی کە بتوانن هاوسەنگییەك لە نێوان فۆرمێکی دیموکراتی حوکمڕانی و ئایین بدۆزنەوە، ئەمە ماوەیەکی دوور و درێژی دەوێت و شەڕێکی دوور و درێژیشی لێدەکەوێتەوە، ئەمە شتێکی حەتمیە، چونکە زۆرینەی پیاوان و ئافرەتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هۆشیارن بە کەلتووری رۆژئاوا و لە مانای ئازادبوون و یەکسانی تێدەگەین و لە مانای ئومێد بە گەشەکردن و بەرەوپێشچوون تێدەگەن و یاخی دەبن لەو سیستمەی سیاسییەی لە ئارادایە تاوەکو دەگەنە ئەو ئەنجامە، بە راستی ئەمە ئامانجی بەهاری عەرەبی بوو، بەهاری عەرەبیش تەنها ئەو کاتە دەست پێدەکات کە دەوڵەت و سەرۆك وڵاتان و حکومەتە عەرەبییەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت وردە وردە دەست لە هەندێ دەسەڵات هەڵبگرن و دەسەڵاتی زیاتر بدەن بە هاووڵاتیان، بەڵام ئەمە دوای خوێنڕێژییەکی زۆر دروست دەبێت کە سەدان هەزار ئەگەر نەڵێم بە ملیۆنێك خەڵك لە ناو دەچن، بەهۆی ئەو شەڕەوە پێش ئەوەی ئەو سیستمە نوێیە بێتەئاراوە.

**کوردەکانی عێراق و سووریا و تورکیا و ئێران رێکنەکەوتوون لەسەر ئەجێندایەکی هاوبەش، ئەوە گەورەترین لاوازییە و جێی داخێکی زۆرە**

*** دوای هەشت مانگ لە راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی و سەرەڕای هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان لە دژیان، بەڵام هێشتا توانیویانە خاکی زیاتر داگیربکەن و لە دوای کەوتنی دووەم گەورەترین شاری عێراق، موسڵ و داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە، دەبینین میلیشیای شیعە دروست بوون، کە ئێستا میلیشیا شیعەکان لە لوبنان-حزبوڵلا- و سووریا تاوەکو عێراق درێژ بوونەتەوە، ئێستا ئەگەر تەرکیز لەسەر عێراق بکەین، ئایا تا چەند شەڕی شیعە و سوننە دەبێتە هۆی هەرەس پێهێنانی عێراق، بەتایبەت کە دەبینین ئەمریکاش هیچ کارێکی پێنەکرا بە هۆی دۆخی سووریاوە، کە لە ئەنجامدا داعش دروست بوو؟**

- ئەوەی هاتۆتە ئاراوە لە دەرکەوتنی داعش، ئەو راستییەی روون کردۆتەوە کە لە ئێستادا داعش دوژمنی سوننە و شیعەیە لە یەك کاتدا، بەو هۆیەشەوە ئێستا شەڕی راستەخۆ لە نێوان شیعە و سوننەدا راوەستاوە، لەبەر بوونی دوژمنێکی هاوبەش. راستە لەسەرەتادا داعش پێشڕەوی کرد، بەڵام ناتوانن لەوە زیاتر بەرەوپێش بچن و لە راستیدا لە ماوەی دوو تا سێ مانگی رابردوودا پێشڕەوییان نەکردووە. رەنگە بانگەشەی ئەوە بکەن کە خاکی زیاتریان بەدەست هێناوە، بەڵام لە راستیدا واقیعەکە وانییە، ئێستا ئەمریکا و ئەوروپا بە هاوکاری سعودیە و وڵاتانی کەنداو و ئەوەی جێی بایەخ و سەرسوڕمانە بە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی ئێران، لە بەرامبەر داعشدا پێشڕەوی دەکەن. بە تێڕوانینی من داعش لە مەودای دووردا سەرکەوتوو نابێت، رەنگە بتوانن بۆ دوو تا چوار پێنج ساڵی دیکە شەڕ بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا ناتوانن بەرەنگاری ئەو هەموو هێزانە ببنەوە کە دەیانەوێت داعش تێکبشکێنن، هەر کاتێکیش داعش لە گۆڕەپانەکەدا نەما، ئەوا ناکۆکی لە نێوان شیعە و سوننە سەرهەڵدەداتەوە و شەڕی سوننە و شیعە دەست پێدەکاتەوە، بەڵام لە ماوەی چەند مانگ یان چەند ساڵی داهاتوودا دەبێت هێزی پیادە هەبێت کە بەشێکی لە عێراق و بەشێکی لە ئوردن و هەروەها لە سعودیە و بە هەمان شێوە ئەمریکا و ئەوروپییەکان پێکهاتبێت بۆ تێکشکاندنی داعش، هێشتا کارێکی زۆر ماوە بکرێت، بەڵام هیچ رێگەچارەیەکیان نییە تەنها ئەوە نەبێت لە مانگەکانی داهاتوودا پەرە بە هێزی خۆیان بدەن، چونکە داعش تەنها دژی شیعە و سوننە نییە، بەڵکو دژی رۆژئاواشە،

**داعش تەنها دژی شیعە و سوننە نییە، بەڵکو دژی رۆژئاواشە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەری سەرکەوتنی داعش بە هیچ شێوەیەك ئەگەرێکی گەورە نییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتە عەرەبییەکان لە هەنگاوەکانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش زۆر سستن**

هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەری سەرکەوتنی داعش بە هیچ شێوەیەك ئەگەرێکی گەورە نییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتە عەرەبییەکان لە هەنگاوەکانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش زۆر سستن. ئێستا ئەوان درکیان بەوە کردووە کە هەنگاو هەڵگرتن بەو سستییە سەرکەوتنی بە دوادا نایەت و دەبێت بە زووترین کات هێزی زیاتر بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی داعش هیچ دەرفەتێکی نەبێت خاکی زیاتر کۆنترۆڵ بکات.

*** هەرێمی کوردستان رووبەڕووی دوو بارودۆخ بۆتەوە، لەلایەکەوە ئەمریکا هاوکار بوو لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا- بە سەرۆکایەتی عەبادی- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤دا بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا، کەچی دوای چەند مانگێك دەبینین کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق دروست بوونەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە کاتێك کوردستان لەلایەك شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی عێراق بودجەکەی لێبڕیوە، ئایا جگە لە سەربەخۆیی کورد هیچ بەدیلێکی دیکەیان لە بەردەمدا هەیە؟**

- ناتوانرێت لە ئێستادا عێراق وەك وڵاتێکی تەواو یەکگرتوو رێکبخرێتەوە، باشترین رێگەچارە بۆ عێراق جۆرێکە لە فیدراڵیزم، بە تێڕوانینی من کوردەکانی عێراق لە بنەڕەتدا لە زۆر لایەنی جیاوازەوە سەربەخۆن- تەنها بە ناو نەبێت- لە حکومەتی عێراق. پێموایە هۆی شەڕی شیعە و سوننەوە، هەروەها بەهۆی ئەو شەڕەی لە ناو عێراقیشدا دەگوزەرێت، ئەوا کورد کاری خۆیان دەکەن و هەروەها ئێستا لە سووریاش کوردەکان زیاتر و زیاتر خۆبەڕێوەبەری «ئۆتۆنۆمی» خۆیان بەهێزتر دەکەن، بەڵام ئەگەر بپرسین ئەم پرۆسەیە تا چەند بە خێرایی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەڵدەگرێت؟ ئەوا دەبێت چەند شتێك لەبەرچاو بگرین، ئایا هەڵوێستی حکومەتی نوێی عێراق چی دەبێت، نەك حکومەتەکەی عەبادی کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات لە پەیوەندی بە سوننەکانەوە، چونکە نەك هەر تەنها کورد خاوەنی خۆبەڕێوبەری دەبن، بگرە رەنگە بەرەو دروستکردنی دەوڵەتیش هەنگاو هەڵبگرن، بەڵکو سوننەکانیش جارێکی دیکە رازی نابن بگەڕێنەوە بارودۆخی پێشوو، بەڵکو ئەوانیش چاویان لە خۆبەڕێوەبەرییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن شیعەکانەوە- لە ناوەند و باشوورەوە- حوکمڕانی نەکرێن، لەبەر ئەوە رەنگە عێراق دابەش بێت، بۆ سێ وڵات، کە رەنگە هەندێ رایەڵ گرێیان بداتەوە بە حکومەتی مەرکەزییەوە-زۆر بە توندی نا-، ئەویش لە پەیوەندی بە پرسی دابەشکردنی داهاتی نەتەوە بۆی هەیە هاوکارییەکی زۆر بکەن لە بواری بەرگریدا، بەڵام تەنانەت ئەوەش زۆر زەحمەت دەبێت، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆیی سووریاوە کورد پێگەی خۆیان چەسپاندووە و چیتر ئامادەنین بگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشوو، چاویان لە دووبارەکردنەوەی مۆدێلی عێراقی و لە ئاستێك لە خۆبەڕێوەبەرییە. کێشەی کورد لە ئێستادا- کە ئەمەش گەورەترین کێشەیە- ئەوەیە بۆچوونی ناکۆك بە یەکیان هەیە و هاوڕانین لەگەڵ یەکدا، بۆ نموونە هیچ رێککەوتنێك نییە لە نێوان کوردی عێراق و کوردی سووریا، یان کوردی عێراق هەمان بۆچوون و تێڕوانینان نییە لەگەڵ کوردی تورکیادا، کەواتە کوردی عێراق و سووریا و تورکیا و ئێران رێکنکەوتوون لەسەر ئەجێندایەکی هاوبەش، ئەوە گەورەترین لاوازییە و جێی داخێکی زۆرە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە روونادات، حاڵی حازر کورد حوکمڕانییە خۆبەڕێوەبەرییەکانی خۆیان زیاتر و زیاتر دەچەسپێنن. ئەگەر عێراق بەردەوام بەرەو لەبەرەیەك هەڵوەشانەوە بچێت و ئەگەر شەڕی شیعە و سوننە بەردەوام بێت، ئەوا کوردی عێراق دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت سەربەخۆ بن. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت زیادی بکەم ئەوەیە تورکیا کە هەمیشە بەرهەڵستی سەربەخۆیی کوردی عێراقی دەکرد، ئێستا هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە و راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردی عێراقدا دەکات و رەنگە ئێستا پتر کراوە بن بەسەر ئەو ئەگەرەدا کە ئەگەر کوردی عێراق سەربەخۆ بوون، ئەوا چیتر بەرهەڵستی نەکەن، چونکە ناکۆکییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ حکومەتی شیعەی مەرکەزی لە عێراق. لەبەر ئەوە ئەم داینامیکیەتە گۆڕاوە و ئەو داینامیکیەتە جیوپۆلەتیکییە بۆ ماوەیەك درێژە دەکێشن، تاوەکو مەسەلەکان یەکلا دەکرێنەوە.

*** دواوتەت بۆ گۆڤارەکەمان چییە؟**

- پەیامی من بۆ کوردی ئەوەیە یەکگرتوو بن، فێر بن سازش بۆ یەکتری بکەن و بەهێزترین رێگەچارە و تاکە رێگەچارەیەکیش لەبەردەمیاندا بۆ ئەوەی براوە بن و بە سەرکەوتوویی لەم شەڕە بێنە دەرەوە، ئەوەیە فێربن چۆن سازش بکەن بۆ یەکتر و ئەگەر بتوانن ئەو کارە بکەن، هیچ شتێك رێگرییان لێناکات لە بەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن. کێشە گەورەکە ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، هەروەها کێشەکە ئەوەیە کورد ناتوانن بگەنە رێککەوتن لەسەر ئەجێندایەکی هاوبەش. پەیامی من ئەوەیە بیر لە ئایندە بکەنەوە و بیر لە منداڵەکانتان بکەنەوە و بیر لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانتان بکەنەوە و یەکگرتوو بن.

**داعش لە مەودای دووردا سەرکەوتوو نابێت، رەنگە بتوانن بۆ دوو تا چوار پێنج ساڵی دیکە شەڕ بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا ناتوانن بەرەنگاری ئەو هەموو هێزانە ببنەوە کە دەیانەوێت داعش تێکبشکێنن، هەر کاتێکیش داعش لە گۆڕەپانەکەدا نەما، ئەوا ناکۆکی لە نێوان شیعە و سوننە سەرهەڵدەداتەوە و شەڕی سوننە و شیعە دەست پێدەکاتەوە**

**شەڕی ئایینی لە ئەوروپا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و لە کۆتاییدا رێککەوتن لەسەر جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت کرا و پەرەیان بە کەلتوورێک دا —دیموکراسی- کە هەموو کەسێک ئازادی ئەوەی هەبێت مومارەسەی ئایینی خۆی بکات، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەسافەیەکی زۆریان لە پێشە بۆ گەیشتن بە جیاکردنەوەی مزگەوت لە دەوڵەت**




دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشید وەزیری تەندروستی بۆ گوڵان:

# سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پشتگیریی چاکسازی لە کەرتی تەندروستی دەکات

# بڕیارە سیستەمی تەندروستیی ئوردن جێبەجێ بکرێت

**کەرتی تەندروستی یەکێکە لەو کەرتانەی کە لەم قەیرانە داراییەدا زیانی سەرەکی بەرکەوتووە، ئەمەش بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان دروستکردووە، لە کاتێکدا پێشتر خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانیی پێشخستنی کەرتی تەندروستی و کۆنترۆڵکردنی دەرمان و داشکانی نرخ و تێچوونی چارەسەرە تەندروستی و پزیشکییەکان بوون، ئێستا لەگەڵ هاتنی ملیۆن و نیوێك ئاوارە و پەناهەندە پێداویستییە تەندروستییەکان رووی لە هەڵکشان کردووە و بەوەش قەیرانی کەمیی دەرمان و گرانیی کەرتی تەندروستی زیاتر دەبێت، ئایا وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم بوارە خۆی ئامادە کردووە؟ لەم دیمانەیەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر رێکەوت حەمە رەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان لە بواری تەندروستیدا دووجار زیانی بە کوردستان گەیاندووە، جارێك گرفتی کەمیی دەرمانی لێکەوتۆتەوە، جارێکیش پرۆژەکانی چاکسازی و پێشخستنی کەرتی تەندروستی دواخستووە، لەمبارەوە راتان چییە؟**

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، دواتر شەڕی داعش و هاتنی ملیۆن و نیوێك ئاوارە و پەناهەندەی هاتە سەر، لەم شەڕەی تیرۆرستانی داعش زیاتر لە ١٠٠٠ شەهید و سەدان برینداری لێکەوتەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم کارەساتە مرۆییە و ئەو شەڕە نەخوازراوەی بەسەر گەلی کوردستاندا هات، سەدان تۆن دەرمان و پێداویستی تەندروستیمان تەرخانکرد، ئەمە جگە لەو هەموو تیمە پزیشکییە، ئەوانەش لەکاتێکدان کە توانای دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان سنووردارە، لەگەڵ ئەمەشدا بە پاڵپشتی ئەنجومەنی وەزیران و هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك توانیمان لە فریاکەوتنی بارودۆخەکە سەرکەوتوو بین، تەنانەت رێگەمان نەدا بە وەرزی گەرمی هاوین هیچ پەتا و نەخۆشییەك لە کوردستان بڵاو ببێتەوە، سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش، کاتێك بارودۆخەکە بەمشێوەیە بێت و حکومەتی عێراقیش ئامادە نەبێت دەرمان و پێداویستی پزیشکی بنێرێت، ئەوا بێگومان کاریگەری دەبێت، بێگومان ئێمەش لە بەردەم گرفتێکی گەورەدایین، راستە حکومەتی عێراق هەندێك دەرمان بۆ ئاوارەو پەنابەرەکان دەنێرێت، کە بە رێژەی ٤٥٪ی پێداویستی پزیشکی و داودەرمانە، یان رێکخراوی تەندروستی جیهانی کۆمەکیان کردووین، بەڵام هێشتا بارگرانییەکی زۆر لەسەر شانی وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێم و هاووڵاتیانی کوردستانە، لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێم بە دژوارترین قەیرانی دارایی تێپەڕ دەبێت، هەر بۆیە کاریگەریی خراپی لەسەر رەوشی کەرتی تەندروستی و جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان هەبووە.

***هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی تەندروستی رێکوپێك هەیە، بۆچی ئەو دەستپێشخەرییە ناکەن و کەرتی گشتی و تایبەت رێکبخەنەوە؟**

- من لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە پزیشکم و ١٧ ساڵیشە وەکو بەڕێوەبەر و سەرۆکی پزیشکە موقیمەکان و بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی دەزگای تەندروستیی پێشمەرگە کارم کردووە، هەربۆیە لەمەدا وەکو پسپۆڕ و شارەزایەك وەڵامی پرسیارەکەتان دەدەمەوە و پێموایە کێشەی کەرتی تەندروستی لەم هەرێمە لە چەند خاڵێکی جەوهەری خۆی دەبینێتەوە:

١- تێکەڵبوونی کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەتی، کاتێك لە کۆتایی مانگی رابردوو سەردانی وڵاتی ئوردنم کرد، تێبینی بوونی کەرتێکی تەندروستی سەرکەوتووم کرد، ئەویش جیاکردنەوەی کەرتی گشتی تەندروستی لە کەرتی تایبەتی تەندروستی، بگرە کەرتی تەندروستی سەربازیش لەکەرتی زانکۆ جیایە، واتا وڵاتی ئوردن خاوەنی چوار کەرتی تەندروستییە، ژمارەی دانیشتووان و باری ئابووریشی لە هەرێمی کوردستانەوە نزیکە، هەر بۆیە دوای راوێژکردن لەگەڵ جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارمان دا وڵاتی ئوردن بکەینە نموونەیەك بۆ پێشخستنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، واتا کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کەرتی تەندروستی بەجیاکردنەوەی کەرتی گشتییە لە کەرتی تایبەت. دەبێت کەرتی تایبەت هەمان ئەو رێنماییانەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت کە بەسەر کەرتی گشتی تەندروستی دەیسەپێنین، من پێموایە بەتەنیا سەندیکای پزیشکان ناتوانێت ئەو یاساو رێنماییانەی بۆ کەرتی تایبەت پێویستە جێبەجێی بکات. دەبێت گۆڕانێکی تەواو لە یاساو رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بکەین.

٢- ئەو بودجەیەی بۆ کەرتی تەندروستی دابین دەکرێت لەئاست خواست و پێشکەوتنە زانستی و پزیشکی و پێداویستییە هەڵکشاوەکانی خەڵکدا نییە، هەربۆیە دەبێت یاسای بیمەی تەندروستی جێبەجێ بکەین، ئەو یاسایەی

**لەسەرجەم کەمپەکانی ئاوارەکان یەکەی تەندروستی و پزیشکی لێیە و لە زۆر کەمپ ئەمبوڵانس دانراوە، تاوەکو هەر نەخۆشییەک چارەسەری لە کەمپەکە نەبوو، بە زووترین کات بگەیەندرێتە نەخۆشخانەکانی هەرێم**

**بڕیارە ئەمساڵ بە تەواوەتی بازاڕەکانی کوردستان لە دەرمانی خراپ و کوالێتی نزم پاک بکەینەوە، قاچاخچی دەرمان و سەرپێچیکارانیش سزای توند دەدەین**

**لە ساڵی ٢٠١٤ نەمانتوانیوە بەپێی پێویست دەرمان بکڕین و ئێستا زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دۆلار قەرزاری بازاڕین**

**زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامادە نین خۆیەخشانە ڕێنماییەکانی هۆشیاریمان بۆ بڵاو بکەنەوە و داوای پارە دەکەن**

**ئەو دەنگۆیانەی لە هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندنەوە سەبارەت بە نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە و بەراز بڵاودەبنەوە، دوورن لە ڕاستیەوە**

**لە بەرنامەدایە پزیشکی خێزان لەکوردستان زۆر بکەین و مووچەیان بۆ زیاد بکەین و هانبدرێن ئەو بەشە هەڵبژێرن**

**بڕیار دراوە نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخی پێشکەوتووی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە دروستبکرێت، بەڵام لە بەر نەبوونی بودجە و قەیرانی دارایی دروست کردنی ئەو نەخۆشخانەیە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە**

هاووڵاتیان لە مووچەی خۆیان، یا لە پارەی خۆیان بڕێکی کەم پارە بدەن بە بیمەی حکومەت لەبەرامبەردا خزمەتگوزاری تەندروستیان پێشکەش دەکرێت، ئێستا خەڵکی ئەو بیمە کەمە نادات، بەڵام لەناکاودا دووچاری نەخۆشییەك دەبێت، دەچێتە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی و زیاتر لە ٣ ملیۆن دینار خەرج دەکات، ئەمەش بارگرانی و زەحمەتییەکی زۆرە.

٣- دەسەڵات لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و سەندیکاکانی پزیشکیدا تێکەڵاوییەکی زۆری تێدایە، هەربۆیە ئەنجومەنێك، یا دامەزراوەیەك نییە داکۆکی و بەرگری لە مافی نەخۆش بکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش ئێستا ڕەشنووسی پڕۆژەیەکی تایبەتمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردووە، ئەوانیش سەرقاڵی گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی ڕەشنووسی ئەو پڕۆژە گرنگەن بە تەواوبوونی دەنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان. ئەم ئەنجومەنە بەرپرسە لە ئیشپێکردنی پزیشکان و کارمەندان و فەرمانبەرانی بواری تەندروستی و بەدواداچوونی کاری دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت، ئەمە جگە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردن و کوالێتی کۆنترۆڵی دەزگاکان و چۆنیەتی کارکردنیان، هەر بۆیە بە دامەزراندنی ئەنجومەنی پزیشکی مافی نەخۆش پارێزراو دەبێت، هەروەکو چۆن ئیشپێکردنی سیستەمی پزیشکی ڕێکدەخات. کەواتە مەرجی سەرەکی پاراستنی مافی نەخۆش لە هەردوو کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنی پزیشکی دەبێت.

***باسی سیستمی تەندروستیی وڵاتی ئوردنتان کرد، ئەو وڵاتە چ هاوکارییەکتان دەکات؟**

- لەگەڵ وڵاتی ئوردن ڕێککەوتووین کە چەند شارەزا و پسپۆڕێکی پزیشکیمان بۆ بنێرن تاوەکو لە بوارەکانی خواردن و داودەرمان و پەرستیاری سوودیان لێ وەربگرین.

*** یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کەوتۆتە سەرشانی وەزارەتی تەندروستی تیمارکردن و فریاکەوتنی بریندارەکانی پێشمەرگەیە، ئایا بێ بوونی نەخۆشخانە و کەرتێکی تەندروستی سەربازی تاچەند توانیوتانە لەم ئەرکەتاندا سەرکەوتوو بن؟**

- وەزارەتی تەندروستی لەهەموو میحوەر و بەرەکانی شەڕ تیمی تایبەت بە بواری تەندروستی و فریاکەوتنی خێرای هەیە، من لێرەوە سوپاسی ماندووبوون و سەرکەوتنی ئەرکی سەرشانی ئەو تیمانە دەکەم کە لە خزمەتی پێشمەرگە و نیشتمانەکەیاندان، ئێمە لە سەرجەم نەخۆشخانەکانی کوردستان پێشوازی لە بریندارەکانی پێشمەرگە دەکەین، ئەگەر چارەسەر لای ئێمە نەبوو، ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتیان دەکەین، وەزارەتی پێشمەرگە بەو ئەرکە هەڵدەستێت، پێشمەرگەمان لە وڵاتانی تورکیا و ئوردن و ئەڵمانیا و دوبەی تیمار کردووە، نەخۆشخانەی شۆڕش لە سلێمانی و ئیمرجنسی لە هەولێر تایبەتن بە بریندارەکانی هێزی پێشمەرگە، تەنیا کێشەمان لە شاری دهۆك هەیە کە یەك نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم نەخۆشخانەکانی شارەکان لە کاتی هەبوونی بریندارێکی پێشمەرگە زۆر بە باشی لە خزمەتیاندان، بڕیاریش دراوە نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخی پێشکەوتووی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە دروستبکرێت، بەڵام لە بەر نەبوونی بودجە و قەیرانی دارایی دروست کردنی ئەو نەخۆشخانەیە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** ئاماژەت بە کێشەکانی کەرتی تەندروستی کرد، بەڵام نەبوونی یا کەمی پزیشك و پسپۆڕایەتیەکان لەهەندێك بواردا گرفتێکی مەترسیدارە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە بۆچی هەماهەنگیتان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە؟**

- لە کابینەی حەوتەمدا بەرنامەیەکی تۆکمە دانرا بۆ بونیاتنانەوە و پەرەپێدانی ژێرخانی تەندروستی، ئەوە بوو بەردی بناغەی ٢٥٠٠ قەرەوێڵە دانرا و بڕی ١ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن دۆلار پڕۆژەی کەرتی تەندروستی لە ژێر ئەنجامداندان، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی زۆربەی پڕۆژەکان وەستاون، لەوانەش پڕۆژەی بینایەی وەزارەتی تەندروستی، نەخۆشخانە هەیە ٢٩٠ قەرەوێڵەیە و هەیە ٣٠٠ و ٣٣٠ کە هەر هەمووی بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەستاوە، سەبارەت بە پزیشکیش لەکابینەی حەوتدا نزیکەی ٢٧٠٠ پزیشکمان دامەزراندووە، ئەمە جگە لەو هەموو فەرمانبەر و کارمەندە تەندروستییە کە دامانمەزراند، بۆ ئەو گرفتەی بەڕێزتان باسی دەکەن، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، گەرچی وەزارەتی خوێندنی باڵا گرفتی ئەوەی هەیە ناتوانێت هەموو نمرەیەك لە کۆلێژەکانی پزیشکی وەربگرێت، لەمەشدا پاساو و بیانووی خۆیان هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا لەم هەفتەیە چاوم بە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەوێت کە پاڵپشتی تەواوم دەکات بۆ چاکسازیی لەکەرتی تەندروستی، لەم هەفتەیەدا چەند شارەزایەکی پزیشکی لە وڵاتی ئوردنیش دەگەنە کوردستان و گفتوگۆ و ڕاوێژیان پێ دەکەین، تاوەکو دەست بەجیاکردنەوەی هەردوو کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەت و مەسەلەی یاسای بیمەی تەندروستی بکەین.

*** ئەی سەبارەت بە پزیشکی خێزان ئەو پرۆسەیەی دەستتان پێکرد بە کوێ گەیشت؟**

- سیستەمی پزیشکی فامڵی گرنگییەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی تاکەکانی خێزان هەیە و هەر ئەویش بڕیار دەدات نەخۆش بنێرێتە لای چ پسپۆڕایەتیەك، ئێستا جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە بەهۆی قەیرانی داراییەوە

کەمێك دواکەوتووە، بەڵام لە بەرنامەدایە پزیشکی خێزان لەکوردستان زۆر بکەین و مووچەیان بۆ زیاد بکەین و هانبدرێن ئەو بەشە هەڵبژێرن.

*** ئایا راستە هەندێك نەخۆشی و پەتا لەکوردستان بڵاوبۆتەوە وەکو نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە و بەراز یاخود رێژەی نەخۆشیی منداڵان لە کاتی لەدایکبوون لە زیادبووندایە بەتایبەتی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵ؟**

- ئەو دەنگۆیانەی لە هەندێك کەناڵی راگەیاندنەوە سەبارەت بە نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە و بەراز بڵاودەبێتەوە، دوورن لە راستیەوە، خۆزگەم ئەو کەناڵانە دەیانزانی لەم شەڕەدا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی وا خراپ چ زیانێك لە هەرێمی کوردستان و خەڵك دەدەن، ئێمە خۆمان دوای نەخۆشی دەکەوین، قەڵاچۆی بکەین، نەك نەخۆشی بشارینەوە لە هاووڵاتیانی خۆمان، خۆ ئەگەر خوانەخواستە نەخۆشییەکی وا هەبێت، هەڵمەتی هۆشیاری دەست پێ دەکەین و وابزانم ژمارەی تەلەفۆنی وتەبێژ و خۆم بەردەوام کراوەیە، نازانم ئیتر بۆ هەوڵی وا خراپ بڵاودەکەنەوە، یەك دوو نەخۆشی هەبوو، گومانی لێدەکرا پشکنینی پێویستمان بۆ کردووە و هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە لە دەرکەوتنی هەر نەخۆشییەك. سەبارەت بە دیاردەی منداڵی نەخۆش، یا نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵ بەڵی لە کوردستاندا هەیە، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵدایە، هۆکارەکەشی زۆرە وەك بۆماوەیی لەکاتی دووگیانی دایك، لەکاتی لەدایکبوون، لەدوای لەدایکبوونیش، ئێستا ئەو دیاردەیە لە ژێر دیراسەتدایە، ئەوەی بەمن گەیشتووە رێژەکەی لە ستانداردی جیهانی تێپەڕی نەکردووە و کۆنترۆڵیش بە ئاراستەیەکی باش دەڕوات.

*** ئایا لەم بارودۆخە بەتایبەتی لە فریاکەوتنی ئاوارەو پەناهەندەکان رێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوکار و کۆمەکی ئێوەیان کردووە؟**

- رێکخراوی تەندروستی جیهانی رۆڵێکی باش و زۆری هەبوو لە کەمکردنەوەی ئەو بارگرانی و قورساییەی لەساڵی رابردوو و ئەمساڵدا کەوتبووە سەرشانی وەزارەتی تەندروستی، بە رادەیەك لە دروستکردنی بنکەی تەندروستی و دابینکردنی دەرمان و هێنانی نەخۆشخانەی گەڕۆك رۆڵیان هەبووە.

***بۆچی بەهاوشێوەی سیستەمە پێشکەوتووەکانی تەندروستی جیهانی گرنگی بەهۆشیاری و سەلامەتی نادەن تاوەکو خەرجیەکانیشتان کەم بێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، بەڵام زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن ئامادە نین خۆبەخشانە رێنماییەکانی هۆشیاریمان بۆ بڵاو بکەنەوە و داوای پارە دەکەن، ئەگینا هەڵمەتی هۆشیاری و بەهێزکردنی زانیاریی تەندروستی رۆڵی لە کەمبوونەوەی نەخۆشی هەیە، لە هەڵمەتی ئەم دواییەی ئەنفلۆنزا کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر پێشوازیکردن لە هەڵمەتەکە و سەرکەوتنی.

*** زۆر باسمان لە قەیرانی دارایی کرد و سوپاسی رۆڵی پزیشکەکانیشت کرد، ئەی بۆچی نرخی نۆرینگە و تاقیگە و خەرجییەکانی دیکەی تەندروستی کەم نەبۆتەوە، لەکاتێکدا مووچە دوادەکەوێت و هەژاری و بێکاری سەری هەڵداوە؟**

- وەڵامی ئەو پرسیارە لای من نییە، ئەو پرسیارە لەسەندیکای پزیشکان بکەن، بزانن بۆچی نرخی نۆرینگە و تاقیگە هەرزان نەبووە لەم قەیرانەدا، منیش لەگەڵ ئەو پرسیارەی ئێوەدام و پێویستە لەم بارودۆخە چاوخشاندنەوە بە نرخەکان بکرێت، نرخی نۆرینگەکان ئیشی سەندیکای پزیشکانی کوردستانە، هەرچەندە زانیاریم هەیە کە سەندیکا سەرقاڵی دارشتنەوەی نرخەکانە، ئێمەش رێنمایی پێویستمان بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگەکان دەرکردووە، چیمان لەدەست بێت بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە دریخی ناکەین.

*** هاووڵاتیان گلەیی و رەخنەی بەردەوامیان لە نەبوونی دەرمان لە نەخۆشخانەکان و کۆنترۆڵنەکردنی دیاردەی دەرمانی خراپ و کوالێتی نزم لە دەرمانخانەکان دەکەن، ئایا لەم بوارەدا چیتان کردووە؟**

- کاتێك پارە نەبێت، دەرمان بە چی بکڕین؟ لەساڵی ٢٠١٢ زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەرمانمان کڕیوە لە ٢٠١٣ بەهەمانشێوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ نەمانتوانیوە بەپێی پێویست دەرمان بکڕین و ئێستا زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دۆلار قەرزاری بازاڕین، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتوانایدا نییە بودجە بۆ ئەو هەموو بوارانە تەرخان بکات، ئێستا دابینکردنی مووچە لە ریزبەندی کارەکانیدایە، چارەسەر هەر وەکو گوتم تەنیا بە جێبەجێکردنی بیمەی تەندروستی دەبێت. سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی دەرمان بڕیارە ئەمساڵ بە تەواوەتی بازاڕەکانی کوردستان لە دەرمانی خراپ و کوالێتی نزم پاك بکەینەوە، قاچاخچیی دەرمان و سەرپێچیکارانیش سزای توند دەدەین، هەروەکو چۆن ١٧ کۆمپانیامان سزا داوە و دراونەتە دادگا، هەروەها کوالێتی کۆنترۆڵمان رێکخستۆتەوە و بەشێوەیەکی باش پرۆسەی پشکنینی دەرمان دەستی پێکردووە و لە ٩٠٪ی دەرمانەکان خۆمان کاری پشکنینی بۆ دەکەین، لەم پرۆسەیەش بەردەوام دەبین گەرچی کاتی دەوێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو بنبڕی دیاردەکە بکەین.

*** ئایا بۆ ٣٠ کەمپی ئاوارە و پەناهەندە کە زۆر پێویستیان بە کەرتی تەندروستی هەیە، چی کراوە؟**

- ئێستا لەسەرجەم کەمپەکانی ئاوارەکان یەکەی تەندروستی و پزیشکی لێیە و لە زۆر کەمپ ئەمبۆڵانس دانراوە، تاوەکو هەر نەخۆشییەك چارەسەری لە کەمپەکە نەبوو، بە زووترین کات بگەیەندرێتە نەخۆشخانەکانی هەرێم.


**لە سەرجەم نەخۆشخانەکانی کوردستان پێشوازی لە بریندارەکانی پێشمەرگە دەکەین، ئەگەر چارەسەر لای ئێمە نەبوو، رەوانەی دەرەوەی وڵاتیان دەکەین**

**ئەنجومەنێک، یا دامەزراوەیەک نییە داکۆکی و بەرگری لە مافی نەخۆش بکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش ئێستا رەشنووسی پرۆژەیەکی تایبەتمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردووە**

**لەگەڵ وڵاتی ئوردن رێککەوتووین کە چەند شارەزا و پسپۆڕێکی پزیشکیمان بۆ بنێرن تاوەکو لە بوارەکانی خواردن و داودەرمان و پەرستیاری سودیان لێ وەربگرین**

## جۆن ئەنتۆنیۆ فلۆد
## پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# هەڵوەشانەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ کلیلی چارەسەری کێشەکانە، بەڵام کێ نەخشە تازەکە دادەڕێژێتەوە؟



**پرۆفیسۆر جۆن ئەنتۆنیۆ فلۆد ئوستادی یاسایە لە زانکۆی وێستمینستر لە بەریتانیا و تایبەتمەندە لەیاسای نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تەحەددی و هەڕەشانەی رووبەڕووی سیستمی جیهانی دەبنەوە و مەترسییەکانی هەرەسهێنانی سیستمی جیهانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان ئەمڕۆ لە جیهاندا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ رێکخست و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا دوو کۆنفڕانسی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوون، کە بریتی بوون لە کۆنفڕانسی داڤۆس و کۆنفڕانسی میونیخ بۆ ئاسایش، راپۆرتی ئامادەکاری کۆنفڕانسی میونیخ بۆ ئاشتی، ناونیشانی «سیستمی هەرەسهاتوو»ی هەڵگرتبوو، هەروەها لە داڤۆس جەخت لەسەر هەرەسهێنانی سیستمی جیهانی کرایەوە، ئەو سیستمەی لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە هاتەئاراوە. بەڵام جۆن کێری و جۆ بایدن ئەم بیرۆکەیەیان رەتکردەوە و رایانگەیاند کە سیستمی جیهانی هەرەسی نەهێناوە. بە بۆچوونی ئێوە، ئایا بۆچی ئەمریکا ئەم ترسە دەشارێتەوە لە کاتێکدا سەرجەم جیهان هەستی پێدەکات؟**

- تا ئەو رادەیەی کە ئەمریکا تەبەنی بیرۆکەکانی فۆکۆیاما دەکات کە پەیوەستن بە کۆتاییهاتنی شەڕی سارد بریتی بوو لە کۆتایی هاتنی مێژوو، ئەمە سەرکەوتنی سەرمایەداری بوو. هەروەها بەوەی دیالێکتیکی مارکسیست گەیشتە دەرئەنجامی خۆی. ئەگەرچی فۆکۆیاما درك بەوە دەکات کە بیردۆزەکەی

زیادەڕەوی تێدا کرا و هەڵە بوو. جۆرج بوشی باوك باسی لە سیستمی نوێی جیهانی کرد کە لە شەڕی ساردەوە سەریهەڵدا. ئەم بیرکردنەوەیە پشت بە ئایدیای جیهانی تاکجەمسەری دەبەستێت (دوای هەرەسهێنانی جیهانی دووجەمسەری بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت) لە کاتێکدا حاڵی حازر ئێمە لە جیهانێکی فرەجەمسەریدا دەژین کە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر هێز تێیدا پەرش و بڵاو بۆتەوە. ئەمریکا دەستی گرتووە بە بیرۆکەی پاکس ئەمریکاناوە تا ئەو کاتەی پێیوایە سوپاکەی توانای راگرتنی ئاسایشی جیهانی هەیە، بەڵام فرەجەمسەری ئەم ئەرکە قورستر دەکات بەتایبەتی کاتێك دەردەکەوێت هاوپەیمانەکان پابەند نابن بە پاراستنی ئاسایشی جیهانەوە. ئەگەر ئەمریکا دان بە هەرەسهێنانی سیستمەکەدا بنێت، ئەوا ئەمە دانپێدانانە بە لاوازی خۆیدا. ئەو ناتوانێت ئەم کارە بکات. کاریگەری رەمزی ئەم دانپێدانانە کاریگەرییەکی مەزن و رووخێنەر دەبێت لەسەر پێگەی هەژمونگەرایی ئەمریکا. هەڵکشانی هێزی سەربازی چین بە مانای ئەوە دێت کە ئەمریکا نائارەزوومەندانە تێوەگلاوە لە پێشبڕکێیەکی دیکەی خۆپڕچەککردن. درێژەدان بە پابەندبوونی سەربازی بارگرانییە، هەر لەبەر ئەمەشە وەبەرهێنانێکی زۆر دەکات لە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا وەك چارەسەرێك. لەگەڵ ئەوەشدا، مەزنترین ئابووریناس «جۆن مایانارد کەینیس» دەڵێت: بۆی هەیە باجی ئاشتی زۆر گەورەتر بێت کە وڵاتان نەتوانن بەرگەی بگرن. شەڕ چالاکییەکی ئابووری زۆر و زەوەند و داهێنانکارانەی لێ دروست دەبێت، سەرەڕای ئەوەی قەرزیشی لێدەکەوێتەوە. کەواتە پێویستە ئەمریکا مەترسیی سیستمی هەرەسهاتوو فەراموش بکات.

*** ئەو تەحەددییانەی جیهان لە ساڵی ٢٠١٥دا رووبەڕووی دەبێتەوە بریتین لە گۆڕانکاری جیوپۆلەتیکی، نەك تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لە ئەورووپاش، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی کریمیا لەلایەن رووسیا و رەتکردنەوەی ئەندامێتی ئۆکرانیا لە یەکێتی ئەورووپا. ئایا هاوڕانیین لەگەڵ ئەوەی ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی شەڕی سارد؟**

-بەڵێ وایە و ئەمەش لە وەڵامەکەی پێشۆوە سەرچاوە دەگرێت. رووسیا هەوڵ دەدات شکۆی رابردووی قەیسەر و کۆمۆنیستەکان بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام خۆی لە هاودژییەکدا دەبینێتەوە. ئەگەرچی پۆتین بە چەشنی ستالین دەستی داوەتە بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات (کۆنترۆڵ) بەڵام ئامرازی سەپاندنی لەبەردەستدا نییە. ئەو بە شێوەیەکی مەترسیدار پێگەیەکی لە نێوان کۆنترۆڵ و پشێویدا جێگیر کردووە. کەمبوونەوەی داهاتی فرۆشتنی سەرچاوە سروشتییەکان بە مانای ئەوە دێت کە ئەو دەستە و تاقمە بچووکەی کە دەوڵەمەندی کردوون، بۆی هەیە دژی هەڵگەڕێنەوە. لە بری سیستمێکی تەقلیدی کۆنترۆڵکردنی ئابووری بە چەشنی ئەوەی لە رۆژگاری کۆمۆنیزمدا لە ئارادا بوو، پۆتین فۆرمێکی سەرمایەداری کاوبۆ ئاسا پیادە دەکات کە هاوشانە بە چەتەیەکی رێکخراو. ئەگەر وریا نەبین ئەوا پۆتین لە دۆخێکدا جێدەهێڵین کە تاکە بژاردەی بەردەمی بریتی بێت لە رێگەچارەی هیچ، یان هەموو شتێك. ئەمەش بۆ سەرتاسەری جیهان کارێکی مەترسیدارە، بەڵام ئەو تەنها نموونەیەکە لە پەرەسەندنی جیهانی فرەجەمسەری، هەروەها ئێران و چین و هیندستان کە بوونەتە جێی سەرنج و بەشدارییەکی روو لە زیادیان هەیە لە سیستمی جیهانیدا. هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە گرنگن. هەر یەکەیان ناوچەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان هەیە و رادەیەك لە هێزی نەرم مومارەسە دەکەن لە چەند بەشێکی جیاوازی جیهاندا. جیهان رووبەڕووی دابەشبوون بۆتەوە بەهۆی ئەوەی هاوپەیمانێتی و دوژمنایەتییە کۆنەکان ڕیزبەندیان لە نێو وڵاتاندا دروست کردووە. تەنانەت سیستمی ویستڤالیا-سیستمی دەوڵەت- چیتر وەك سیستمێکی پیرۆز لێی ناڕواندرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتان دووچاری پشێوی و شڵەژانێك بوونەتەوە کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیستی لێکیان دەترازێنێت. لەبەر ئەوە ئێمە لە تێکەڵەیەکی شەڕی سارد و گەرمداین.

*** کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی ئاسایشی ئەورووپای گرتووە بریتییە لە بوونی گرووپە تیرۆریستە توندڕەوەکان، هەروەك ئەوەی لە چەند هەفتەی رابردوودا لە هێرشەکانی سەر شارلی بیدۆ لە فەڕەنسا بینیمان، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هیچ دەوڵەتێك بە تەنها ناتوانێت ئاسایشی خۆی دەستەبەر بکات و هەموو کەسێك لەسەر ئاستی ئاسایش و سەربازی پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیە. ئایا پێتانوا نییە کە لەو هەلومەرجەی ئێستای جیهاندا دەتواندرێت هاوپەیمانێتی پێکبهێندرێت؟**

- دەوڵەتێکی ئاسایی ناتوانێت دژی ئەم جۆرە هێرشانە پارێزگاری لە خۆی بکات. چونکە - ئەو هێرشانە- زۆر بچووك و لێکدابڕاون. ئەمانە دەچنە خانەی شەڕی گەریلایی و تاکتیکی کۆماندۆوە کە یەکەمجار لە شەڕی بویر (Boer War) بەکار هات. ئەمانە لەگەڵ ستانداردەکانی شەڕدا ناگونجێن. مەسەلەی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە هێرشانە بریتییە لە بەکارهێنانی زیاتری چالاکی هەواڵگری، بەڵام ئەگەر

**هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لایەنێکی بنەڕەتین و بێ ئەوان بەرهەڵستییەکی راستەقینەی دژی تیرۆر لە ئارادا نابێت**

**نیگەرانی من ئەوەیە گرووپگەلێکی وەک داعش وەک ئەو ئەژدیهایە بێت کە لە ئەفسانەکاندا باسکراوە، کاتێک سەرێکی دەپەڕێنیت، دوو سەری دیکەی دروست دەبنەوە. ئەم گرووپانە شێوەنەگرتوون و بەردەوام خۆیان دادەڕێژنەوە و شێوەی دیکە وەردەگرن**

**دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە وەک ئاو و کانزاکان و نەوت و.. تاد. تەنانەت ئەگەر سنورەکانیش دابڕێژرێنەوە بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی ناسنامە نەتەوەییەکان بن، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان پێویست بە بوونی چاودێر و میانگیر دەکات**

**شەڕ، یان چارەسەری سەربازی بۆ كێشە بنەڕەتییەكانی پێكهێنانی دەوڵەت و حوكمڕانی چارەسەرێكی هەمیشەیی نین**

حكومەت هەوڵیدا پتر دەستی بە زانیارییەكانی پەیوەست بە هاووڵاتیان بگات، ئەو كاتە خودی دەوڵەتەكە دەبێتە دوژمنكار لە ئاست ئازادیدا. پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە، ئایا خەڵكی دەتوانن خۆڕاگربن لە ئاست ئەم كارەدا؟ كاردانەوەكان لە ئاست ئاشكراكردنەكانی سنودندا ئەوە دەخەنەڕوو كە خەڵكی لەم رووەوە گەیشتوونەتە سنوورێك. ئەگەر بتوانین هاوكاری بكەین لە بواری هەواڵگریدا، ئەوا ئەمە



كارێكی یارمەتیدەر دەبێت، بەڵام تۆماری ئێمە لەم رووەوە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا تۆمارێكی باش نییە و پێموایە دەرفەتێكی كەممان لە پێشە بۆ گۆڕانكاری.

**جیهان رووبەڕووی دابەشبوون بۆتەوە بەهۆی ئەوەی هاوپەیمانێتی و دوژمنایەتییە كۆنەكان ریزبەندیان لە نێو وڵاتاندا دروست كردووە**

*** لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریاوە لە دژی رژێمەكەی ئەسەد لە ساڵی ٢٠١١، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان نەیتوانیوە ستراتیژیەتێكی كۆنكرێتی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ رژێمەكەی ئەسەد دابڕێژێت، هەروەها نەیتوانیوە بگاتە بڕیارێك. لە دەرئەنجامدا ٨ بۆ ٩ ملیۆن هاووڵاتی سووری بێ ماڵ و حاڵ بوون، بە سەدان هەزار كەسیش كوژراون و بریندار بوون. ئایا هاوڕانین لەگەڵ ئەوەدا كە رەوشی ئێستای سووریا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە كە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هیچ چارەسەرێكی پێ نییە و ئیفلیجە لە ئاست بڕیارداندا؟**

- بەڵێ، دوای شكستەكانی شەڕی ئەفغانستان و عێراق ئەمریكا ترسی هەیە لەوەی كارێك ئەنجام بدات. شەڕ، یان چارەسەری سەربازی بۆ كێشە بنەڕەتییەكانی پێكهێنانی دەوڵەت و حوكمڕانی چارەسەرێكی هەمیشەیی نین. هەموو دەرئەنجامەكە ئەوە دەبێت توانا بە چەند سەركردەیەكی دیاریكراو ببەخشن بۆ ئەوەی ببنە كەسانی هەلپەرست لە گرتنەدەستی دەسەڵات و چنینەوەی ئیمتیازە ئابوورییەكان، هەروەك ئەوەی لەم دوو وڵاتەدا روویدا. ئەگەر ئەمە حاڵەتەكە بێت، كەواتە گفتوگۆ لەگەڵ كێدا بكرێت؟ ترس و دڵەڕاوكێیەك هەیە لە نێو وڵاتاندا، لەبەر ئەوەی بە بەراورد بە ئەنجامنەدانی هیچ كارێك ئەوا ئەنجامدانی كارێك دەرئەنجامی خراپی لێدەكەوێتەوە.

**رووسیا هەوڵ دەدات شكۆی رابردووی قەیسەر و كۆمۆنیستەكان بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام خۆی لە هاودژییەكدا دەبینێتەوە**

*** شارەزایان، ئەوانەی لە نزیكەوە چاودێری دۆخە ئیقلیمییەكە دەكەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باس لەوە دەكەن كە كێشەی سەرەكیی ئەم ناوچەیە ئەو وڵاتانەیە كە بەپێی رێككەوتنی سایكس پیكۆ لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروستكران، لەبەر ئەوەی سنوورەكان هەمەڕەنگی ئایینی و ئیتنییان لەبەرچاو نەگرت. ئەگەر ئەمە جەوهەری كێشەكە بێت، بۆچی هەوڵ نەدراوە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەكە لەسەر بنەمایەكی مۆدێرن؟**

- دەكرێت كێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو رووداوە و بگرە دوورتریش. هەمان كێشە لە ئەفریقیا دەبینین كە سنوورەكان تێیدا ناسنامە خێڵەكی و نەتەوەییەكانی لەبەرچاو نەگرتووە، یاخود تەنانەت هاوبەشیكردن لە سەرچاوە سروشتییەكاندا. ناكۆكی شتێكی حەتمییە، بەڵام ناكۆكی لە بەرژەوەندی هێزە كۆلۆنیالیەكانی پێشوو شكایەوە، كە دەسەڵاتێكی سیاسی شاردراوە و پەنهانیان بەدەست هێنا. بەریتانیا و فەرەنسا

لەم ساڵانەی دواییدا کردەوەی لەم شێوەیەیان ئەنجام داوە. من لەو بڕوایەدام دووبارە دارِشتنەوەی نەخشەکە یەکێکە لە چارەسەرەکان، بەڵام کێ ئەو سنوورانە دادەڕێژێتەوە؟ رەنگە نەتەوە یەککگرتووەکان کۆبوونەوەیەکی دەستووری رێکبخات، بەڵام بە شێوەیەکی حەتمی و خراپتریش براوە و دۆڕاو لەم پرۆسەیەدا دروست دەبن. دووبارە دارِشتنەوەی سودان بۆ سوودان و سودانی باشوور سەرکەوتوو نەبوو. دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە وەك ئاو و کانزاکان و نەوت و.. تاد. تەنانەت ئەگەر سنورەکانیش دابڕێژرێنەوە بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی ناسنامە نەتەوەییەکان بن، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان پێویست بە بوونی چاودێر و میانگیر دەکات، رەنگە کاتی ئەوە هاتبێت کار لەسەر ئەو ناکۆکییانە بکرێت کە لە یەکلاکردنەوەی



کێشەی سنوورەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

*** لە پەیوەندی بە خەلافەتی ئیسلامییەوە کە لەلایەن داعشەوە راگەیەندراوە، دەبینین کە دەوڵەتە دراوسێکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ رووداوەکەدا دەکەن، هەندێ لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش لەگەڵ ئەوەدان ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئەوانی دیکەش بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری گرووپە تیرۆریستەکان دەکەن بۆ رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد. بە تێڕوانینی ئێوە لەگەڵ بوونی ئەم کێشانەدا چۆن هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریزم دەتوانێت شکست بە داعش بهێنێت؟**

- نیگەرانی من ئەوەیە گرووپگەلێکی وەك داعش وەك ئەو ئەژدیهایە بێت کە لە ئەفسانەکاندا باسکراوە، کاتێك سەرێکی دەپەڕێنیت، دوو سەری دیکەی دروست دەبنەوە. ئەم گرووپانە شێوەنەگرتوون و بەردەوام خۆیان دادەڕێژنەوە و شێوەی دیکە وەردەگرن. لە سایەی ئەو دۆخە کە ئێستا لە ئارادایە باوەڕم وا نییە بتوانرێت شکستیان پێبهێندرێت. ئەگەرچی دەتوانین لاوازیان بکەین.

*** تاکە هێزێك کە توانیویەتی بەر بە پێشڕەوی داعش بگرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانن. تا چ راددەیەك پێویستە جیهان بۆ لە ناوبردنی تیرۆریستانی داعش پشتیوانی لە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- من هاوڕام، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لایەنێکی بنەڕەتین و بێ ئەوان بەرهەڵستییەکی راستەقینەی دژی تیرۆر لە ئارادا نابێت. ئەوەی روونە جیهان پابەندبوونی لە ئەستۆیە لە ئاست ئەواندا بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە بەرگریکردن. ئەمەش پێویستی بە دارایی، چەك و پشتیوانی هەیە. هەروەها من داوای گفتوگۆکردن دەکەم لەگەڵ وڵاتانی وەك تورکیا لە بارەی هەرێمی کوردستان و لە بارەی ئەوەی دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەری ئەوە هەیە ئەوەیە بتوانین قووڵتر رۆبچین ئەگەر دژواری لە قەوقازەوە دروست بێت- ئەویش لە ئەنجامی خەباتی ناسیۆنالیستی- کە لە باکوورەوە بەرەو باشووری داکشێت.

**ئەمریکا دەستی گرتووە بە بیرۆکەی پاکس ئەمریکاناوە تا ئەو کاتەی پێیوایە سوپاکەی توانای راگرتنی ئاسایشی جیهانی هەیە، بەڵام فرەجەمسەریی ئەم ئەرکە قورستر دەکات**

**هەڵکشانی هێزی سەربازی چین بە مانای ئەوە دێت کە ئەمریکا نائارەزوومەندانە تێوەگلاوە لە پێشبڕکێیەکی دیکەی خۆپڕچەککردن**



پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز
پسپۆر لەسەر رەوشی سووریا و عێراق بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا سوپا نەیتوانی دەستوور و یەکپارچەیی بپارێزێت بۆیە ئێستا بەکردەیی ئەو وڵاتە دابەش بووە

## دڵنیام کورد
## ڕێگە نادەن میلیشیا شیعەکان
## بچنە خاکی ئەوانەوە

**پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی سووریا و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سووریاوە وەك شرۆڤەوانێکی سیاسی لەسەر ئاستی جیهان بۆ ڕەوشی سووریا پەیوەندی پێوە دەکرێت، لە دوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیش لەلایەن داعشەوە لەسەر پرسی خەلافەتی ئیسلامیش وەك چاودێرێك و شرۆڤەوانێکی جیهانی لێدوانی لێ وەردەگیرێت، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سووریا و عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دوای دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی شیعە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر لاندیز ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا شانازی پێوە دەکەین، ئەو سەرکەوتنانەیە کە هێزی پێشمەرگە بەدەستی هێناون، کە ئێستا زۆربەی خاکی باشووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام دەبینین سەرکردەکانی حەشدی شەعبی رایدەگەیەنن کە هەر کاتێك بیانەوێت ئەوا دەچنە نێو کەرکووکەوە، ئایا لە دوای کۆتایی هاتنی داعش لەگەڵ حەشدی شەعبی ڕووبەڕووی کێشە نابینەوە؟**

-بە دڵنیاییەوە کێشەی کەرکووك بەرمیلە بارووتە، بەم دواییە کۆنفرانسێکم هەبوو لەگەڵ پرۆفیسۆرەکانی کۆلێژی جەنگی لە واشنتۆن دی سی، باس لەو هاوسەنگییە هەستیارە کرا کە دەبێت بهێندرێتەئاراوە لە پەیوەندی بە پرسی پێدانی چەك بە پێشمەرگە و هەروەها بە سوپای عێراق، ئەوانەی لە کۆلێژی جەنگی بوون رایانگەیاند ئەگەر چەکێکی زۆر بە پێشمەرگە بدرێت، ئەوا دەست بەسەر کەرکووکدا دەگرن و ئەگەر چەکێکی زۆر بە بەغدا بدەن، ئەوا وەك گڵۆپی سەوز سەیری دەکەن بۆ پێشڕەویکردن بەرەو کەرکووك. لەبەر ئەوەی داعش ناوچەکەی ناسەقامگیر کردووە، ئەوا پێشمەرگە و حکومەتی بەغدا داوا لە واشنتۆن دەکەن چەکی زیاتریان بدەنێ و هێزەکانیان بۆ بنیات بنێنەوە و شەراکەتی سەربازییان لەگەڵدا بکات، لەبەر ئەوە پێشبڕکێیەك هەیە بۆ بەدەستهێنانی چەکی باشتر بۆ باشترکردنی پێگەی خۆیان لە کەرکووك. ئەمە پرسێکی زۆر مەترسیدارە بۆ ئەمریکا کە دەیەوێت شەراکەت لەگەڵ کورد و عەرەبدا بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوسەنگییە هەستیارەکە لە کەرکووك تێکنەدات. لێدوانەکانی حەشدی شەعبی شیعە ورووژێنەرن و ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بارودۆخەکە چەند هەستیارە.

*** دوای لێدوانەکانی حەشدی شەعبی سەرۆك بارزانی سەردانی کەرکووکی کرد، ئایا ئەم سەردانە چ پەیامێکی بۆ حەشدی شەعبی و بۆ خودی عێراق هەڵگرتووە؟**

- گرنگە گفتوگۆ بکرێ و هێڵی زۆر ڕوون دیاری بکرێت و پێگەیەك بۆ شارەکە دیاری بکرێت کە لە هەردوو لاوە مایەی قبووڵکردن بێت، بەپێچەوانەوە ئەوا دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ و دەبێتەهۆی خراپبوونی پەیوەندیەکی بەغدا و هەولێر، خۆ ئەگەر -بارودۆخەکە- بتەقێتەوە، ئەوا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر عێراق دەبێت. پەیوەندییەکانی بەغدا و کورد زۆر گرنگن بۆ ئایندەی عێراق و هەروەها بۆ ئایندەی کوردستانیش. ئەگەر هەردوولا لەسەر یەکلاکردنەوەی کەرکووك و ململانێکردن لەسەر کەرکووك ڕێککەون و دادپەروەری بۆ کورد و عەرەبەکانی کەرکووك دەستەبەر بکرێت، ئەوا ئەمە نەك هەر گرنگی بۆ کەرکووك دەبێت، بەڵکو بۆ شوێنەکانی دیکەی عێراقیش کە پێویستی بە لێتێگەیشتن و ڕێککەوتن هەیە، لەبری ئەوەی لایەنێك بەرژەوەندییەکانی خۆی بەسەر لایەنێکی دیکەدا بسەپێنێت، بە داخەوە شیعە لە ئاست سوننەکاندا سیاسەتێکی جیاکارییانەی پیادە کردووە و لە دەرئەنجامدا داعش توانیویەتی ئەو پەیوەندیە خراپە بۆ بەرژەوەندی خۆی ئیستیغلال بکات و زیانێکی زۆریش بە هەموو لایەك گەیاندووە.

***مالیکی سەرۆك وەزیرانی پیشوی عێراق و جێگیری سەرۆك کۆمار رۆڵی گرنگ و رابەرایەتی دەبینێت لە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، بەتایبەتی «عصائب اهل الحق» پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك مەترسی ئەوە هەیە ئەمە هێزە جێی سوپای عێراق بگرێتەوە و ئەمەش مەترسی ئەوە دروست دەکات، مالیکی وەك سەرکردەی ئەم هێزە دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، ئایا تا چەند ئەمە ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە و بۆ هەرێمی کوردستان مایەی هەڕەشە دەبێت ؟**

-بە داخەوە ئەمە ئەو دۆخەیە کە لە دوای تێکشکاندنی دەسەڵاتدارێتی سوننە بە سەر عێراقەوە هاتۆتە ئاراوە و هەلومەرجێك دروست بووە کە هەر کەسێك خۆی گرێدەداتەوە بە ناسنامە ئایینی و ئیتنییەکەیەوە و ناسنامەی عێراقی بوون لە ئارادا نەماوە. کێشەکە ئەوەیە ئایا کارکردنی ئەمریکا و پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا دەبێتە هۆی دووبارە دروستکردنەوەی ناسنامەیەکی نیشتمانی عێراقی لە بری چەسپاندنی ناسنامەیەکی شیعەگەری تایفەگەری. کێشەی سەرەکی ئەوەیە سوپا کە بڕیار بوو نوێنەرایەتی دەستوور بکات و بەرگری لە دەستوور و لە ناسنامەی عێراقی بوون بکات، هەرەسی هێنا، لەبەر ئەوەی گرفتار بوو بەدەست گەندەڵییەوە، لە ئێستادا عێراق لە بارودۆخێکی خراپدایە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کەس نوێنەرایەتی عێراقی نەدەکرد، بەڵکو نوێنەرایەتی گرووپە تایفەگەرییە جیاوازەکانی دەکرد، میلیشیا شیعەکانیش زۆر سەرکەوتوو بوون لە بەرپێگرتن بە داعش.

*** ئەگەر میلیشیا بوویێتە بڕیار بەدەست لە عێراقدا، ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی وڵاتەکە دەکات؟**

- ئەوە دۆخێکی زۆر خراپە و ئەوە نیشانەی پرسیاری گەورەیە لەسەر عێراق، ئایا ناسنامەیەکی عێراقی دروست دەکرێت، یاخود دۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت کە دابەشبوون لەسەر بنەمای ئیتنی و تایفەگەری و ئایینی درێژە بکێشێت. لە ئێستادا عێراق دابەش بووە بۆ سێ دەوڵەت، دەوڵەتی سوننە و داعش، دەوڵەتی شیعە و دەوڵەتی کورد. چۆن ئەم دۆخە پێچەوانە بکەیتەوە و متمانە بنیات بنێیت؟ ئەمە کارێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی ئەو چەك و مەشقەی بە عێراق دەکرێت دەبێتە هۆی بەهێزبوونی شیعەکان و سەرەڕای رۆڵی ئێرانیش لەم بەهێزبوونەدا. ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی ئەوەی نییە عەبادی ناچار بکات سازشی گەورە بکات، خۆ ئەگەر بتوانێت ناچاری بکات سازشی گەورە بکات، باشە، لەبەر ئەوە خۆزگەم دەخواست دەرئەنجامێکی ئیجابی ببینم.


*** کاتێك کوردستان لەلایەك شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی عێراق بودجەکەی لێبڕیوە، ئایا چ ڕێگەچارەیەك هەیە و کورد چ بەدیلێکی دیکەیان لە بەردەمدا هەیە؟**

- ئومێدم دەکرد وەڵامەکەم بزانیایە. بەداخەوە هەموو شتێك لە عێراق و سووریادا بە ئاقار و ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەڕۆن، لاوازبوونی متمانەی نەتەوەیی و بەهێزبوونی ناسنامەی ئایینی و ئیتنی دەبینین. ئەمە لە سووریادا روودەدات کە سوپا بۆتە ئامرازی دەستی رژێمە شیعە عەلەوییەکە و بەداخەوە لە بەغدا روودەدات و بەدڵنیایەوە ئەوە لە کوردستاندا روودەدات لە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە، ئێستاش لە نێو کوردەکانی سووریاوە روو دەدات، لە پەیوەندی بە پەیەدە و ئەوانی دیکەوە، ناوچەکە بەرەو دابەشبوون و هەرەسهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی هەنگاو دەنێت. ئەگەر لەو ئالایە بڕوانیت کە یاخیبووانی سوننە هەڵیدەگرن، ئەوا ئەو ئالایە نییە کە دوو ئەستێرەی تێدایە، بەڵکو ئالایەکی رەش و سپییە و ئەمەش ئالای سوننەیە و ئەمەش بۆتە جێگرەوەی ناسیونالیزمی سووری. تاکە لایەنێك کە مەودایەکی نەتەوەییان هەیە بریتین لە داعش و بەرەی ئەل نوسرە و پارتی ئیسلامی، کە هەر سێ ئەم گرووپەش ئالای رەشی ئیسلامیان بەرز کردۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆر زەحمەتە میلی کاتژمێر بگەڕێنیتەوە بۆ دواوە و پرۆسەکە پێچەوانە بکەیتەوە و ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش بنیات بنێیتەوە، بە چەشنێك خەڵکی لە سایەی ئالای نەتەوەییدا شەڕ بکەن. زۆر زەحمەتە ببینین ئەم متمانەیە بنیات بنرێت، من نازانم چۆن ئەمە روودەدات، بەڵام دڵنیام کورد رێگە نادەن میلیشیا شیعەکان بچنە خاکی ئەوانەوە، خەڵکانێکی دیکە و ئەمریکا قسەیان لە بارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە کرد، بەڵام ئەوان شکستیان هێنا لە هێنانەدی دابەشکردنی دەسەڵاتدا، شکستی هێنا لەو کاتەدا کە خۆی لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەبوو، دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی هەبوو، ئێستا دەسەڵاتی نەماوە و ناتوانێت عەبادی، یان مالیکی، یان حزبی دەعوە ناچار بکات دەسەڵات دابەش بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر حکومەتی عێراق بڵێت چاوەڕێ دەکەین، ئەوا لەم چاوەڕوانییەدا داعش بەهێز دەبێت و ئەمریکاش دەیەوێت شەڕی داعش بکات، کەواتە پێویستی بە شەریکێك دەبێت، هەم لەگەڵ پێشمەرگە و هەم لەگەڵ میلیشیا شیعەکان، کە ئەوان شەڕە راستەقینەکە دەکەن. عەبادی و ئەوانی دیکە لە پێگەیەکدان بتوانن سووپا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی شیعەکان بنیات بنێنەوە،

**هەموو شتێك لە عێراق و سووریادا بە ئاقار و ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەڕۆن، لاوازبوونی متمانەی نەتەوەیی و بەهێزبوونی ناسنامەی ئایینی و ئیتنی دەبینین**

**شیعە لە ئاست سوننەکاندا سیاسەتێکی جیاکارییانەی پیادە کردووە و لە دەرئەنجامدا داعش توانیویەتی ئەو پەیوەندیە خراپە بۆ بەرژەوەندی خۆی ئیستیغلال بکات و زیانێکی زۆریش بە هەموو لایەک گەیاندووە**

**لێدوانەکانی حەشدی شەعبی شیعە وروژێنەرن و ئەوە روون دەکەنەوە کە بارودۆخەکە چەند هەستیارە**




سوننەكانیش داوای ئەوە دەكەن راستەوخۆ چەكیان لەلایەن ئەمریكاوە پێ بدرێت، ئەوان ئەمەیان دەوێت، بەڵام ئەمریكا ناتوانێت راستەوخۆ چەكیان بداتێ. لەبەر ئەوەی سوننەكان داوای سەربەخۆیی سیاسی و رادەیەكی گەورە لە ئۆتۆنۆمی دەكەن وەك باجی شەڕكردنی داعش، واشنتۆنیش ناتوانێت بەڵێنی ئەمەیان پێبدات، هەروەك لە بەڵێنەكەیدا لە بەرامبەر هێزەكانی سەحوە دەركەوت كە بۆ ماوەی چەند ساڵێك سەرقاڵی بنیاتنانیان بوو، بەڵام دواتر پشتی تێكردن و دەستبەرداریان بوو. لەبەر ئەوە ئەمریكا لە دۆخێكدایە كە تەنها دەتوانێت چەك بداتە بەغدا و بەغداش ئەو چەكانە دەداتە دەست ئەو شیعانەی كە متمانەیان پێدەكات، ئێستاش باس لە هێزی بەرگری نیشتمانی دەكرێت لە سوننەكان و بەغداش كارێك دەكات كە رێگە نەدات ئەو هێزانە زۆر دەستڕۆیشتوو بن، چونكە ئەگەر وابێت ئەوا داوای دەوڵەت دەكەن.

*** هەمیشە ئەمریكا جەختی لەسەر یەكێتی عێراق كردۆتەوە، بەڵام ئایا دوای دەركەوتنی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی و شەڕی ناوخۆیی لە عێراقدا هەڵوێستی ئەمریكا لە ئاست سەربەخۆیی كوردەكاندا گۆڕانكاری بەسەر نەهاتووە؟**

- پێموا نییە ئەمریكا هەڵوێستی گۆڕابێت، -بەلای كەمەوە بە شێوەیەكی رەسمی-، ئەگەر كەسێك عەسایەكی بەدەستەوە بێت و بە راوەشاندنێك ئەوە بەدەست بێنێت كە دەیەوێت، ئەوا لۆجیكییە كە بوار بدرێت بە دروستبوونی دەوڵەتێكی سوننە لە دەوروبەری بەغدا بەرەو حەلەب درێژ بووبێتەوە و ئەو دەوڵەتەی داعش لە ناوچەكەدا دروستی كردووە، دەوڵەتێكی سوننەیە. من نازانم بۆ سووریا، بەڵام لە عێراقدا ئەمریكا هەوڵ دەدات هاوكاری شیعە بكات بۆ دەستبەرداگرتنی ناوچەی سوننەكان، ئەمەش زۆر زەحمەتە، چونكە لۆجیك پێمان دەڵێت: ئەوەی لە ماوەی دەیەی رابردودا روویداوە، بریتی بوو لە دروستكردنی دەوڵەتێك لەسەر بنەمای ناسنامەی ئاینی. ئایا ئەمەش بە مانای سەربەخۆیی زیاتر بۆ كورد، هەروەها سەربەخۆیی زیاتر بۆ سوننەكان دێت، بە چەشنێك كە موسڵ و حەلەب ببنە پایتەختی دەوڵەت، بە دڵنیاییەوە ئەوە روونادات و ئەمریكا كار بۆ ئەوە ناكات و ئەمریكا كار لەسەر ئەوە دەكات عێراق بەو سنوورە نێودەوڵەتییانەی ئێستایەوە بمێنێتەوە نەتەوە یەكگرتووەكانیش ناتوانێت بڕیارێكی وا دەربكات.

**ئەمریكا كار لەسەر ئەوە دەكات عێراق بەو سنوورە نێودەوڵەتییانەی ئێستایەوە بمێنێتەوە**

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

## مرۆڤ ناتوانێ بیر لە هێزێک نەکاتەوە
## کە ئەم بوونەوەرەی لێوە هاتووە

**بەشی شەشەم**



**ئازاد قەزاز**

بۆ گولان دەینووسێت

مادام ئێمە واین لە ناو جیهانێكدا، جیهانێك كە مرۆڤ دەتوانێ تیایدا هەڵبكات و بژی، مادام مرۆڤ وا فێر بووە كە هیچ دیاردەیەك بە بێ هۆكار دەرناكەوێ، مادام مرۆڤ سەرەتایەك و كۆتاییەكیش دەورەی داوە و ئەزەلی و ئەبەدیش خولیایەتی، مادام مرۆڤ لە توانایدا نییە وێنای بوونەوەرێك بەبێ دەرهێنەرێك بكات، مادام مرۆڤ گەردوونێك وا لە بەردەستیدا و دەستی تێوەردەدا و بە شوێن هەقیقەت و بنەڕەت و بنەماكەیدا دەگەڕێ، ئەگەر ئەمانە هەموو وابن، ئیدی مرۆڤ ناتوانێ ئەم گەردوونەش بەبێ خودایەك وێنابكات، بەمانەیەكیتر ناتوانێ خودایەك بۆ ئەم جیهانە بەرچاوە وێنا نەكات و خۆی لە ئامێزیدا ئاسوودە نەكات. كاتێ مرۆڤ خۆی بە خوداوە خەریك دەكات، ئەو خەریكبوونە خۆی، مرۆڤ فێری زۆر شت دەكات، ئەزموونی تایبەتی وەبەر دەخات. یەكێك لەوانەی كە مرۆڤ فێری دەبێت، ئەوەیە كە بتوانێ لە خودا، یان لە خوداوەندێتی تێبگات. بەندە یەكێكە لە وانەی بە درێژایی مێژووی ژیانی، خودا خەریكی كردووە و سەرسامی لە ژیاندا بۆ جێهێشتووە. وەك سۆفییەك لە كەلتووری مۆنۆتەییسم كە وەك پارادایمێك بۆ خودا بەكارهاتووە، ڕوانیویەتی، وەلێ لە كۆتاییدا ئاسوودەیی پێنەبەخشیوە، هەر بەوچەشنە پارادایمەكانیتریش وەك پانتاییسم، پاننەتەییسم، پۆلیتەییسم و دەییسمیش، بەگشتی پارادایمێكن ئەگەرچی گوزارش لە هەقیقەتێكی بوونی خودا دەكەن، بەڵام ئاوی دڵمی باش نەداوە و سوكنایی بۆ من نەهێناوە. هەر ئەم دۆخە ڕۆحی و دەروونییەی خۆم، بێ ئۆقرە بەردەوام چاوی لەو خودایە بڕیوە، بەڵكو هەقیقەتێكی تری ئەومان بۆ ئاشكرا بكا، تا ڕۆحمان ئاسوودە بێت.

هەر وەك لە پێشەوە وتم، بەندە وەك سۆفییەك هەمیشە لە ناخەوە، واتە لە جیهانی قووڵی بێ بنی خودی خۆمدا، لە دوی خودا بوومە، تا بگەمە ئەوەی كە دەبێت بیگەمێ. لە یەكێك لە تەئەمولاتەكانمدا، هەستم دەكرد كە خودا هیچ نییە جگە لە هیچ، واتە خودا دەبێت هیچ شتێك نەبێت، تا خودا بێت، چونكی هەرچی هەبێت، نابێت ئەو بێت، هەرچی هەیە نابێ لەو چێت، جنسی خودا نابێت لەو جنسە بێت كەوا هەبێت، ئەگەر خودا ڕاست بێ هەبێ، دەبێ وابێ، بە ناخمدا تا هەر كوێیەك شۆڕ بوومەوە، كە دەنگی خودا دەهاتە گوێم، جگە لە هیچ، هیچی ترم نەدەبیستەوە.

بێگومان لەم تەئەمولاتانەدا، كاریگەریی هەندێ لەو

سۆفییە مەزنانەم بەسەرەوە بووە کە خودایان بە هیچ دەناساند، بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەوە تەنها وشەیە دەچێت بەگوێدا، هەتا نەگەیتە ئەو دۆخەی کە هەست دەکەیت خودا خۆی پێناسی هیچ پڕاوپڕیەتی، لەو وشەیە نە تێدەگەیت و نەدەزانی ئەو سۆفییانە مەبەستیان چی بووە. واتە دەبێت ئەو دۆخە خۆت بیچێژی تا تێیبگەیت و پێیبگەیت. ئیدی لێرەوە کە هیچبوونی خودام چەشت، دەمویست ئەو چەشتنە لە وشەدا دەرخەم و لە میتافۆرێکدا بیناسێنم، ئەویشم دەسکەوت کە ناوم ناوە میتافۆری سفر. مەبەست چییە لە میتافۆری سفر؟ سەرەتا بابزانین میتافۆر خۆی مانای چییە؟.

میتافۆر وشەیەکە، یان دەستەواژەیەکە بۆ ئاماژەکردن بە شتێکیتر بەکار دەهێندرێت، یاخود ئایدیایەك لە بری ئایدیایەکیتر وەك سیمبۆل بەکاردەهێندرێت، تا ئەو مەبەستەی بەدەستەوەیە، ئاشکرا بکرێت. ئێمە لێرەدا وشەی سفر، یان ئایدیای سفر لە جیهانی ژمارەدا وەك سیمبۆڵیك دەیخەینە بری ئایدیای خودا تا لە هەقیقەتی خودایەتیی خودا باشتر تێبگەین. وەك لە هەمووان ئاشکرایە؛ ئەگەر خودا وەك وتمان یەکسان بێت بە هیچ، گونجاوترین شت لە جیهانی ژمارەدا، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە لەوێدا هیچ شتێك نییە ئامادە بێت، ئەوە ژمارەی سفرە کە بەکاردێت.

بوونی خودا فکرەیەکە بە بوونەوەرەوە بەستراوەتەوە و لێی جیا نابێتەوە، واتە مرۆڤ ناتوانێ بیر لە هێزێك، یان سەرچاوەیەك نەکاتەوە کە ئەم بوونەوەرەی لێوە هاتووە، جا ئەو بیرکردنەوەیە چ تەییسمی بێ، یان ئەتەییسمی گرنگ نییە، چونکی سرووشی بوونی ئەم بوونەوەرەیە، وا ئەو دوو چەمکە دەخوڵقێنێ. ئەوەی بۆ من لێرەدا گرنگ بێ کە خودای تێدا ببینمەوە، ئەوەیە؛ لە بری ئەوەی ژمارەیەك لە بوونی خودایا ببینم؛ وەك ئەوەی باوەڕی مۆنۆتەییسمی ئاماژەی بۆ دەکات، یان لە بری ئەوەی کە بوونەوەر خۆی بە خودا بناسێنم وەك ئەوەی کە باوەڕی پانتاییسم دەیناسێنێ، لە جیاتی ئەوەی وەك دەییسم دەڵێن خودا دەستبەرداری گەردوونەکەی خۆی بووە، من خۆم هیچێتی خودا لە سفربوونی ژمارەدا دەبینمەوە، تابتوانم لە هەقیقەتی خواد بگەم. ناساندنی خودا بەوەی کە گەوهەرێکی یەك دانەیە، ئەوە دەردەخات کە هێشتا خودا لە شتبوون خاوێن نەکرابێتەوە. کە دەڵێین خودا یەکە، واتە نابێت دوو خودا هەبێت، ئەمە بۆچوونێکە لەوێوە سەریهەڵداوە کە مرۆڤ خودای بە شت چوواندبێت، ژماردن و ئەژمارکردنی وەکار خستبێت. باش ورد بەرەوە؛ سفر یانی هیچ شتێك لەوێدا نییە، واتە نییە، کەچی سفر لەناو ژمارەکانا مەزنترین ڕۆڵ دەبینێت. پێش بوونی شتێ، هیچ هەیە، واتە شتێك لە وێدا نییە، کە شتێ هات دەبێتە یەك، لێرەدا سفر دەوری نامێنێ، بەڵام هەر هێندە لە یەکەوە بەرەو نۆ سەرکەوتی، ئیدی ئەبێ سفرێکی تر دانێیت، دەنا دەوەستی، یان دەبێت لە ٩ وە بەرەو ١١ بازدەی، ئەوکات بۆشایی لەو نێوەندەدا پەیدا دەبێ، یان دەبێ بوەستیت، یان بازێك بدەیت و بێ وەڵام بمێنیتەوە، دەنا وەڵامی گونجاوت نابێ، تا خۆت ئارام بکەیتەوە.

هەروەك هەندێ فەیلەسوف و زانا دەڵێن؛ ئەگەر گەردوون خۆی پێکهاتەیەکی ژمارەیی هەبێت، واتە بوونەوەر، بوونێکی ژمارەیی لە خۆی گرتووە، ئیدی دەشێت میتافۆری سفر بۆ ناساندنی خودا بەکار بێت. کەواتە ئەگەر گەردوون ژمارەئامێز بێت، دەبێت سفر لەو ناوەدا چ بەهایەکی هەبێت. سفر و ژمارە بەیەکەوە بەستراونەتەوە کە دوو جنسی جیاوازن، هەروەها خودا و بوونەوەر بە یەکەوە بەستراونەتەوە کە لەیەکدی جیاوازن، هەر کامیان لابەی ئەویتریش لائەچێت، واتە ژمارە لابەریت، سفر بەهای نامێنی و سفریش لابەریت ژمارە دەوەستێت. هەر بە هەمان ئاڕاستە گەر خودا لە هوشیاربوونەوەی مرۆڤدا ئامادەیی خۆی دەرخات، کە مرۆڤ نەما، خوداش ون دەکات، کە خوداش نەمێنی مرۆڤ هوشیاری لە کوێ بێنێ، جیاوازی چی لە تەك بوونەرەکانی تردا دەمێنێ؟!

لێرەدا هەست دەکەین کە بەرەوە جۆرێك لە دوالیزمی گەڕاوینەتەوە. لە پێشەوە ئەوەمان ئاشکرا کرد کە دەرخستنی هەقیقەت بە دوو ئاراستەدا ڕۆیشتبوو: ئەوانیش (دوالیزمی و مۆنیزمی) بوون؛ واتە جووت گەوهەری و تاك گەوهەری بوون بەکاردەهێندران تا هەقیقەت لەوێوە وەك دوو پارادایمی جیا بناسێنن. ناوەڕۆکی جووت گەوهەری جیاکردنەوەی گەوهەرێکی ماتەری و گەوهەریکی ڕۆحی بوو، بەڵام کرۆکی تاك گەوهەری، خودا یاخود هەقیقەتی بوون بە تاکە گەوهەری ڕاستەقینە دەبینێ، ئەو کاتە ڕۆح و ماتەر وەك دوو سیفاتی ئەو گەوهەرە دەبیندرێن، نەوەك ماتەر و ڕۆح وەك دوالیزمی دەڵێت، دوو گەوهەری جیای سەربەخۆ بن. ڕەنگە ئەم دیدە لە شێوەیەکی تردا بگونجێ ڕوونی بکەینەوە، وەك ئەو دۆخەی کە ئاو خۆی تێدا نیشان دەدات. بۆ نموونە؛ ئەگەر ئاو وەك هەقیقەتی بوونێك بناسێنین، ئەوا دەڵێین ئاو یەکسانە بە ($H2O$)، دیدی دوالیزمی لێرەدا: دەڵێ ئاو بریتییە لە دوو گەوهەری سەربەخۆی ($H$) و ($O$)، هەروەك چۆن هەقیقەت لە دیدی دوالیزمییەوە بریتییە لە ڕۆح و ماتەر. بەڵام کەسێکی تر لە دیدی مۆنیزمییەوە دەڵێ: نا؛ ئاو خۆی

**مرۆڤ بەردەوام بەرەو خودا هەنگاو دەنێ و خوداش بەردەوام ڕێگەی کراوەیە تا مرۆڤ بگاتە ئەو، ئەو مرۆڤەی کە گەیشتە ئەو، ئیدی ئەو بەسەر هەموو بۆچوونەکاندا تێپەڕ دەکات و بە چاوێکی دی ژیان و مردن و جیهان دەبینێت**

**هەندێ فەیلەسوف و زانا دەڵێن؛ ئەگەر گەردوون خۆی پێکهاتەیەکی ژمارەیی هەبێت، واتە بوونەوەر، بوونێکی ژمارەیی لە خۆیگرتووە، ئیدی دەشێت میتافۆری سفر بۆ ناساندنی خودا بەکار بێت**

**ناساندنی خودا بەوەی کە گەوهەرێکی یەک دانەیە، ئەوە دەردەخات کە هێشتا خودا لە شتبوون خاوێن نەکرابێتەوە**

**بوونی خودا فکرەیەکە بە بوونەوەرەوە بەستراوەتەوە و لێی جیا نابێتەوە، واتە مرۆڤ ناتوانێ بیر لە هێزێک نەکاتەوە کە ئەم بوونەوەرەی لێوە هاتووە**

**خودا یەکسانە بەو هیچەی کە نە هیچ وشەیەک و نە هیچ شتێکیش ئەیگرێتە خۆی، چونکە بەهاکەی ڕەهایە و ناساندنی ئێمەش نارەهایە**

تاکە گەوهەرە، بەڵام (H) و (O) دوو سیفاتی جیاوازی ئـــەو گەوهەرەن. واتە ئاو وەك هەقیقەتی بوونێك، خۆی تاکە گەوهەر دەبێـــت، ئەوکاتە ڕۆح و ماتەر دەبنە دوو ســـیفاتی جیاوازی ئەو هەقیقەتە. نابێ لێرەدا ئەو هەڵە تێگەیشتنە پەیدا بێت کە وا تێبگات لەم بۆچوونەدا خودا یەکســـانە بە گەردوون، یان گەردوون یەکسانە بە خودا، ئەوە وەك ئەوەیە بڵێیت: (H) یەکســـانە بە (O) و (O) یەکســـانە (H)، نەخێر لێرەدا واتێدگەین کە ئاو یەکسانە بە (H) و (O) . مەبەستەکە ئەوەیە کە خودا ئەو ڕۆحە نییە کە دوالیزمی ئاشـــکرای دەکات، بەڵکو خودا وەك ئاوەکەیە و ئەوانیتر دەبنە سیفات بۆ ئەو خودایە.

لێرەدا دەمویست ئەوە شرۆڤە بکەم، کە ئایا میتافۆری سفر، وەبەر پارادایمی مۆنیزمی، یان پارادایمی دوالیزمی دەکەوێت؟! ئـــەوەی لێرەدا بۆ مـــن دەردەکەوێ، ئەوەیە میتافۆری ســـفر نەوەك دوالیزمییە کە دوو گەوهەری جیـــاواز دەبینێت و نەوەك مۆنیزمییە کە یەك گەوهەری سەربەخۆ دەردەخات، لەهەمانکات وەك دەییسمیش نییە کە خودا هیچ پەیوەندییەکی بە دروســـتکراوی خۆیەوە نەمابێـــت. لە لایەکەوە لە مۆنیزمی دەچێت کە هەرچی ژمـــارە هەن لە یـــەك گەوهەری وەك ســـفردا دێنەدەر، کەچـــی لە لایەکیترەوە ژمارە هەرگیز وەك ســـفر خۆی نانوێنێت. ئەگـــەر ژمارە گەوهەر بێت، ئەوا ســـفر کە هیچـــە، نابیتە هیچ گەوهەرێك، چونکە هەقیقەتێك کە هیچ بێت، چۆن دەبێتـــە گەوهەر. کەواتە تاك گەوهەر هەیە، بەڵام ئەوە خودا نییە وەك مۆنیزمی دەڵێت، بەڵکو ئەوە تەنها گەردوون خۆیەتی، خودا خۆی گەوهەر نییە، بەڵکو هیچێکە، کە بە هیچ شیوەیەك ناخرێتە بەردەست وەك چۆن ژمارە بەردەســـتە. کەواتە میتافۆری سفر بۆ ناســـینی خودا ناکەوێتە ناو هیچ کام لەو دوو مۆدێلەی مۆنیزمی و دوالیزمییەوە. هەمانکات میتافۆری سفر ئەو بۆچوونەش بە گەن ناکات کە گوایە خودا دەستبەرداری گەردوونێـــك بووە کە خۆی دروســـتی کردووە، چونکی وەك لە پێشـــەوە خستمەڕوو، لە ناخمانا دەنگی خودامان بیســـت، کە گوتی: من وەك خودا، خۆم ئەفسانەم، من وەك خودا خۆم هەر هیچم، ئیدی لەوێوە بوو، ئەو دەنگە بوو، ئێمـــەی هاندا تا جارێکیتر بە ناســـاندنی خودایا بچینەوە. ســـەرەڕای ئەمانە هەمووی، دەرکمان بەوەش کرد کە کارلێککردنی بەردەوام لە نێوان مرۆڤ و خودایا دەبێت، مـــرۆڤ بەردەوام بەرەو خـــودا هەنگاو دەنێ و خوداش بەردەوام ڕێگەی کراوەیە تا مرۆڤ بگاتە ئەو، ئەو مرۆڤەی کە گەیشتە ئەو، ئیدی ئەو بەسەر هەموو بۆچوونەکاندا تێپـــەڕ دەکات و بە چاوێکی دی ژیان و مردن و جیهان دەبینێت.

دەرنجام ئـــەوە بوو کە مرۆڤ بە گوێرەی ســـەردەم و شـــوێنکات، هەقیقەتی بوون لە دیـــدی خۆیەوە وێنا دەکات. دەرکەوتنـــی پارادایمی جیـــاواز، مانای وایە دیـــدی مرۆڤ بۆ هەقیقەتی بـــوون، یا ئەو خودایەی دەبێتە بنەڕەتی سەرهەڵدانی هەموو شتێ، ئەوە مرۆڤ خۆیەتی لە گۆشـــەنیگای خۆیەوە هەقیقەت دەبینێت. جـــا ئیتر هەقیقەت خۆی چۆنـــە و وەك خۆی چییە، ئەوە لە بەردەستا نییە. ئەو نەخشەیەی ئێمە دەیکێشین بـــۆ هەقیقەت، ئەوە هەقیقەت خۆی نییە، وەلێ بە بێ ئەو نەخشەیە هەنگاونان سەخت دەبێت. بەڵگەمان لێرەدا بۆ ئەوەی کە نەخشەکێشـــانی ئێمە بۆ هەقیقەتێك، ئەو هەقیقەتە خۆی نییە، بەڵکو تەنها وێنایەکە بۆ ئەوەی وەڵامی پرســـیارەکانمان بدەینەوە، نموونەمان هەقیقەتی ئـــەم گەردوونەیە. مرۆڤ لەوەتی هەیە و هۆشـــی بە خۆیدا هاتۆتەوە، هەوڵیداوە لە بوونی گەردوون بگات، بۆیە نەخشەی کێشاوە بەو ئاقارەدا کە ڕەنگە گەردوون بەم چەشـــنە هەبێت، بۆیە ئەم دیاردانەی دەوروبەرمان وادەردەکـــەون. بۆ نموونە ئەو ســـێ نەخشـــە، یان وەك وتمان پارادایمی ناســـینەوەی گەردوون کە داهێنراون، ئەوانیـــش: گوایە گـــەردوون بە جۆرێکـــە کە زەوی ناوەڕاســـت، یان چەقی گەردوون بێت، پاش ســـەدان ســـاڵ گەردوون بەجۆرێك نەخشـــێندرا کە گوایە خۆر نەك زەوی، چەقی گەردوون بێت، ســـەدان ساڵ پاش ئەم مۆدێلە ئیســـتە مۆدێلی مەزنە تەقین وێنایەکە بۆ گەردوون کە باســـی چەقی گەردوون و زەوی و خۆر نییە، بەڵکو گەردوونێکە زۆر جیاواز لەوانی پێشـــتر. ئەم گۆڕنکارییانە لە وێناکردنی هەقیقەتی گەردوون، وامان لێـــدەکات باوەڕ بەوە بکەین بـــە هۆی زانیاری دەســـکەوتنەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار کە مرۆڤ خۆی وێنا دەکات و هەر خۆیشـــی ئەیگۆڕێ. ناســـاندنی خوداش بەهەمانشێوە، هەوڵدانی مرۆڤە کە دەیـــەوێ لەوە تێبگات، خاوەنی، یان ســـەرچاوەی ئەم گەردوونـــە لە کوێـــی تێگەیشـــتنی مرۆڤدا جێگەی دەبێتەوە. مرۆڤ چـــۆن بتوانێ لەوە تێبگات کە خودا گەردوون لە نەبوونەوە بێنێتـــە بوون، چۆن لە هیچەوە شـــتێك بێنێتەوە. ئەم هەوڵە تەنها ئیدراك کردنی بوونی خودایە، بەڵام هەستی هەقیقی و چەشتنی بوونی خودا خۆی، ئەزموونێکی ســـەبژێکتییە کە ئەو هەقیقەتە بەدەســـتەوە دەدات و مرۆڤ لە خوا تێدەگات، بێئەوەی زمان، یان وشە بتوانێ وەك خۆی ئاشکرای بکات. لە کۆتاییدا دەڵێم: خودا یەکسانە بەو هیچەی کە نە هیچ وشـــەیەك و نە هیچ شتێکیش ئەیگرێتە خۆی، چونکە بەهاکەی ڕەهایە و ناساندنی ئێمەش نارەهایە.

# سلێمان شا و ئارامگاکەی لە سووریا



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

کتوپڕ هێزێکی گەورەی سوپای تورك لە سنوور پەڕییەوە و بەرەو ئەو شوێنە داکشا کە ئارامگا و گۆڕی سلێمان شای باپیرەی عوسمانی کوڕی ئەرتوغرولی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانیی لێیە، تەرمەکەی دەرهێنا، ئارامگاکەی تەقاندەوە و گەڕایەوە.

سەرگوزشتەی ئارامگاکە خۆی لەخۆیدا سەرگوزشتەیەکی سەرنجڕاکێشە. هەرچەند پارتی داد و پەرەپێدانی دەسەڵاتدار مەسەلەکەی خستۆتەوە قاڵبی پاراستنی کەلەپووری دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام مەسەلەکە لەبنەڕەتدا ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە دەمارگیریی تورکایەتییەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە کەلەپووری دەوڵەتی عوسمانییەوە نییە، چونکە سەرگوزشتەی ئارامگاکە دەچێتەوە سەر ئەو سەردەمەی کە دوو حکومەت لە تورکیا هەبوو، یەکێکیان لەئەنکەرە و ئەوی تر لەئەستەمبول. حکومەتەکەی ئەنکەرە کە دواتر سیستمی سیاسی لە پاشایەتییەوە کردە کۆمار و لە جیاتی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامگەرا سکولاریزمی پەسند کرد، لەساڵی ١٩٢١دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ فەرەنسای داگیرکەری ئەوسای سووریا واژۆ کرد کە تێیدا شوێنی ئارامگاکە بە بەشێکی خاکی تورکیا دانرا.

چیرۆکەکە لەساڵی ١٢١٩ دەست پێ دەکا، کاتێك سلێمان شا کە سەرۆکی خێڵی قایی بوو، لە کاتی پەڕینەوە لە ڕووباری فوڕات لە سووریا، کەوتە ناو ئاو و خنکا. تەرمەکەی لە قەڵای جەعبەر لە نزیك ئەو شوێنەی لێی خنکا، بەخاك سپێردرا.

سلێمان شا جگە لەوەی کە باپیرەی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانییە، ڕۆڵێکی گەورەی لە مێژووی تورکدا نییە و شایستەی ئەو ڕێزلێنانە نییە. تا ئێستاش ڕوون نییە چی حکومەتی ئەنکەرەی هانداوە داوا لە فەرەنسا بکا شوێنی ئارامگاکە وەك خاکێکی تورکی بسەلمێنێ و چی وای لێ کردووە تەرمەکە نەباتەوە بۆ تورکیا. تا ئێستا تەرمەکە سێ گوڕ و سێ شوێنی بەخۆیەوە دیوە. گۆڕی یەکەم بۆ ساڵی ١٢١٩ دەگەڕێتەوە و شوێنەکەی لە قەڵای جەعبەر بوو. ساڵی ١٩٧٣ پاش تەواوبوونی بەنداوی تەبقە لەسەر ڕووباری فوڕات، دیمەشق داوای لەئەنکەرە کرد تەرمەکە بگوازێتەوە بۆ ناو خاکی تورکیا، چونکە شوێنی گۆڕەکە دەکەوێتە ژێر ئاوی بەنداوەکە. بەڵام ئەنکەرە لەبری بردنەوەی تەرمەکە، گواستیەوە بۆ شوێنێکی تر کە ٣٧ کیلۆ مەتر لە سنووری نێودەوڵەتییەوە دوورە.

شوباتی ڕابردوو هێزەکانی تورك تەرمەکەیان گواستەوە بۆ شوێنێکی نزیك گوندی ئاشمە کە تەنها ٢٠٠ مەتر لە سنووری تورکیاوە دوورە و بەنیازن لەکاتی هێوربوونەوەی بارودۆخی سووریا، بیگێڕنەوە بۆ شوێنی جارانی. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر تورك بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشای تەرمی سلێمان شا دەکا، بۆچی هەموو جارێك لە گۆڕەکەی دەری دێنێ و لەشوێنێکی تر دەینێژێ؟ بۆچی کۆتایی بەم تێکە و فڕکەیە ناهێنێ و نایباتەوە لای خۆی؟ بەمەش دڵی لای تەرمەکە نامێنێ و تەرمەکەش بۆ هەتایە ئاسوودە دەبێ.




## نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی ئیسلامی
## لە فیکری حەسەن حەنەفیدا

# لە گوتاری فیقهی سەلەفیدا
# پرسی بەکۆیلەکردن و سەبایا هەیە
# لەم سەردەمەدا شەرم لە باسکردنی دەکرێت

**پرۆفیسۆر حەسەن حەنەفی ئێستا تەمەنی ٨٠ ساڵە و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی فەلسەفی عەرەبی و سکرتێری گشتی کۆمەڵەی فەلسەفەی میسرییە، لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی دکتۆرای لە فەلسەفە وەرگرتووە و بۆ ماوەی ٤٨ ساڵ لە زانکۆ جیاوازەکانی میسر ئوستادی فەلسەفە بووە، ئێستاش ئوستادێکی موتەفەریغە لە زانکۆی قاهیرە. پرۆفیسۆر حەنەفی یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە بە دامەزرێنەری تەیاری چەپی ئیسلامی سیاسیی ناسراوە، هەر بۆیە لەلایەن ئیخوان موسلمینی میسرەوە بە عەلەمانی لە قەڵەمدەدرێت و لەلایەن عەلمانییەکانیشەوە وەك ئیخوان موسلمین سەیر دەکرێت، بەڵام پرۆفیسۆر حەنەفی نە ئیخوانە و نە عەلمانی، بەڵکو ئەوەی ئەو هەوڵی بۆ دەدات دامەزراندنی بناغەیەکە بۆ خوێندنەوەی ئایین بە شێوەیەکی فەلسەفی، یان دووبارە خوێندنەوەی ئیسلام لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە. پرۆفیسۆر حەسەن حەنەفی لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ٢٠١٤ و لە کۆنگرەی دووەمی باوەڕدارانی بێسنوور (مؤمنون بلا حدود) لە شاری مەراکش لە مەغریب، موحازەرەیەکی سەبارەت بە نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی ئیسلامی پێشکەش کرد، بەسوود وەرگرتن لەو موحازەرەیە ئەم بابەتە ئامادەکراوە.**

## نوێکردنەوەی گوتاری ئیسلامی مانای چییە؟

پرۆفیسۆر حەنەفی وەك بیرمەندێك سەرەتای موحازەرەکەی بە چەند پرسیارێك دەست پێدەکات و دەپرسێت: نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی مانای چییە؟ لە کاتێکدا چەمکی نوێکردنەوە لە قورئان و سوننەت بوونی نییە، بەڵکو ئەم چەمکە لەناو فیکری هاوچەرخی عەرەب بڵاوە و لەوانەیە وەرگێڕانی وشەی مۆدیرنە بێت، بەڵام ئێمە ئەوەی پێی ئاشناین چەمکی چاکسازییە لە زمان و مانای بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و.. هتد، سەبارەت بە چەمکی گوتاریش ئەمە لە قورئاندا هاتووە: (**إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ**)، ئەوەی باوە گوتار نییە، بەڵکو ئەوەی باوە قسەیە بەمانای (القول)، ئەمەش لەو کاتەوەی (ئیبن رشد) «قەولی جددی، قەولی خیتابی، قەولی بورهانی» بەکارهێناوە، هەتا (ئەمین خور)یش باس لە هونەری قەول دەکات.

بۆیە کاتێك ئێمە گوتار بەکار دەهێنین، ئەوا لە ناخماندا هەست دەکەین چەمێکی بیانی بە مانای گوتار (Discourse) بەکار دەهێنین، بەڵام پرسی لەمە قورستر ئەوەیە: ئایا مانای گوتاری ئایینی چی دەگەیەنێت؟ ئایا مەبەست لە گوتاری ئایینی قورئان و سوننەتە؟ ئەم پرسیارە پرسیارێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت: ئایا زمانی قورئان و سوننەت نوێ دەکرێتەوە؟ یان مەبەستمان لە گوتاری ئایینی ئەوەیە بوارەکانی توراسی ئیسلامی، زانستی ئیسلامی، کەلام و فەلسەفە، سۆفیگەرایی و فیقهی ئیسلامی و.. تاد دەگرێتەوە؟.

دیسان ئەگەر هەر سەبارەت بە ئامانج لە نوێکردنەوە بپرسین، دەبێ بەدوای ئەو وەڵامەدا بگەڕێین کە ئایا ئەم نوێکردنەوەیە بۆ کێ دەکەین؟ ئایا مەبەستمان ئەوەیە دەستەبژێر لێی سوودمەند بێت، بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر مامەڵە لەگەڵ توراس بکەن؟ ئایا مەبەستمانە چینی ناوەند سوودی لێ وەربگرێت، بۆ ئەوەی ئەم چینە کە لەگەڵ دەسەڵات مامەڵە دەکات زیاتر کاریگەرییان لەسەر خەڵکی هەبێت، یان مەبەستمانە ئەم نوێکردنەوەیە بۆ هەموو خەڵك و گەل بێت بەگشتی، بۆ ئەوەی کاریگەرییان زیاتر بێت؟

کەواتە ئەوەی حەسەن حەنەفی لەسەرەتا جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەستنیشانکردنی ئامانجەکانە لە نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی، بەڵام بۆ ئەم کارە دەکەین؟ ئایا بۆ ئەوەیە بە نوێکردنەوەی زمانی گوتار، ئایینی ئیسلام زیاتر لەناو خەڵکدا پەسەند بکرێت؟ ئایا بۆ ئەوەیە وایلێبکرێت ئاسانتر و باشتر بەکاربهێندرێت، یان لە ئیسلام دابڕاوین و چیتر نامانەوێت زمانە کۆنەکە بەکاربهێنینەوە؟

### ■ ئەو بنەما گرنگەی گوتاری ئایینی لەسەر نوێدەکرێتەوە

نوێکردنــەوەی هەر گوتارێك پێویســتی بە بنەمایەك هەیە بۆ ئەوەی بەرنامەی لەسەر دابنرێت و کاری جددی لەسەر بکرێت، لە فیکری حەســەن حەنەفیدا ئەو بنەمایە بریتییە لە دۆزینەوەی (پەیوەندییەکی جیاکاری لە نێوان شــێوەی زاراوەکە و ماناکەی)، ئەو جا ئێمە ئەم بنەمایە پەســەندی بکەین، یان رەتی بکەینەوە، نوێکردنەوە لەســەر ئەو بنەمایە دەســت پێدەکات، ئەمەش بەو مانایەی شــێوازی دەربڕین (اللـفـظ) توخمێکی گۆڕاوە و ماناکەی نەگۆڕە، هەروەك پەیوەندی نێوان خودا و جیهان، جیهان دەگۆڕێت، بەڵام خودا ناگۆڕێت، وەك پەیوەندی نێوان خود (النفس) و لاشە، دیارە لاشە دەگۆڕێت، بەڵام خود نەگۆڕە، ئەم دوالیزمەش کە لە زماندا دەردەکەوێت کۆنە، بەڵام تیۆری دیکەش سەبارەت بە زمان هەیە، کە پێڕەوی لەم دوالیزمە ناکات، ئەو تیۆرە وای دەبینێت، کاتێك شــێوازی دەربڕین دەگۆڕێت، ماناکەشــی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، یان کاتێك ماناکەی دەگۆڕێت، شێوازی دەربڕینەکەی فەرز دەبێت، بۆیە بەپێی ئەم میتۆدە پێویستمان بە نوێکردنەوەی دەربڕینە کۆنەکە نییە، یان کاتێك مەبەستەکان (مەقاسد) دەگۆڕێت، ئەوا شێوازی دەربڕین و ماناکەشی دەگۆڕێت.

لە ئێســتادا زانســتی زمانەوانی هاوچەرخیش هەیە، ئەو زمانی دەربڕین و مانا بە زمانێکی کۆن دەزانێت، لە ئێستا زمان بۆتە زمانی ئاماژە و عەلامە، هەر بۆ نموونە جەستە زمانی خۆی هەیە، مریەم زمانــی ئاماژەی بەکارهێناوە، لە قورئانیشدا زمانی ئاماژە زۆر بەکارهاتووە، بۆیە ئەگەر دوالیزمی دەربڕین و مانا پەسەند نەکەین، ناتوانین باس لە نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی بکەین.

لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیســۆر حەنەفــی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی بەپێی بنەماکانی زمانی عەرەبی، ئەو راشــکاوانە دەســت دەخاتە سەر ئەو بنەمایەی کە لە زمانی عەرەبیدا هەموو لایەك لەسەر ئەوە رێککەوتن، بەوەی هەموو دەربڕینێکی وشــە ســێ مانای هەیە کە بریتین لە:

١. تێگەیشــتن لــە مانای وشــە و دۆزینــەوەی مانا: لــەم بنەمایــەدا مانای وشــە گرێدەدرێتەوە بــە بنەچە هەستیارەکەیەوە( الحسی ).

٢. وشەکە بۆچی بەکار دەهێندرێت؟ ئەم بنەمایە دەربڕینی وشــە گرێدەداتەوە بە مانای تازە، ئەمەش وەك فەلسەفە و ئایین و ئایدیۆلۆژیا، کە وشە مانایەکی تازە وەردەگرێت.

٣. مانــای عورفــی و بەکارهێنانــی رۆژانــە: ئەمەش بەکارهێنانی شێوازی دەربڕینی وشەیە لە زمانی رۆژانەی خەڵکدا بەگشتی.

بۆیە بەشــێوەیەکی سروشــتی دەربڕین دەگۆڕێت، لەوانەیە ئــەو مانایەی لێی دەردەهێندرێــت، نەگۆڕێت، یان مانای بەکارهێنــراوی نەگۆڕێــت، بــەڵام عورف و شــێوازی بەکارهێنانی رۆژانە بگۆڕێت، قۆناخی مێژووی دەگۆڕێت، زمانــی عەرەبیش لقێکــی زمانەکانی (ســامی)یە، زۆر لــە زاراوە ئایینی و باوەڕداری و شــەرعییەکان کە لەناو زمانی عەرەبی هەیە، لە زمانەکانی (ئارامی و حەبەشی) یش بوونــی هەیە، هەر بۆیە کاتێك کتێبەکانی بوخاری کە فەرموودەکانی کۆکردۆتەوە دەخوێنینەوە، دەتوانین وشــەی حەبەشــی لە فەرموودەکانی پێغەمبــەر (د.خ) ببینین کە بەکاریهێناون، ئەمەش مانای ئەوەیە لەناو زمانی عەرەبیدا وشــەی بیانی زۆر هەیە، هەر بۆ نموونە، سیرات وشەیەکی لاتینییە، بۆیە کاتێك باسی نوێکردنەوە دەکەین، نوێکردنەوە واتە قبووڵکردنی وشە وەرگیراوەکان.

### ■ چ کاتێــك نوێکردنــەوەی گوتــاری ئایینــی دەبێتە پێویستی؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکە دەورووژێنێت، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە ناچارمان دەکات بیر لە نوێکردنەوە بکەینــەوە؟ لەوانەیە گرنگترین هــۆکار کە وامان لێدەکات لە کۆمەڵگەی ئیســلامیدا بیر لــە نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی بکەینەوە، ئەو زمانە بێت کە مامۆستایانی ئایینی لەســەر مینبەرەکان و بانگخوازە دەعوایــیــەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا قسەی پێدەکەن، لەبەر ئەوەی مامۆستایانی سەر مینبەر و بانگخوازە دەعواییەکان تێکەڵاوی سەردەمی هاوچــەرخ نەبن و وشــەکانی ئەم ســەردەمە هاوچەرخە بەکار نەهێنــن، ئەویش زمانی کۆنە، واتە زمانی (کەلام و عەقائید). حەسەن حەنەفی لە موحازەرەکەیدا دەپرسێت: ئایا ئەو وشــانە کە رۆژانە بەکاری دەهێنین چ کاریگەرییەکی لەســەر ئەقڵمان دەبێت؟ بۆیە دەبێت ئەو وشانە بەپێی ئێستا مانای بۆ بدۆزرێتــەوە، هەر بۆ نموونە: محەمەد ئەرەگۆن ســەبارەت بە گۆڕینی مانای وشە لە زمانی کۆندا دەڵێت: قەتیبە دینوری لە ســەدەی سێیەمی کۆچیدا کتێبی (ادب الکاتب)ی نووســیوە، ئایا لەسەدەی سێی کۆچیدا وشەی (ئەدەب)ی بە چ مانایەك بەکار هێناوە؟ ئەو دەڵێت بەمانای هەموو ئەو زانستانەی کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، وەك زانســتەکانی کیمیا و فیزیا و پزیشــکی و گەردووناسی و ...تاد، بۆیە دەپرســێت: لە ئێستا وشەی (ئەدەب) چی دەگرێتەوە؟ بێگومان تەنها شــیعر و چیرۆك و رۆمان، بۆیە ئەم پرســیارە رووبەڕووی هەموو عەرەب دەکاتەوە و دەڵێت: ئایا دەتوانم ئەو وشەی (ئەدەب)ـەی قەتیبە دینوری کە لە سەدەی ســێی کۆچی بەکارهێناوە، منیش ئێستا بە هەمان مانــای بەکاری بهێنم؟ بێگومــان نەخێر، بۆیە ناچار بووم بگەڕێمەوە وشــەیەکی بۆ دروستبکەم کە ئەو مانایە بدات بەدەستەوە، ئەویش وشەی (الانسان)ـە بە مانای مرۆڤبوون، یان هیومانیزم.

حەسەن حەنەفی باسی هەندێك وشە دەکات کە لە هەردوو کتێبی (الام)ی ئیمام شافعی و (موطأ)ی ئیمامی مالك

■

**لە گوتاری فیقهیدا جیاوازی لە نێوان سوننەتەکان ناکرێت، هەندێک سوننەت لە قورئاندا هاتوون، بیرمەندانی ئیسلامی دەڵێن: ئەمانە راستە و لە قورئاندا هاتوون، بەڵام سوننەتی پێشتری (سنن من قبلنا)ی ژیانی خەڵکن، بۆیە ئەوانە دەکرێت بۆ ئێستا خوێندنەوەی دیکەیان بۆ بکرێت**

■

**سەلەفییەکان جیاوازی لە نێوان سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) وەک مرۆڤێکی ئاسایی و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) وەک پەیامبەر کە وەحی بۆ هاتووە ناکەن، ئەمەش وایکردووە توندوتیژی بەرهەم بهێنن**

■

**هەڵگران و پێڕەوانی گوتاری فیقهی سەلەفی هەموویان بڕوایان بەو جۆرەیە کە فیقهی ئیسلامی جێبەجێکردنی حوکمی خوایە، ئەمە لە کاتێکدا فیقهی ئیسلامی قسەی فوقەهایە و تێگەیشتنی ئەوانە لەو دەقە، یان لەو فەرموودەیە کە لە کتێبەکانی فەرموودە بوونی هەیە و سەلمێندراویشە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) نین**

هەن، لەوانە وشەی کۆیلایەتی (الرق) و دەڵێت: لە هەردوو کتێبەکە بەشێك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلە و بەشـێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەبایا و دەسکەوتنی شەڕ هەیـە، ئەمانە نەك هی خوێندنـەوە نین، بەڵکو مرۆڤ لە ئێستادا شەرم دەکات باسیان بکات، ئەوەشی جێگەی داخ و نیگەرانییە لە کتێبخانەی هەموو مزگەوتەکان و لە جانتای هەر بانگخوازێکدا ئەم دوو کتێبە بوونی هەیە، بەڵام کتێبی (ئەلشیفای ئیبن سینا) بوونی نییە.

## ■ نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی لە نێوان سۆفی و سەلەفیدا

گوتاری ئایینی لە ناو خەڵك بەشـێوەیەکی گشتی بریتییە لە گوتاری سـۆفی کە بریتییە لە ئەحوال و مەقامات، لە سـۆفیگەرایی ئەحوال و مەقامات بریتییە لە قۆناغ، یان پلە، کە ئاماژەیە بۆ پێشـکەوتن، یان هەڵکشـانی رۆحی، ئەمەش بە پشـت بەسـتن بە دەقی قورئانی بەوەی دەبێت بوونی مرۆڤایەتی بەردەوام لە هەڵکشـاندا بێت، ئینجا ئەم هەڵکشـانە هەندێکیـان مۆرکێکی خـودی هەیە کە ئەوە ئەحوالە، هەندێکیشـیان مۆرکی بابەتییانەی هەیە کە پێی دەڵێـن: مەقامات، بۆیە ئەحوال بریتییە لەو پلە خودییانەی هەڵکشـانی رۆحی کە خـۆی لە شـێوازی هەڵچوون و مەعریفی دەبینێتەوە و سـەرەنجام وەك پابەندبوونی مرۆڤ بە چەند بنەمایەکەوە کە مرۆڤ سنووربەند دەکات، ویژدان و بیرکردنەوەی خۆی لەسـەر رێکدەخات، بەڵام مەقامات بریتییە لە پلە بابەتییەکان کە پەیوەندیدارە بە شێوازی ئاکارەوە و پابەندبوونـی مرۆڤە بە چەند بنەمایەوە کە دیاری دەکات مرۆڤ ئاکاری خۆی لە سـەری رێکبخات. لەبەرامبەردا گوتاری سـەلەفی گوتارێکی فیقهییە و هەریەك لەم دوو گوتارە وەك پرۆفیسۆر حەسـەن حەنەفی پۆلێنی کردووە، پشت بە کۆمەڵێك چەمك دەبەستن:

## ■ گوتاری سۆفیگەرایی

پێڕەوانی سـۆفیگەرایی خۆیان وەك (سـەلەفیی سـاڵح) پێناسە دەکەن، لەم پێڕەوەدا مرۆڤ لە خودی خۆیەوە دەست بە چاکسـازی دەکات، بەمەش پێشکەوتنێکی رۆحی تێدا دروسـت دەبێت خودی خۆی پابەنـد دەکات بە کۆمەڵێك بنەماوە بۆ ئەوەی ویژدان و بیرکردنەوەی لەسەر رێکبخات، لەبەرامبـەر مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکیش ئاکاری خۆی لەسەر کۆمەڵێك بنەما رێکدەخات، بۆیە سۆفییەکان بەشی زۆریان وەك خەڵکێکی ئارام و گۆشەگیر و خاوەن رەفتاری جـوان دەردەکەون، بۆ ئەمـەش لە سـۆفیگەرایی چەند بنەمایەك هەیـە وەك (ئارامگرتن، پشتبەسـتن- التوکل- رازیبوون، فەنابوون). پرۆفیسـۆر حەنەفی لە شیکاری بۆ ئەم چەمکانە دەپرسـێت: ئایا دەتوانین شێوازێکی دیکەی گوتار بەرهەمبهێنین؟ هەر بـۆ نموونە کاتێك لە گوتاری سـۆفیگەرایی داوادەکات ئارام بگرین، باشە پرسیار ئەوەیە بۆچی ئارام بگرین، یان بۆچی سـەبر بکەین؟ ئەو دەڵێت: کاتێك لە شەسـتەکانی سـەدەی رابردوو ئێمـە لە زانکۆ بووین خۆپیشـاندانمان دەکرد و دروشـمەکەمان ئەوە بوو: (ئەی جەمال عەبدولناسـر سـەبر حدوودی خۆی هەیە)، (ئوم کەلسـوم)یش گۆرانییەکی هەیە بە ناونیشانی (سەبر حدوودی هەیە)، بۆیە هەندێك جار ناتوانین سـەبر بگرین، ئەگەر سـەبر بگرین، لەوانەیە بارودۆخەکەمان خراپتر بێت، بۆیە ئەگەر پابەندبین بە سەبرگرتنەوە، ئەوە ناتوانین شۆڕش و گۆڕانکاری بکەین، سەبارەت بە چەمکی ( پشت بەستن —التوکل) دیارە لە سـۆفیگەرایی مەبەست (التوکل علی الله)یە، بەڵام ئێسـتا لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەم (التوکل علی الله)یە گۆڕاوە بۆ پشت بەستن بە وڵات و دامەزراوەی دیکە، بۆیە دەپرسێت: ئێمە ئێستا پشت بە کێ ببەستین، بە ئەمریکا، یان دەوڵەتانی دیکە؟ ئەمەش لە ئێسـتادا ئەگەر پیادە بکرێت ئەوا لە ناو دەوڵەتانی عەرەبی پشـت بەستن بە خوا بۆتە پشت بەستن بە هاوکارییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە، لایەنێکـی دیکە کە سـۆفیگەرایی داوای دەکات ئەوەیە مرۆڤ بە (بەشـی خـۆی رازی بێت)، بەڵام ئەم بەشـەی کە مرۆڤ لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەری دەکەوێت، بەشێکی نادادپەروەرانەیە، بۆیە مرۆڤەکان بەردەوام تووڕەن و قەت رازی نابن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم واقیعە بگۆڕین، دەبێت چاکسازی و گۆڕانکاری بکەین بۆ ئەوەی دادپەروەری فەراهەم بکەین، ئەگەر رازی بین، دادپەروەری بوونی نابێت و هەنگاوی بۆ هەڵناگیرێت، چەمکێکی دیکە فەنابوونە، کە دەرچوونە لەم دنیایە و گەیشـتنە بە جیهانی رۆحـی، ئەگەر ئێمە لەم قۆناخە پەنـا بۆ فەنابوون ببەین و لەم جیهان و بارودۆخـە بێئاگا بین چۆن گۆڕانکاریمان پێدەکرێت، چەمکێکی دیکە ترسە (الخوف من الله)، بەڵام لە ئێسـتا ئەوانەی هەڕەشـە لە مرۆڤایەتی دەکەن، لە خوا ناترسـن، تۆ کاتێك ئەم ترسـە دەگوازیتەوە بۆ ئاکار، ترس لە شـتی دیکەش دروست دەبێت، بۆیە لەم قۆناخە هێندەی پێویسـتمان بەوەیە ئازا بیـن بۆ رووبەڕووبوونـەوە، هێندە پێویستمان بە ترس نییە.

لەم چوارچێوەیەدا کاتێك ئەم بارودۆخەی ئێستای وڵاتانی عەرەبی و ئیسـلامی دەبینین کە هەڕەشە و تەحەدییەکان هەڕەشەی مان و نەمان دەکەن، وەك ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردسـتان داعش بەرامبەر هەر تاکێکی کوردستان بە بێ جیاوازی ئایین و نەتەوەوە دەیکات، ئەوا ئەوەی لە گوتاری سۆفیگەریدا هەیە، راستە بەهایەکی بەرزی هەیە، بەڵام ئەم بەها بەرزانە بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆریسـتانی هاوشێوەی داعش نابن کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلام و بە گوتارێکی فقهی سەلەفییەوە ئەو هەموو کارە نائەخلاقی و نامرۆڤانەیە ئەنجامـدەدەن، بۆیە لە کاتـی وادا کۆمەڵگە ناچار دەبێت بـۆ نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی و بەگژداچوونەوەی ئەو تیرۆریستانە هەنگاو بنێت، وا پێویست دەکات سەبر کۆتایی بێت، بەپشـت بەسـتن بەخوا و ئیرادەی گەلی کوردستان

■

**لە کتێبە فیقهییەکاندا بەشێک بۆ تاوانکاری و سنوور (الجنایات والحدود) هەیە، بەپێی ئەم بەشە هەر کەسێک دزی بکات، دەبێت دەستێکی ببرێت، گەر دووبارەی کردەوە دەستەکەی تری، لە سێیەمین جاردا قاچی راستی، لە چوارەم جاردا قاچی چەپی، باشە پرسیار ئەوەیە مرۆڤ کوێی دەمێنێتەوە؟ بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەندێک شت بگۆڕین، وەک: لادەر و کافر (المرتد و الکافر)، یان ئەهلی کتاب و ئەهلی زمە، یان وشەی کەمینە لەبەر ئەوەی ئێستا هاووڵاتیبوون هەیە**

■

**لەسەردەمی ئومەوییەکان، لەبەر ئەوەی لە مەککە و مەدینە زوبیدەکان کەیفیان بە مەعاویە نەدەهات، ئومەوییەکان بڵاویان کردەوە بەوەی گوایە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی ئایین لە شامە و لە هیچ شوێنێک ئایین نەمێنێت، لەشام هەر دەمێنیت، هەروەک چۆن ئێستا (داعش)ـەکانیش وادەڵێن**

چۆن هەتا ئێستا تێکشکێندراون، زیاتر تێکبشکێندرێن و زیاتر لە کوردستان دووربخرێنەوە، لەهەمانکاتدا نابێت بەو واقیعە رازی بین کە ئەوان دەیانەوێت بەسەر مرۆڤایەتی و گەلی کوردستاندا فەرزی بکەن، بۆ ئەمەش نابێت لەم بارودۆخەدا کە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە کەوتۆتە سەر خاک و نەتەوە و گەلەکەمان نائومێد بین و بترسین، بەڵکو پێویستە هەمموو هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لە هەمموو بەرەکانی شەڕ و بەرەی ناوخۆ، بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریستان و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی هەمموومان یەکریز و یەکدەنگ بین و جوامێرانە ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنین. لە ئێستادا گرنگە زانایانی ئیسلامی و مامۆستایانی کۆلێژەکانی شەریعە و بیرمەندانی ئیسلامی لە کوردستان رۆڵێ گەورە بگێڕن و لە هەمانکاتدا ئەرکی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە رێگە نەدات لە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕیندا تۆی توندڕۆیی ئایینی و بەرهەمهێنانی فیکری تیرۆریستی بەردەوامی هەبێت.

### گوتاری سەلەفی فیقهی

بیرمەندی گەورەی عەرەب محەممەد عابد جابری سەبارەت بە شارستانیەتی عەرەبی دەڵێت: شارستانیەتی عەرەب شارستانیەتی فیقهی ئیسلامییە، هەروەها بیرمەندی گەورەی فارس عەبدولکەریم سروش دەڵێت: فیقهی ئیسلامی قسەی فوقەهایە و دوای سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و خەلافەتی راشیدین دروست بووە، واتە بە نزیکەی سەد ساڵێك دوای ئەوەی ئیسلام قۆناغی بونیادنانی ناسنامە تەواو دەکات، ئوممەی ئیسلامی بە تەواوەتی دەردەکەوێت و ئیسلام فراوان دەبێت و شێوازی دەوڵەت، یان ئیمپراتۆریەت وەردەگرێت، بۆیە بۆ رێکخستنی کاری دەوڵەت، یان ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی فوقەهای ئیسلام، فیقهی ئیسلامیان لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت دارشتووە و بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە تەفسیری ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)یان کردووە، کەواتە فیقهی ئیسلامی تێگەیشتنی فوقەهایە، فیقهیش یاسایەکە بەرهەمی تێگەیشتنی خەڵکانی زیاتر لە ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەرە، سەبارەت بەم لایەنە د.محەممەد شەریف سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی لە کوردستان لە وتارێکیدا بۆ گوڵان کە لە ژمارەی ١٠٠٩ی رۆژی ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە، راشکاوانە سەبارەت بەم لایەنە ئاماژەی بەوە کردووە گوتاری سەلەفی، گوتاری فیقهی ئیسلامییە، بەڵام ئیشکالیەتی ئەم فیقهە ئەوەیە کە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن لەسەر قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کاردەکەن، بەڵام سەلەفییەکان لە راستیدا هەندێك فەرمووده دەکەن بە بنەما کە سەلمێندراوە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) نین، بەڵام لە کتێبی فەرموودەکان هەرماون و بەدەق نووسیویەتی: (سەلەفییەکان لەسەر رووکەش دەڕۆن و بە قووڵی دەق تەئویل ناکەن، بۆیە سەلەفی ئەگەر بە مانای پەیڕەوکردنی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بانگەشە بکەن، ئەوا لە باری واقیعیدا لە قورئانیشیان لاداوە و تەنها لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەڕۆن، فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د.خ) کێشەی لەسەر هەیە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٠٠٠ ساڵی خەلافەتی ئوموەوی تا ئێستا، کۆمەڵێك خەڵك هاتوون بۆ بەرژەوەندی سیاسی، پلەی کۆمەڵایەتی، پلەیان لە ناوهۆزی خۆیاندا، کۆمەڵێك فەرموودەیان بە ناوی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دروستکردووە، سەلمێندراویشە ئەوانە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) نین، بەڵام لە کتێبی فەرموودەکان هەرماون و هەتا ئێستاش کاری پێدەکرێت، هەر بۆ نموونە لەسەردەمی ئومەوییەکان، لەبەر ئەوەی لە مەککە و مەدینە زوبیدەکان کەیفیان بە مەعاویە نەدەهات، ئومەوییەکان بڵاویان کردەوە بەوەی گوایە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی ئایین لە شامە و لە هیچ شوێنێك ئایین نەمێنێت، لەشام هەر دەمێنێت، ئێستا (داعش)ەکانیش وادەڵێن. دیارە دوای ٢٠٠-٢٥٠ ساڵ هەستیان بەمە کرد و هەوڵیاندا فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) کۆبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆکراوەتەوە، بەڵام کۆمەڵێك فەرموودەی نادروستی تێکەڵ بووە، بۆیە هەندێك لە فەرموودەکان یەکتری ناگرنەوە و لەگەڵ سەردەمیش ناگونجێن، بەڵام بەداخەوە ئەو فەرموودانە ماون و دەشخوێندرێن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە و ژینگەی بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە ئیسلامدا رەخساندووە). ئەمەش سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی کوردستان رەتیدەکاتەوە، بە هەمان شێوە پرۆفیسۆر حەسەن حەنەفی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی فەلسەفەی میسریش رەتیدەکاتەوە و لە موحازەرەکەیدا دەڵێت: «گوتاری فیقهی سەلەفی لە رێگەی مزگەوتەکانەوە گەورەترین کاریگەری لەسەر تەواوی خەڵك هەیە، لەبەر ئەوەی لە کتێبخانەکانی هەر مزگەوتێك کتێبی ئومی ئیمامی شافعی و موتئەی ئیمامی مالیك بوونی هەیە و هەمموو ئەو شتانەشی ئەمڕۆ تیرۆریستان ئەنجامی دەدەن، لەو کتێبانە بوونی هەیە، هەروەها گوتاری بانگخوازە دەعاوییەکانیش دیسان گوتارێکی فیقهییە، ئەوانیش لە قوژبن و هەندێك شوێندا کە خەڵك کۆدەکەنەوە و بە حیساب بانگخوازی بۆ ئیسلام دەکەن، بەڵام بانگخوازی ئەو فیقهی ئیسلامییە دەکەن، کە بەر لە ١٣٠٠ ساڵ دانراوە، لەو کتێبانەدا بۆ نموونە بەشێکی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلە (الرق) هەیە، من لە ئێستادا ئەسڵەن شەرم دەکەم باسی کۆیلایەتی بکەم، لەو کتێبانە باسی دەسکەوتی شەڕ و کردنی ئافرەت بە جاریە (السبایا و الغنائم)هەیە، بزانن لەسەر ئەم بنەمایە تیرۆریستانی داعش و بۆکۆ حەرام چ تاوانێکی دڕندانەیان ئەنجامداوە و هەمموو ئەوانەشی لەم کۆڕە دانیشتوون دەزانن حوکمی دەسکەوتی شەڕ و

**سەلەفییەکان لەسەر رووکەش دەڕۆن و بە قووڵی دەق تەئویل ناکەن، بۆیە سەلەفی ئەگەر بە مانای پەیڕەوکردنی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بانگەشە بکەن، ئەوا لە باری واقیعیدا قورئانیشیان لاداوە**

**فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کێشەی لەسەر هەیە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٠٠٠ ساڵی خەلافەتی ئوموەوی تا ئێستا، کۆمەڵێك خەڵك هاتوون بۆ بەرژەوەندی سیاسی، پلەی کۆمەڵایەتی، پلەیان لە ناوهۆزی خۆیاندا، کۆمەڵێك فەرموودەیان بە ناوی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دروستکردووە**

**ئەوەی لە گوتاری سۆفیگەریدا هەیە، راستە بەهایەکی بەرزی هەیە، بەڵام ئەم بەها بەرزانە بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی هاوشێوەی داعش نابن کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلام و بە گوتارێکی فقهی سەلەفییەوە ئەو هەمموو کارە نائەخلاقی و نامرۆڤانەیە ئەنجامدەدەن، بۆیە لە کاتی وادا کۆمەڵگە ناچار دەبێت بۆ نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی و بەگژداچوونەوەی ئەو تیرۆریستانە هەنگاو بنێت**

کردنی ئافرەت بە جاریە لەو کتێبانە چۆنە، ئەمە لە کاتێکدا لە ئێستادا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلی شەڕ یاسای نێودەوڵەتی هەیە، دیلی شەڕەکان مافیان هەیە، بەڵام بزانن تیرۆریستان وەك داعش و بۆکۆ حەرام چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەن، لە کتێبە فیقهییەکاندا بەشێك بۆ تاوانکاری و سنوور (الجنايات والحدود) هەیە، بەپێی ئەم بەشە هەر کەسێك دزی بکات، دەبێت دەستێکی ببڕێت، گەر دووبارەی کردەوە دەستەکەی تری، لە سێیەمین جاردا قاچی راستی، لە چوارەم جاردا قاچی چەپی، باشە پرسیار ئەوەیە مرۆڤ کوێی دەمێنێتەوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەندێك شت بگۆڕین، وەك: لادەر و کافر (المرتد و الكافر)، یان ئەهلی کتاب و ئەهلی زمە، یان وشەی کەمینە لەبەر ئەوەی ئێستا هاوولاتیبوون هەیە، هەروەها پۆلێنکردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای رەگەزی (نێر و مێ) لە کاتێکدا لە قورئاندا ئەم پۆلێنکردنە نییە و بە (يا ايها الناس) ئاماژەی پێکراوە، ئەمانەش هەمووی کارەسات و توندوتیژی بەرهەم دەهێنن.»

## ■ ئاستەنگەکانی بەردەم نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی

کاتێك باسی مەترسییەکانی گوتاری سەلەفی دەکەین و لەم گوتارەدا گوتاری ئایینی دەبێتە گوتارێکی سیاسی، ئەوا بنەماکانی سەلەفی لە ناو هەموو حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان و ئەوانەشی کاری بانگخوازی ئیسلامی دەکەن، بوونی هەیە، هەر بۆ نموونە حزبی سیاسیی ئیسلامی بۆ ئەوە سیاسەت دەکات کە بچێتە دەسەڵات و فیقهی ئیسلامی جێبەجێ بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە گوتاری سیاسیی حزبە ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی گشتی گوتارێکی فیقهی سەلەفییە، بە هەمان شێوە بانگخوازە ئیسلامییەکانیش کە بانگخوازی بۆ ئیسلام دەکەن، بانگخوازییان بۆ ئەوەیە ئیسلام حوکمڕانی بکات و ئەوان ئیسلام و سیاسەت لێك جیا ناکەوە. ئەوەی بانگخوازە ئیسلامییەکان بانگەشەی حوکمڕانیی ئیسلامی پێدەکەن، بانگەشەکردنە بۆ جێبەجێکردنی فیقهی ئیسلامی، سەبارەت بەم لایەنەش د.حەسەن موفتی کە پرۆفیسۆری یاریدەرە لە فیقە و فیقهی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدین لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گوڵان کە لە ژمارەی ١٠١٠ ی رۆژی ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بڵاو بۆتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ٩٠٪ی فیکری حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان سەلەفییە و راشکاوانە دەڵێت: «من ترسم لە تیرۆریستانی داعشی دەرەوە نییە کە لەگەڵ پێشمەرگە شەڕ دەکەن، بەڵکو ترسم لەو فیکرەیە کە داعش لە ناو کوردستاندا دروست دەکات». سەرچاوەی ئەم ترسە لەچەند خاڵێکدا چڕدەبێتەوە:

١. هەڵگران و پێڕەوانی گوتاری فیقهی سەلەفی هەموویان بڕوایان بەو جۆرەیە کە فیقهی ئیسلامی جێبەجێکردنی حوکمی خوایە، ئەمە لە کاتێکدا فیقهی ئیسلامی قسەی فوقەهایە و تێگەیشتنی ئەوانە لەو دەقە، یان لەو فەرموودەیە، کە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەندێك فەرموودە کە لە کتێبەکانی فەرموودە بوونی هەیە، سەلمێندراوە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) نین.

٢. لە گوتاری فیقهیدا جیاوازی لە نێوان سوننەتەکان ناکرێت، هەندێك سوننەت لە قورئاندا هاتوون، بیرمەندانی ئیسلامی دەڵێن: ئەمانە راستە و لە قورئاندا هاتوون، بەڵام سوننەتی پێشتری (سنن من قبلنا)ی ژیانی خەڵکن، بۆیە ئەوانە دەکرێت بۆ ئێستا خوێندنەوەی دیکەیان بۆ بکرێت، هەروەها سەبارەت بە سوننەتەکانی پێغەمبەریش (د.خ) ئەوان جیاوازی لە نێوان سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) وەك مرۆڤێکی ئاسایی و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) وەك پەیامبەر کە وەحی بۆ هاتووە ناکەن، ئەمەش وایکردووە توندوتیژی بەرهەم بهێنن.

سەبارەت بەم ئیشکالیەتە پرۆفیسۆر حەسەن حەنەفی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە نوێکردنەوەی گوتاری ئایینیدا ئێمە رووبەڕووی دوو هەڵەی گەورە دەبینەوە، یەکەمیان: بەکارهێنانی زمانی کۆن لە ترسی ئەوەی نەك رۆشنبیری هاوچەرخ جێگەی بگرێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش بزاڤی سەلەفی دروستبووە و زمان و گوتاری تایبەتی خۆی دروستکردووە، ئەم زمان و گوتارەی سەلەفییەکانیش نە پەیوەندی بە ئێستاوە هەیە و نە لەگەڵ رۆشنبیری هاوچەرخیش دەگونجێت. هەڵەی دووەمیش کە لەم پرۆسەیەدا رووبەڕووی دەبینەوە، هاوردەکردنی زمانی نوێکردنەوەیە لە رۆژئاواوە، ئەمەش یان بە ڕێگەی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت، یان بە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە زمانی نوێکردنەوە، یان ئەوەیە بە پیتی لاتینی دەنووسرێت، یان تەعریب کراون، بەڵام نوێکردنەوە لە ژاپۆن دروستکردنی گوتاری نوێیە بە زمانی ژاپۆنی، واتە ئەو گوتارە لەناو ژاپۆن بەرهەم هاتووە و هاوردە نەکراوە، بۆیە ئێمە گۆڕاو و نەگۆڕمان تێکەڵ کردووە و وادەزانین هەموو شتێك نەگۆڕە، ئەمەش واتە هەم وشە و هەم مانا نەگۆڕە، بۆیە هیچ بوارێکمان بۆ جووڵە نەهێشتۆتەوە». بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتە پرۆفیسۆر حەنەفی دەڵێت: «ئێمە لە بەردەم دووڕیانێکین و دەبێت یەك لە ڕێگەکان دەستنیشان بکەین :

یەکەم: میتۆدی ڕێککەوتنی پەیمانی ئاشتی حودەیبیە، هەروەك چۆن پێغەمبەر(د.خ) داوای لە ئیمامی عەلی (خ.ل) کرد بنووسێت لە (لە محەمەد پێغەمبەری خوداوە، بەڵام عەرەبەکانی قوڕەیش وتیان ئێمە قبووڵمان نییە، چونکە ئێمە دان بەودا نانێین و تۆ پێغەمبەری، لە بەرامبەردا پێغەمبەر (د.خ) بە ئیمامی عەلی وت بنووسە (باسمك اللهم)، ئەمەش مانای ئەوەیە پێغەمبەر وشەکەی گۆڕی، بەڵام کاریگەری لەسەر مانا و ناوەرۆك و ئامانجەکە نەبوو.

دووەم: گۆڕانکاری رووکەشی زارەوەکانە وەك ئەوەی خوا لە قورئاندا ئاماژەی پێکردووە (**إن هي إلا أسماء سميتموها أنتم وآباؤكم ما أنزل الله بها من سلطان**).

**پێڕەوانی سۆفیگەرایی خۆیان وەك (سەلەفیی ساڵح) پێناسە دەکەن، لەم پێڕەوەدا مرۆڤ لە خودی خۆیەوە دەست بە چاکسازی دەکات، بەمەش پێشکەوتنێکی رۆحی تێدا دروست دەبێت خودی خۆی پابەند دەکات بە کۆمەڵێك بنەماوە بۆ ئەوەی ویژدان و بیرکردنەوەی لەسەر ڕێکبخات**

**لە ئێستادا گرنگە زانایانی ئیسلامی و مامۆستایانی کۆلێژەکانی شەریعە و بیرمەندانی ئیسلامی لە کوردستان رۆڵێ گەورە بگێڕن و لە هەمانکاتدا ئەرکی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ڕێگەنەدات لە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕیندا تۆی توندڕەوی ئایینی و بەرهەمهێنانی فیکری تیرۆریستی بەردەوامی هەبێت**

**پێویستە هەموو هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لە هەموو بەرەکانی شەڕ و بەرەی ناوخۆ، بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریستان و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی هەمووومان یەکریز و یەکدەنگ بین و جوامێرانە ئەم قۆناخە سەختە تێپەڕێنین**



**ریچارد شایفەر**

**ئوستادی رۆژنامەگەری لە زانکۆی مەکسیکۆ بۆ گوڵان:**

# لە میدیاکاندا باسی داعش و بۆکۆحەرام دەکرێت، بەڵام دەبێت لەچوارچێوەیەکدا بێت قازانجی بۆ تیرۆریستان نەبێت

**پڕۆفیسۆر ریچارد شایفەر پسپۆڕی رۆژنامەگەری و پەیوەندیکردنە لە زانکۆی مەکسیکۆ و تایبەتمەندە لەسەر مەشق و راهێنانی رۆژنامەنووسان و هونەری نووسین و داڕشتنی هەواڵ. بۆ قسەکردن لەسەر ئەرکی رۆژنامەنووسان لە کاتی رووماڵکردنی رووداوەکانی شەڕ و هەواڵەکانی تایبەت بە کردەوە تیرۆریستییەکان و سوودوەرگرتنی تیرۆریستان لە تەکنەلۆژیای زانیاری، ئەم وتووێژەمان لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** هۆکارەکانی گەیاندن و گواستنەوەی زانیاری بوونەتە کاریگەرترین چەکی دەستی تیرۆریستان، کە تەواو ئاشنا و شارەزان بەم هۆکارانە و بەکاریان هێناون بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن رۆژنامەنووسان دەتوانن رێگری بکەن لەوەی راگەیاندن نەبێتە چەکێك بە دەستی تیرۆریستانەوە؟**

- پێموایە ئێوە گریمانەیەك دەکەن، باوەڕیشم وایە لە هەندێ رووەوە راست و دروستن، ئەویش ئەوەیە دەکرێت تیرۆریستان راگەیاندن بەکاربێنن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوان باشترین هاککەر نین و باشترین کەسانێك نین لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا، دەکرێت زۆر باش بن لە بەکارهێنانیدا، بەڵام ئەوان بەردەوام تەکنەلۆژیایەك بەکار دەهێنن کە لە شوێنێکی دیکە پەرەی پێدراوە و لە راستیدا ئەوان ئەو تەکنەلۆژیایە وەردەگرن و بەکاری دەهێننەوە، لەبەرئەوە هەمیشە ئەوان لە حاڵەتێکی لاوازیدان، لەبەر ئەوەی ئەوان دروستکراوی شوێنێکی دیکە بەکاردەهێننەوە، رەنگە بتوانن هاك بکەن، بەڵام ئەوان داهێنەر نین لە زانستی هاککردن و کۆنترۆڵدا. لەبەر ئەوەی ئەوان لەژێر جۆرێك لە چاودێریدان، ئەگەر لە دانیمارك، یان ئەمریکا بڕوانن، دەبینن ئەوا هەمیشە چاودێری شانە تیرۆریستییەکان دەکەن، بەو پێیە ژمارەی رووداوەکان کەمترن بە بەراورد بەوەی دەکرێت روو بدەن، ئەمەش دەرئەنجامی چاودێرییەکی پێشکەوتووی زانیارییەکانە. رەنگە گۆڤارەکەی ئێوەش نیگەران بێت لە ئاست ئەو جۆرە کۆنترۆڵانەدا. بۆیە گرنگە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە چارەسەر بۆ ئەم حاڵەتە بدۆزنەوە و کارێکی باش دەبێت ئەگەر ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی وەك زانکۆی ماسێوشیتد تەکنەلۆژی، یان ستانفۆرد کار لەگەڵ حکومەتدا بکەن بۆ چاودێریکردن و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی پەیوەندیکردنی تیرۆریستان. راستە تیرۆریستان دەتوانن لە مەودای کورتدا هێرش بکەن و پەیام بنێرن، بەڵام لە پەیوەندی بە تەکنەلۆژیای نوێ لە بارێکی لاوازدان.

*** کەسانێکی رادیکاڵ و توندڕەو هەن لە رۆژئاوا کە سوودیان لە ئازادی رادەربڕین وەرگرتووە و زۆرجار خۆپیشاندان دەکەن و وتارێکی وروژێنەر بڵاودەکەنەوە، بواریشیان پێ دەدرێت لەبەر ئەوەی ئەمە کارێکی یاساییە و ئەوانیش ئەم دۆخە لە وڵاتە دیموکراسییە گەشەکردووەکانی رۆژئاوادا ئیستیغلال دەکەن، ئایا چۆن دەکرێت رێگری لەم دیاردەیە بکرێت؟**

- کاری راگەیاندن کەرتی تایبەتە لای ئێمە، بۆیە لە رۆژئاوادا راگەیاندن هەوڵی بەدەستهێنانی داهات دەدات و پشت بە داهاتی بانگەشە بازرگانییەکان دەبەستن، ئەمە بە سەر زۆرێك لە راگەیاندنە تەقلیدییەکاندا جێبەجێ دەبێت. لە پەیوەندی بە ئەنتەرنێتەوە، ئەوا بەرپرسیارێتی تێدا نییە، هەر کەسێك لە ژێرزەمینەکەی خۆی، یان لە شوقەکەی خۆیەوە، یان لە ماڵەکەی خۆیەوە، دەتوانێت ئەو کارە بکات. من حاڵی حازر وانەیەکی تایبەت بە مێژوو دەڵێمەوە، بە زۆری مێژووی ئەمریکایە و پەیوەستە بە هەموارکردنی یەکەمی دەستوورەکەمانەوە

**لە بەکارهێنانی وشەی شەڕ و شەڕی دژ بە تیرۆریزم، ئەوا دەبێت هاوشان بە سەرباز بیر لە رۆژنامەنووس بکەینەوە، راستە ئومێدەکە ئەوەیە لە شوێنێکی سەلامەت بێت و بە شێوەیەکی سەلامەت رۆماڵی هەواڵەکان بکات، بەڵام ئەگەریشی هەیە بکوژرێت**

**ئەگەر بارودۆخەکە زۆر خراپ بوو وەک ئەوەی لە عێراقدا هەیە و ناسەقامگیری هەبوو، ئەوە زیاتر ئەگەری روودانی بەرەو رادیکاڵییەت چوونی لێدەکرێت**

**با لەو خەڵکانە بڕوانین کە لە سایەی سەقامگیریدا ژیان بەسەر دەبەن و وڵاتەکەیان لە ڕەوشێکی ئابووری باشدایە و قوتابخانەکان ڕەوشێکی باش بەڕێدەکەن، لەو وڵاتانە ئەوا ئایدۆلۆژیا ناتوانێت باڵادەست بێت، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە سەقامگیرەکان خەڵکی کاریان هەیە و بەرەو پێشەوە چوونەکان بەرهەمی گۆڕاوی دیکەن**

**لە ڕۆژئاوادا دەستوورێک هەیە کە دەستەبەری ئازادی زانیاری مافی ڕۆژنامەگەری دەکەن و پارێزەر و ڕێکخراوگەلێک هەن تەحەددا دەکەن کاتێک حکومەت، یان سیستمە یاساییەکە هەوڵی کۆنترۆڵکردن دەدەن**

کە پەیوەندی بە رادیکاڵەکانەوە هەیە. لە ساڵی ١٧٧٦ کەسانێکی رادیکاڵ هەبوون و نەیاندەویست باج بدەن، بۆیە جۆرج واشنتۆن سوپای نارد بۆ رووبەڕووبوونەوەیان بۆ ئەوەی باجیان لێ بستێنن، بەڵام دواتر بۆ ئەم حاڵەتە هەمواركردنی یەكەمی دەستوورەكە تێپەڕێندرا كە پەیوەستە بە ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی هەبوونی چەك و ویستیان ئەو ئازادییانە بدەن بە خەڵكانی ئاسایی، ویستیان كار بكەن و بانكیان هەبێت و خوازیاری ئەوە بوون سەقامگیری بێتەئاراوە، بەڵام دەبوو لە رێی دەستوورەوە كارێك بكەن حكومەت ئەو ئازادییانە دەستەبەر بكات، لەبەر ئەوە هەمواركردنی یەكەم دەڵێت: یاسایەك نییە بۆ رۆژنامەگەری، ئەمە دەربڕینێكی زۆر كورتە و تەنها رستەیەكە، دواتر بۆ ماوەی دووسەد ساڵ هەموو كەسێك هەوڵی كۆنترۆڵكردنی راگەیاندنی دا. بەڵام، یان ئەوەتا رۆژنامەگەرییەكی ئازادت هەیە و بوار دەدەیت بە خەڵك ئەوە بڵێن كە دەیانەوێت، - بە دڵنیاییەوە ئازادیی ئەوە نا كە منداڵانیش بابەتە ئیباحییەكان ببینین، یاخود پشتیوانی لە جۆرێك لە ئەشكەنجەدان بكرێت و جۆرێك لە كۆنترۆڵكردنی ئەو شتانە كە هەیە و پەرە بە رق و قین دەدات و ناتوانیت شتێك لەو بابەتە بڵاو بكەیتەوە. من رۆژنامە ئاساییەكان دەخوێنمەوە و شك نابەم دەنگی تیرۆریستانی تێدا دەربڕدرێت، ئەگەر حاڵەتێكی لەم شێوەیەش هەبێت، ئەوا لە وتارێكدا دێت كە وێنەیەكی خراپی تیرۆریست پیشان دەدات، وتار هەن پەیوەستن بە داعش، یان بۆكۆ حەرامەوە. بێگومان لەوێدا دەنگێكیان هەیە، بەڵام هەمیشە لە سیاقێكدا هاتوون كە بە سلبی دەشكێتەوە لەسەر ئەوان. رەنگە لە رۆژئاوادا حاڵەتێك هەبێت كە هەموو شتێك لە ئەنتەرنێتدا بڵاو دەكرێتەوە، ئێمە حاڵەتێكمان هەیە كە زۆرجار بڕیارەكە دەگەڕێنینەوە بۆ خەڵكەكە، بۆ نموونە كاتێك رۆژنامەیەك بانگەشە بۆ دەرمانێكی ساختە دەكات و رایدەگەیەنێت كە لە ماوەی دوو رۆژدا كێشت دادەبەزێنێت، ئەوا ئەگەر خەڵكەكە كڕییان، ئەوا هەڵەی خۆیانە كە باوەڕیان كردووە، بەڵام ئەگەر بتەوێت بزانیت چی لە راگەیاندن روودەدات لە سووریا و عێراق، ئەوا من سەرچاوەیەكی باش نیم بۆ ئەو پرسە.

*** لە ئەمڕۆدا جیهانی ئازاد رووبەڕووی قەیرانێك بۆتەوە كە تیرۆریستان بەرپرسن لە دروستكردنی، ئەم قەیرانەش چەندین كێشەی ئەمنیی ناوخۆیی و دەرەكی لە زۆرێك لە وڵاتاندا دروستكردووە، بە چەشنێك دەبینین كە دەزگای هەواڵگری، یان پۆلیس ناچارن بۆ پاراستنی ئاسایش هەندێ لە تایبەتمەندییەكانی هاووڵاتیان پێشێل بكەن، بۆ نموونە ناچار دەبن بچنە ئەكاوەنت، یان ئیمەیڵ بۆ ئەوەی بزانن چی روودەدات و چاودێرییان بكەن، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن هاوسەنگی لە نێوان ئاسایش و ئازادی تاكەكەسدا دەپارێزرێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەنتەرنێتەوە، سیاسەتەكان پتر پەیوەست بوونە بە كۆنترۆڵكردنی ئەنتەرنێتەوە، لە هەندێ وڵاتدا كۆنترۆڵێكی توندیان هەیە لەسەر ئەنتەرنێت، یاخود بەكارهێنان، یان دەستڕاگەیشتن بە ئەنتەرنێت. بۆ نموونە چین سیستمی ئەنتەرنێتی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەویش بۆ كۆنترۆڵكردنی ئازادەی رادەربڕین و تێڕوانینی دەرەكی لەسەر چین و حكومەتی چین كۆنترۆڵی خۆی هەیە. كەواتە وڵاتان بڕیار دەدەن و ئەو كۆنترۆڵە پیادە بكەن. ئەنتەرنێت لەلایەن ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی- لەلایەن ئەو كەسانەی لە بواری بەرگریدا كاریان دەكرد- داهێنراو و دروستكرا بۆ زانینی پێگەی مەركەزی كە بتوانێت سیستمی پەیوەندیكردن تێكبشكێنێت، بەڵام رەنگە بە رێككەوت بووبێت كە تەواوی سیستمەكە بە نامەركەزی كرا، كەواتە سیستمەكە بە نامەركەزی كرا و لە حاڵەتی میسالیدا و لەلایەن ئەو كەسانەی پشتیوانی بەكارهێنانی ئەنتەرنێت دەكەن، بڕیار نییە كەس كۆنترۆڵی بكات. لەبەر ئەوە پێموا نییە بكرێت هەمان ئیتیكی راگەیاندن بەسەر ئەنتەرنێتدا جێبەجێ بكەن. پێموایە لەسەر ئاستی جیهان پشتیوانییەك هەیە بۆ بەكارهێنانی ئەنتەرنێت و بۆ گواستنەوەی ئازادی زانیاری، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەو كەسانەی رووبەڕووی تیرۆریزم دەبنەوە، یاخود رووبەڕووی بزووتنەوە شۆڕشگێڕی، یان بزووتنەوەی سەربازی و توندوتیژەكان دەبنەوە و پێویستیان بە پارێزگاری لێكردن هەیە، ئەوا بیانوویەكی باش لە ئارادا دەبێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی پلانی تیرۆریستی، یان توندوتیژییەوە، بەتایبەتی پلانی ئەنجامدانی ئەو كردەوانەی كە لە دژی خەڵكانی مەدەنی و خەڵكانی بێتاوانە. من وانە لە بارەی مومارەسەكردنی رۆژنامەگەری دەڵێمەوە، لەبارەی چۆنیەتی وتنی راستی و هاوسەنگ راگرتنی بابەتەكە، لە رێی وەرگرتنی بۆچوونی هەردوولا و بەكارهێنانی سەرچاوەگەلێكی جۆراوجۆر و بابەتی بوون و ئەم ئایدیاڵانە. من پتر نیگەرانم لەبارەی پەیوەندیكارەوە، بە لای كەمەوە لە رۆژئاوادا دەستوورێك هەیە كە دەستەبەری ئازادی زانیاری مافی رۆژنامەگەری دەكەن و پارێزەر و رێكخراوگەلێك هەن تەحەددا دەكەن كاتێك حكومەت، یان سیستمە یاساییەكە هەوڵی كۆنترۆڵكردن دەدەن.

*** ئێمە رووبەڕووی شەڕێكی ئایدۆلۆژی بووینەتەوە، كە نە هەڕەشەی داعش و نە هەڕەشی بۆكۆ حەرام بە**

**شێوازی سەربازی یەکلا ناکرێنەوە، بەڵکو پێویست بە چارەسەری سیاسی دەکات، ئایا لەم شەڕەدا ئەرکی سەرشانی ئێمەی ڕۆژنامەنووسان چی دەبێت؟**

- ئەمە یەکێکە لە گۆڕاوەکان، فۆرمێکی توندە لە ئیسلام، یان مەسیحییەت، هەروەها وەك نازییەکانی ئەڵمانیا کە لە دۆخی برسێتی دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هاتنەئاراوە، کە—وڵاتەکەیان بەهۆی شەڕەوە وێرانکاری و کاولکاری بەسەردا هاتبوو، دواتر دیکتاتۆریەتێکیان دامەزراند. کە لە دوای شەڕ ئاو و خۆراك و خانوویان نەبوو و بەرەو رادیکاڵییەت چوون. ئێوە راست ئاماژە بە ئایدیۆلۆژیایە دەکەن. بەڵام با لەو خەڵکانە بڕوانین کە لە سایەی سەقامگیریدا ژیان بەسەر دەبەن و وڵاتەکەیان لە رەوشێکی ئابووری باشدایە و قوتابخانەکان رەوشێکی باش بەڕێدەکەن، لەو وڵاتانە ئەوا ئایدۆلۆژیا ناتوانێت باڵادەست بێت، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە سەقامگیرەکان خەڵکی کاریان هەیە و بەرەو پێشەوە چوونەکان بەرهەمی گۆڕاوی دیکەن، بەڵام لە وڵاتێکی وەك سووریا کە چەك و بۆمب دەڕژێنە ئەو وڵاتەوە و کوڕێکی ١٦ ساڵان کە نەچۆتە قوتابخانە و هیچ کارێکی نییە، ئەوا ئایدیۆلۆژیایەك تەبەنی دەکات، ئەوجا ئەو ئایدیۆلۆژیەتە هەر شتێك بێ، بە مەرجێك خۆی تیدا بدۆزیتەوە قبووڵی دەکات، لەم چوارچێوەیەدا رەنگە بە رادیکاڵبوونی ئیسلام پەیوەندی بە هەل و مەرجی مێژوییەوە هەبێت، وەك رۆژگاری دوای کۆلۆنیاڵیزم، یان هەر دۆخێکی دیکە، هەر بۆ نموونە ئێمە لە ئەمریکا ئەو کاتە شەڕی ڤێتنام هەبوو، منیش بەرەو رادیکاڵییەت چووم لە پەیوەندی بە بەرهەڵستیکردنی شەڕەکە. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە زۆر خراپ بوو وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە و ناسەقامگیری هەبوو، ئەوە زیاتر ئەگەری روودانی بەرەو رادیکاڵییەت چوونی لێدەکرێت.

*** شەڕی تیرۆریزم شەڕی هەمووانە و هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە راگەیاندن دەتوانێت بەرەنگاری تیرۆریزم ببێتەوە، ئایا لە شەڕی فرەڕەهەندی دژ بە تیرۆریزمدا راگەیاندن دەتوانێت چ رۆڵێك ببینێت؟**

- من مەشق بە رۆژنامەنوسان دەکەم و بە جیهاندا دەگەڕێم و بۆ ماوەی دوو هەفتە سیمینارم پێشکەش کرد لە بارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی راپۆرت و رۆژنامەگەری دیموکراتییانە، بە زۆری لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی ئێمە زۆر بایەخی بەو پرسە دەدا، بەتایبەتی لە سایەی ئیدارەی جۆرج بوش، دیموکراتەکان هەوڵی بە دیموکراتیکردنیان دەدا لە رێی مەشقپێکردنی رۆژنامەنووسانەوە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن. بەڵام لە بەکارهێنانی وشەی شەڕ و شەڕی دژ بە تیرۆریزم، ئەوا دەبێت هاوشان بە سەرباز بیر لە رۆژنامەنووس بکەینەوە، راستە ئومێدەکە ئەوەیە لە شوێنێکی سەلامەت بێت و بە شێوەیەکی سەلامەت رووماڵی هەواڵەکان بکات، بەڵام ئەگەریشی هەیە بکوژرێت، من لە شوێنێکی وەك فیلیپین کارم کردووە و پێموایە لە چەند ساڵێکی پێش ئێستا ٧٠ رۆژنامەنووس کوژران. ئەگەر لە سایتی «Committing to protect journalist» یان «freedom house» پرسیار بکەیت، ئەوا پێتدەڵێن چەند رۆژنامەنووس کوژراون و چەند دەستگیرکراون و چەند ئەشکەنجەدراون، وردەکاری هەموو وڵاتێکی تێدایە. کەواتە بوونە رۆژنامەنووس کارێکی مەترسیدارە، دەکرێت راگەیاندن بەرەنگاری تیرۆریزم ببێتەوە، بەڵام کاتێك رۆژنامەنووسێك —ئافرەت بێت یان پیاو- خۆی دەناسێنێت ئەوا رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. راستە دەبێت راگەیاندنیش لەم شەڕەدا بێت، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کێ ئەمە دەکات و واقیعەکە ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیت کە لەدەستت دێت و راستگۆیانە کارەکەت ئەنجام بدەیت، کاتێك من رۆژنامەنوس بووم و نووسینێکمان لەبارەی رەفتاری ناشایستەی کەسێك بڵاو کردەوە، بووە هۆی تووڕەبوونی پیاوانی ئایینی و کڵێسا ئیشتراککردنی لە رۆژنامەکەی ئێمەدا راگرت. لە گێڕانەوەی ئەم رووداوە مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەمیشە وەك رۆژنامەنووس کۆت و بەند دێتەڕێت، هەروەك ئەوەی لە پاریس روویدا لە دژی چارلی ئەبدۆ. هەر سەبارەت بە پرسی مەشق و راهێنان بە رۆژنامەنووسان وەك ئەزموونی خۆم -لە تورکمانستان- کارێکی باشم کرد، من لەگەڵ ئەو کەسانەدا دانیشتم کە هەواڵنووسییان دەکرد بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان، یاخود لەبارەی چۆنیەتی کوتانی منداڵان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی شێرپەنجەوە، من قسەم لەو بارەیەوە کرد، ئەم کارەم لە ڤێتنام کرد و داوایان کرد چۆن بنووسن لەبارەی کۆمەك و لەبارەی ئایدزەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو وڵاتانە رۆژنامەکانیان تەنها ئەوە دەنووسن کە حکومەت پێیان دەڵێت، بەڵام رۆژنامەنووسەکانیان زۆر زیرەکن و زۆر گەنجن. بۆیە من پێمگوتن گرنگ نییە تۆ لەبارەی شتێکی باشەوە، یان خراپەوە دەنووسیت، مەسەلەکە لە تەکنیکی نووسیندایە، کاتێك بزانیت ئەو تەکنیکە بەکار بهێنێت، ئەوا دەبیتە کەسێکی دادەپەروەر. رەنگە بتوانیت رووبەڕووی دەسەڵاتیش ببیتەوە لە رێی وتنی راستییەوە، هەرچەندە ئەمە جۆرێك لە میسالیەتی تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ گەیاندنی زانیاری بە هاووڵاتیان و سەرچاوەیەکی داهاتیش بۆ رۆژنامەکە دەبێت.

**کارێکی باش دەبێت ئەگەر ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی وەک زانکۆی ماسێوشیتد تەکنەلۆژی، یان ستانفۆرد کار لەگەڵ حکومەتدا بکەن بۆ چاودێریکردن و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی پەیوەندیکردنی تیرۆریستان**

**تیرۆریستان دەتوانن لە مەودای کورتدا هێرش بکەن و پەیام بنێرن، بەڵام لە پەیوەندی بە تەکنەلۆژیای نوێ لە بارێکی لاوازدان**